# گەشتێک بۆ دنیای
# مێژوو و زمان و ئەدەبیاتی لاتین

نووسینی : شێرکۆ هەژار

٢٠١٩

ناوەڕۆک


| | | |
|---|---|---|
| شتێک لە مێژووی زیندووی ڕۆما | .................... | ٥-٨ |
| مێژوونووسیی لاتین پێش لیڤیوس | .................... | ٩-١٥ |
| تیتوس لیڤیوس | .................... | ١٦ |
| تاشەبەردی خیانەت : تارپێیا | .................... | ١٧-١٨ |
| ئیسلاحاتی ئەرزیی ڕۆما | .................... | ١٩-٢١ |
| مێژووی ڕۆما لە ژیانی سۆڤیەت و ڕووسیادا | .................... | ٢٢ |
| زمانی لاتین و، لەدایکبوونی ئەدەبیاتی | .................... | ٢٣-٣١ |
| ناودارانی ئەدەبیاتی لاتین | .................... | ٣٢-٣٦ |
| هۆمێرۆسی لاتینەکان : ڤرجیل و، ئاینییس | .................... | ٣٧-٤٩ |
| " گیۆرگیکا"ی ڤرجیل | .................... | ٥٠-٥٣ |
| " ئێکلۆگا"ی ڤرجیل | .................... | ٥٤-٥٧ |
| شتێک لە ژیننامەی ڤرجیل لە ئایلیوس دۆناتوس | .................... | ٥٨-٦٠ |
| ئۆڤید و، مێتامۆرفۆسەکانی | .................... | ٦١-٦٧ |
| "(ژنە) قارەمانەکان"ی ئۆڤید | .................... | ٦٨-٧٠ |
| ئێپیگرامی هێمن و مارتیالیس | .................... | ٧١-٧٢ |
| کاتوللوس | .................... | ٧٣-٧٥ |

| | | |
|---|---|---|
| له نێوان سافۆ خانمی لێسبۆس و کاتوللوس | .................... | ٧٦-٨٠ |
| نووسینەکانی یولیوس قەیسەری رۆما | .................... | ٨١-٨٢ |
| کیکێرۆ | .................... | ٨٣-٨٥ |
| چەند دێڕ شیعری بەناوبانگی هادریان | .................... | ٨٦-٨٧ |
| ئاینی میترایی لە ئیمپراتۆریی رۆمانیدا | .................... | ٨٨-٨٩ |
| چەند قسەی‌لاتین کە تا رۆژی ئەمڕۆش بەکاردێن | .............. | ٩٠-٩٨ |
| SPQR یانی چی ؟ | .............. | ٩٩-١٠٠ |
| لە دنیای ئێتیمۆلۆجی | .................... | ١٠١-١٠٣ |
| وەسیەتێک | .................... | ١٠٤-١٠٦ |

ئیتالییەکان ٢١ی ئاپریلی هەموو ساڵێک بە رۆژی لەدایکبوونی"رۆما"ی پایتەختیان دەکەنە جێژن، دەڵێن کە لە رۆژێکی وەهای ساڵی٧٥٣ی پێش‌زاین رۆما دامەزراوە . ساڵی ئەو دامەزرانە، پێش بوونیان بە مەسیحی، سەرەتای تەقویمیشیان بووە . ئێمە ئێستا دەڵێین : زاینی یا کۆچی، ئەوان دەیانگوت: A U C، یەکەم پیتەکانی Ab Urbe Condita، بە لاتین واتا: لەوەتای شار دامەزراوە.

ئەفسانەیان دەڵێن : دوو برا بە ناوی" رۆمولوس" و " ریموس" دایانمەزراندووە، بەڵام ئیتر ئەوە ئەفسانەیە، شوێنەواری ئاوەدانیی دوو سەدە پێش ئەو تاریخە لەو شوێنە دۆزراوەتەوە؛ ٢١ی ئاپریلەکەش هەروەتر . قسەی دوو مێژوونووسی گەورەی لاتین لیڤیوس و ڤاررۆ Varro و هی - تریش، وێرای ئەفسانەکان، شتێکی وەها نادەنە دەستەوە کە بە دڵنیایی بە حەقیقەتی " مێژوویی " دابنێین .

کۆڕێکی سەد راوێژکاری یەکەم پادشا، یا- بە مێژوو قسەبکەین : هەرکاتێکی بووە - هەبووە، کە لە چینیدەسترۆیشتووی‌کۆمەڵگە بوون، دەرەبەگ وعەشیرەت و بەرەبابانی‌عەشیرەتان و بنەماڵەی دەسەڵاتدار . ئەوانە هەرکامەیان پێی‌گوتراوە : پاتریکیوس ( ئەوە بۆ تاک، بە کۆ : پاتریکی؛ ئەوە بە رێکەوت لەگەڵ " پاتریارک"ی یونانیدا رێکدێتەوە، بەڵام ئەوانە دوو شتی جیاوازن، تەنیا ریشەی " پاتێر"ەکەیان بە مانای " باوک " یەکە) .

ئێستا کە لە قامووسی لاتیندا سەیری وشەی " پاتریکیوس" بکەیت، دەبینیت مانای لێ‌دەداتەوە : " پاتریشیەن " ( یا شیوەیەکی وەها لە زمانە نوێیەکانی ئەوروپادا)، noble (نەجیب، نەجیبزادە) . نەجیبزادە - لە تاریخێکدا- مرۆڤانی هەم بە مەرکەز و رێز و هەم بە تەمەن گەورەی خۆیان لە ئەنجومەنێکدا کۆکردوونەتەوە کە ناویان ناوە : " سێناتوس رۆمانوس "، واتا پیرانی رۆمایی .

سانوس لە ریشەی زمانە هیندۆ- ئەوروپاییەکاندا بە مانای" پیر"هەبووە، ئەوجا : سێنێکس(لاتین)، سانا ( سانسکریت)، هانا ( ئاڤێستایی)، هێنوس ( یونانی)، سێیان ( ئیرلەندی) هەمووی واتا پیر،

سنیۆر ... " سان"ی کوردیش - بە من - زۆر لەوە دەکات — هەرچەندە تەوفیق وەهبی و ئێدمۆندز لە قاموسەکەیاندا دەڵێن لە "سوڵتان"ـەوەیە!) .

سـێناتوس رۆمانـوس، لە دواییدا، بە تـایبەتی دوای راونانی دوا پادشـا (ی ئێتروسـکی : لوکیوس تارکوینوس سوپەربوس) - و دامەزراندنی" کۆماری رۆما"(رێس پوبلیکا رۆمانا ٥٠٩ پێشزاین)، بوون بە دەسـەڵاتی راستەقینە و، لەجیاتی پادشا دووکەسیان بەجارێک بە جووت "کۆنسول"( واتا: راوێژکار) بە سەرکۆمار بۆ ماوەی ساڵێک هەڵدەبژاردن ( کە هەرکامەیان مافی" ڤیتو"ی لە دژی ئەوەکەی تر هەبوو) و، ئیتر ئەو نـەجیبزادانە خۆیان - لە واقیعدا- هـەمووکارە بوون . دەسـەڵات بەدەست چینی نەجیبزادەکان بوو کە لە رێگای " سێناتوس رۆمانوس"ـەوە حوکمیان دەکرد .

ئەی چینەکانی تری کۆمەڵگە ؟ هەرچی پاتریکیوس نەبوو، پێیدەگوترا : " پلێب" . ئێستا لە هەر قاموسێکی‌لاتیندا سەیر بکەیت دەبینیت دەڵێت : پلێب واتا لە خەڵکی رەمەکی، لە رەشایی خەڵک، نا- پاتریکیوس لە مێژووی رۆمادا . بەڵام وشەکە لە رووی زمانەوە لەچییەوە هاتووە ؟ بە دڵنیایی نـازانین، توێژینەرانێک دەڵێن رەنگە لە " پلێ، پێلێ "وە هاتبێت کە واتا " پڕ، پڕکردن"، مەبەسـت پڕانیی کۆمەڵگە ( بێ لەو کەمە نەجیبزادە مفتەخۆرانە) .

کۆمەڵگە بەگوێرەی توانای ئابووری و بۆ باج چاک رێکخرابوو :

" کۆمیتیا تریبوتا" هەبوو کە زۆر " تریبوس" لە ژێر چـەتریدا بە سـەرۆکایەتیی " کـوراتۆر"ێک وەزعی ئابووری و باجیان هەڵدەسووڕاند و، هەر تریبوسەش بە چەند کۆمیتەی" ڤیکی"(گەڕەک) و پاگی ( دێ ) دابەش دەبوون و، رووی رێکخسـتنی چینایەتی لەو رژێمەدا زۆر لەبەرچاو بوو .

نـەجیبزادە، سەرەتا بـە کەیفی خۆیان بـاجی زۆریان لە پـلێبەکان دەسـتاند و، کە پـلێب دەیانگوت : ئاخر ئەوە زۆرە، پێیاندەگوتن: ئەوە قانوونە رۆڵە، خۆ شاری بێ دەروازە نیە، یاسا و رێسا هەیە!

— ئێ مەگەر یاسا و رێسا کێ دەریدەکات ؟

ــ خۆمان له " سێناتوس رۆمانوس" .

پلێبەکان دیتیان ئەوە جگە لە کەڵەگایی ناوێکی تری نیە، گوتیان :

ــ دە ئێمە ئەو یاسا و رێسایەی ئەو چینەی ئێوە قەبووڵ ناکەین .

ــ ئاخر ئێمە خاوەنی زەوین کە رۆما بە بەروبوومی دەژی و مەسرەفی لەشکر و ئیدارە دەکێشین و ... ئێوە چین ؟

بەڵام گاڵتەکە وا بە هاسانی بۆ نەجیبزادان نەچووە سەر، ئا لێرەدا بوو کە پلێبەکان بە نەجیبزادە- کانیان گوت : دە باشە، وا ئێمە "رۆما"تان بۆ بەجێدەهێڵین، دەڕۆین، مادام ئێوە منەتتان بە خاوەن پیشەکان و دووکاندار و جووتیار و کرێکار و– رەنگە بۆ ئەوان لەهەمووشی گرنگتر– سەربازان نیە، هەر زەویی خۆتان لا گرنگە، ئێمە کە دەڕۆین خۆ زەوییەکە لەگەڵ خۆمان نابەین، بۆخۆتان تێر لە زەوییەکەتان بخۆن، چ پێویستیتان بە ئێمەمانان هەیە ؟ هیچ!

هەرچی خاوەنپیشە بوو، جووتیار و کرێکار و کاسبی ناو بازاڕ یا سەرباز بوو، بە خڕی و پڕی بە رۆمایان گوت : خوداحافیز رۆما، ئەوا ئێمە رۆیشتین و، رۆیشتن. ئەوە رێک لەوکاتەدا بوو کە سێناتوسڕۆمانوس فەرمانی دابوو بە سەربازان کە بچنە شەڕیکی قەومێکی هاوسێوە، سەربازیش لەجیاتی بەجێهێنانی فەرمان، رەگەڵ کۆچەران کەوتن و چوون لە نیزیکی شار دایانکوتا و،هەموو گوتیان ئێمە لێرەوە سەرلەنوێ ژیانێکی نوێی باشتر دەستپێدەکەین . ئەوە ساڵی٤٩٤ی پێش‌زاین بوو.(بڕوانە ئەو رەسمەی لە لاپەڕە ١٠دا، کە خەیاڵی کەسێک سەدەی نۆزدە بۆ ئەو دەرچوونەی پلێبەکانی کێشاوە) .

نەجیبزادە واقە واقیان تێکەوت :

ــ ئێمە کردمان ئێوە مەیکەن، وەرنەوە با رێکبکەوین!

ــ بەڵێ ئەگەر رێکبکەوین دێینەوە، بەڵام رێکبکەوین یانی چی ؟

یانی قانوونەکان بگۆڕین .

ئیتر پلێبەکان هاتنەوە و، بە قانوونێک " تریبونوس پلێبیس"(مینبەری خەڵک)دامەزرا، بوو بە دوو و دواتر پتریش بوون، کە لەلایەکەوە وەکو ساندیکای خاوەنپیشەکان بوون و، لەلایەکی ترەوە - بەهۆی مافی سیاسیی کە بە قانوون هەیانبوون – بەشێک بوون لە رژیم . لەدواییدا هەردوو چین لە یەک چینی نوێدا توانەوە، بوون بە " نۆبیتیمالەکان" . ئێستا لەبەرانبەر نۆبیتیمالەکاندا : " پرۆلیتارەکان " هەبوون .

ئێستاش کەئێستایە، بناغەکانی رژێمی ئەوانە لەکاردان، بە هەمان زاراوەکانیان: سێنات، مەجلیسی نوێنەرانی گەل لەبەرانبەردا، کۆنسول، ڤیتۆ و ... ئیدی بەڵام ئەوەی لە هەمووی پتر سەرنجی من رادەکێشێت، ئەو بەتەواوی نقوم بوونەی" مارکس"و" ئێنگڵس"ـە لەو مێژووەی رۆمادا : زۆرانێی چینەکان و پرۆلیتاریا و دەوریدیکتاتۆری. من لام وایە ئەو دوو گەورەپیاوە رەنگە پتر لە رۆمای کۆندا ژیابن تاوەکو لە سەردەمی خۆیاندا... ناهەقیشیان نەبووە، دۆخی "سایکۆلۆجی"ی موحیتەکە، بە هۆی چەوساندنەوەی چینایەتییەوە، لە سەردەمی ئەواندا، وەها بووە کە شیکردنەوەی هەموو زانستێک، بە " زانستی ئابووری"یشەوە، هەر لەو دۆخەدا نقوم بووە .



دەرچوونی پلێبەکان لە رۆما ٤٩٤ پێشزاین

سەرەتا : ئاگادارییەک لە یونان

چەند زمانی ئەوروپایی شێوەیەکی وشەی "history" لە لاتین بۆ" مێژوو" بەکاردەهێنن، کە بە ئەسڵ یونانییە (وشەی"story = چیرۆک"ی ئینگلیسیش لەوەوە هاتووە ).

کۆنترین مێژوونووس( و جوغرافیانووس) لە ئەدەبیاتی یونانیدا، لە سەردەمی خۆیاندا بە ناوی " لۆگۆگراف" واتا : " وشەنووس" ناسراون، کەواتە بە مێژوو نووسین گوتراوە : وشەنووسین .

چەند شتێکی کەم لەوانە، لە " هێکاتایۆس " ناوێک ( دەوری٥٥٠-٤٧٦ پێشزاین) ماوەتەوە کە هێرۆدۆتوس (سەدەی پێنجی پێشزاین) باسی دەکات . رەنگە جاری یەکەم لە رۆمای سەردەمی " کیکێرۆ"(١٠٦-٤٣ پێشزاین) بوو بێت، وەک کە لە کتێبی"De Legibus"(لەبارەی قانوونان)ی " کیکێرۆ"دا دەبینین کە بە هێرۆدۆتوس گوتراوە : pater historiae باوکی مێژوو، کە ئینگلیس لای خۆیانەوە کردوویانە بە باوکی " مێژووان " . ئایا ئینگلیس بە هەڵە وا لە تاکەوە کردوویانە بە کۆ، یا وەرگێرانی ئەسڵە یونانییەکان وەها دیتووە ؟ چونکە لە لاتینەکەدا historiae یا تاکی ئیزافەیە، یا کۆی دۆخی یەکەمە، دە لێرەدا تاکی ئیزافەیە ( کۆی ئیزافە دەبێت بەHistoriarum).

کیکێرۆ، وێرای زۆر پێهەڵگوتنیش هەر رەخنەی ئەوەی لە هێرۆدوتوس گرتووە کە زۆر قسە و چیرۆکی دەرەوەی مێژووی تێکەڵ بە مێژوو کردووە :

et apud Herodotum patrem historiae (...) sunt innumerabiles fabulae

بە حەرفی : و لە هێرۆدۆتوسی باوکی مێژوودا (...) " فابولا "ی بێژمار هەن .

فابولای لاتین ( لە ئینگلیسیدا بووە بە fable) لە کرداری fari واتە " گوتن" هاتووە، بە حەرفی دەبێتە " گوتراو"، بەڵام بە زاراوە زۆرتر بۆ : " پەند" بە مانای شتێکی کە ژیرانە بۆ لێفێربوون گوتراوە، بەڵام بۆ هەر گێرانەوەیەک، قسەیەک، باسێکیش گوتراوە .

" هیستۆریی"ی یونانی بۆ مێژوو لە چییەوە هاتووە ؟ لە ریشەی" وێید"= دیتن، وید- تۆر= بینەر،

ئەوە بووە بە " هیستۆر" = پیاوی ژیری کە شتان دەبینێت . ئەوە بەوە گەیشتووە کە هێرۆدۆتوس وەریگرتووە و بەکاری‌هێناوە : لێکۆڵینەوە( کاری ژیرانە) بۆ دیتنی حەقیقەت، راپۆرتی نەتیجەی لێکۆڵینەوە . هێرۆدۆتوس چووەتە میسر تاکو " مێژوو" تۆمار بکات = لە حەقیقەت بکۆڵێتەوە بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی میسر . بە هەمان شێوە ویستوویە لە نێوانی فارس و یونانییەکان بکۆڵێتەوە و راپۆرتی نەتیجەی کارەکەی تۆمار بکات : مێژووەکەی .

هێرۆدۆتوس ( دەوری ٤٨٤-٤٢٥ پێش‌زاین)، کاری خوداکانیشی خستووەتە مێژووەکەیەوە و، کۆڵێک قسەی‌سەیروسەمەرەشی تێکەڵ بە زۆر لە حەقیقەتی‌مێژوو کردووە . بەڵام" تاوکودیدەس" ی یونانی (دەوری٤٦٠-٤٠٠پێش‌زاین، بە لاتینەکەی : توکیدیدەس)، کە خۆی لە شەڕانێکی نێوان ئاتێنا و سپارتادا(٤٣١-٤٠٤) بەشداربووە و، لەسەر خەتایەکی لە شەڕدا ( کارێکی پێ‌سپێردراوە و نەیکردووە) دوورخراوەتەوە، لە دوورخرانەوەکەیدا بریاری داوە ئەوەی کە لەو شەڕەی دیتووە بینووسێت و، وەکو " هێرۆدۆتوس" خودایان تێکەڵی کار نەکات، مرۆڤەکان چییان‌کردووە، وەک هەبوون باس بکات، ئیتر کتێبێکی نووسیوە کە زۆر بەناوبانگ بووە : شەڕی پێلۆپۆنیسسۆسی (پێلۆپۆنێسسۆس بەشی باشووری یونان، مەڵبەندی دەوڵەت و پایتەختی ئێسپارتا (سپارتا) ) .

لە رۆما، دەکرێت بڵێین لە دەوروبەری ساڵی دووسەدی پێش زاینەوە، ئەوجا " مێژوونووسین"ی لاتین دەست پێ‌دەکات .

سەرەتای مێژوونووسیی لاتینەکان جارێ هەر بە زمانی یونانی

" کاتۆ"( یەکەم مێژوونووسی رۆمانی بە زمانی لاتین، دەوری٢٣٤- ١٤٩پێش‌زاین)، سیناتۆر و کۆنسول و سێنسۆر و زۆر شت بوو و، زۆر خزمەتی رۆمای کرد، هەرچەندە کە " ژیر"یش یەکێک لە نازناوەکانی بوو، بەڵام ئێجگار زۆر محافەزەکار بوو و، زۆر لە لاساکردنەوەی فەرهەنگی یونان دەترسا، لە نووسینیدا- بەنموونە- باسی جێژنی‌ساڵانەی باخوس(خودای شەراب)

دەکات کە چۆن لە یـونانییەکانەوە هـاتووەتە رۆما و، بە تـوندی مەحکوومی دەکات ( کە جێژنەکە Bacchanalia سێ رۆژ بـووە، دەسـتەیەک بە نـهێنی بۆ خـواردنەوە و کـەیف، بە جنسیشـەوە، چوونەتە لێرێکی دوور لە خـەڵک و، بە پۆشـینی کەوڵی سـەیر و ماسـک یا بە رووتـی ... ئیدی رایانبواردووە، کە ژن تێدا دەوری گرنگیان هەبووە، رەنگە سەرەتا هەر ژنێک دەستی پێکردبێت و رابەریی کردبێت) . وشـەکانی " کاتۆ" بۆ مەحکووم کردنی ئەوانە، قسەی هێندێک لە مەلاکانی ئێمە وەبیردەهێننەوە . دیارە خەڵکێکیش هەبوون گوتوویانە : ئێ خەڵک خۆی بە ئـازادیی خـۆی ئـاهەنگی جێژنێکی خۆی دەگێرێت، بە جیا و دوور لە خـەڵکی تـر، لە دارسـتانێکدا، ئیتر ئەوە چ زیانی لە کێ داوە ؟ ـ ئێستا ئەو جێژنە لە هۆڵەندا زیندوو کراوەتەوە! ) .

کەسێکی یـونانی هەر لەو سـەروبەندەدا، بە ناوی پۆلیبیۆس ( دەوری ٢٠٠-١١٨ پێش‌زاین)، کە بە کۆیلە دەگیـرێت، دوایـی لە رۆمـا دەبێتە مێـژوونـووس و هـەر بە یـونـانییەکەی خـۆی مێـژووی رۆمانییەکان دەنووسێت .

دەکرێت لێرەدا بۆ کۆنترین سەرچاوەی نووسراوی"مێژوو"ی‌لاتینەکان، بەڵام- وەکو" پۆلیبیوس"- ـەکە ـ هێشـتا هەر بە زمانی یـونانی، ئـاماژە بە ئەم کارەی کاهینەکانیـش بکەین کە تـەئسیری بە سەر زمان و فەرهەنگی ئەورووپای دوای خۆیشیدا هەبووە :

ئاننالیستەکان :

" پۆنتیفیکێس"(کاهینان، بە تاک : پۆنتیفێکس)، بۆ دیارکردنی سەری مانگ، دەچوونە سەرگردی کاپیتول لە رۆما و سەیری مانگی ئاسمانیان دەکرد . لە مانگەکانیش، دیارە یەکەم مانگی‌ساڵ زۆر گـرنگ بوو، یـەکـەم رۆژی ئـەو مانگە دەبووە یـەکەم رۆژی سـاڵێکی نـوێـش، کە کـاهینان لێرەدا وێرای راگەیاندنی دەستپێکردنی ساڵ، لیستێکیشیان دەکرد، تێدا رۆژە پیرۆزەکانیان دیار دەکـرد و رۆژە خراپەکانیش!

ئـەوە قسەیەکی‌خۆشی هەزارم وەبیردەهێنێتەوە: جارێک کەسێک هاتە لای، دەردی دڵی لە شتێکی

نێوان خۆی‌و هێدی(خالید ئاغای حسامی) کرد، دڵی لە شتێک ڕەنجابوو و دەیویست هەژار هەقی بداتێت، بڵێت هەقتە و گلەیی لە هێدی بکات . هەژار گوتی : خەتای خۆتە، ئەتۆ لە " ڕۆژی نەحس"یدا چوویتە لای، هەر باشە نەیکوشتووی! دەبوو لە " ڕۆژی سەعد"یدا چووبایە لای، ئەودەم خەڵاتی دەکردی! خالیدئاغا ڕۆژی سەعد و ڕۆژی نەحسی هەن ( وەک " یوم النعیم" و " یوم البؤس"ی" النعمان بن المنذر") .

ئەم کاهینانەش بڕیاریان دەدا چ ڕۆژانێک لە ساڵدا بە چاک دابنرانایە ( dies fasti) و چییان تێدا بکرایە و چ ڕۆژانێک بە شووم ( dies nefasti) تا حیسابیان بۆ بکرایە ( تەنانەت بۆ کاری داوەری و زۆر شت، بە نموونە : دادگاکان لەو ڕۆژانەی شوومدا دادەخران) . ڕاگەیاندنی ئەوە واتە : " کالێندەر"ی ئەوە ." کێلێ" لە ڕیشەی زمانە هیندۆ- ئەوروپاییەکاندا واتە : "هاوارکردن"، کەواتە : ڕاگەیاندن کە : هۆوو خەڵکینە ئەمە وەهایە .

وشەی " کلیسا " لە " ئێککلێسیا "ی یونانی، لە ئێک( بە ئینگلیسی : out) + کلێسیا لە کالێیۆ ( بە ئینگلیسی : Call، بانگکردن to call out)، شوێنێک کە بڕیارە ڕەسمییەکان تێدا بۆ خەڵک ڕاگەیەندراون .

ـ بەڵام بۆ ئاگاداری: " کەنیشت، کنێسێت"ێ عیبرانی شتێکی ترە، لە " کنس"ـەوە هاتووە، واتە : کۆکردنەوە؛ کنێسێت = شوێنی کۆبوونەوە، کەواتە : " کنیسە" و" کلیسا" لە ڕووی زمانەوە فریان بە سەریەکترەوە نیە) .

کلیسای مەسیحییش دواتر دەقی ئەو فەرهەنگەی پێش خۆی وەرگرت و بە لیستی ناوی پیاوە پیرۆزەکانی و ڕۆژی لەدایکبوون یا مردن یا فلآنە شتیانی تێدا تۆماردەکرد تاکو لە کاتی خۆیاندا بۆ یادکردنەوە لە بیرنەچن و، بەومیان هەر دەگوت : کالێندەر، ئێستا بە ئینگلیسی و چەند زمانی تر کالێندەر= تەقویم، ساڵنامە . بەڵام ئەوسا، چالاکییەکە کالێندەر بوو، ئەو لیستەی کە دەیانکرد : " ئاننالەس" بوو( لە وشەی annus ئاننوس = ساڵ )، ئەوە ئێستا بە ئینگلیسی بووە بە annals

واتا :  لیستی زنجیرەی ڕووداوانی ساڵ بە ساڵ، لە لاتینەکە وەرگیراوە : annales maximus سالنامەی کە بەشێوەی دوایینی لەلایەن گەورەترین (maximus) ی کاهینان ئیمزاکراوە .

ئەو لیستانە، کە زۆر شتی مێژووی ئەو سەردەمەیان تێدا دەدۆزینەوە، ئەگەر بە نووسەرەکانیان بڵێین " ئانالیست "، ئەوانە لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠ی پێشزاینەوە بە کەرستەی ئاگاداری لە مێژوو، کەڵکیان لێ دیتراوە .

## یەکەم مێژوونووسی  بە زمانی لاتین

### کاتۆ

کاتۆ ( دەوری ٢٣٤-١٤٩ پێشزاین) : وادیارە دوای شەڕی دووەمی پوونی (فینیقی) ٢١٨-٢٠٢، یەکەم کتێبی مێژووی بە زمانی لاتین بەناوی Origines نووسیوە، بەتەواوی نەماوەتەوە بەڵام لە حەوت کتێبی کە ئاماژەیان پێ هەن، تۆمارکردنی "خوتبە"یان بە باشی تێدا دیارە، کە دەڵێن بە ئەمانەت وەک هەبوون تۆماری کردوون، لە کاتێکدا کە کەسانێکی دوای ئەو لە خۆیانەوە زۆر خوتبەیان دەستکاری کردوون .

### نووسینەکانی یولیوس قەیسەری رۆما

کاتێک فەرماندەیەکی سەربازیی رۆما دەچووە شەڕێک و دەهاتەوە، دەبوو راپۆرتێک بداتە سێناتوس ( پەرلەمان )، تێدا بنووسێت شەڕەکە ( یا شەڕەکان) چۆن و لە کوێ بووە و، ئەو چیی کردووە و، نەتیجەکانی چی بوون و هەرشتێکی کە پێوەندیی پێوە هەبووە، بە دوور و درێژی، کە بەو راپۆرتە گوتراوە :

کۆمێنتاریی commentarii( بە کۆ)، بە تاک : " کۆمێنتاری  commentari"

وشەکە لە cum ی لاتین = لەگەڵ، وێرای، بە؛  "men" ی ریشەی هیندۆ- ئەورووپاییەوە هاتووە، واتە : " بیر، بیرکردنەوە، بە بیردا هاتن" ( لە گاتاکانی زەردەشت : هو مەن = بیری چاک) .

ئیدی هەرچیی بەبیردا هاتووە، بیرەوەریی بوون و لێکدانەوە و شیکردنەوەی بە بیردا هاتووە پێی-گوتراوە کۆمێنتاری . ئەوە نووسینی هەر باسێک و" داهێنان"ی هەر شتێکی نوێشی گرتووەتەوە و چەند شێوەی وەخۆ گرتووە، لەوە : دەفتەری بیرەوەرییەکان یا تێبینییەکان : کۆمێنتاریوم و، هەر بە مانای تەفسیریش ( من بیرم وەها بۆ دەچێت) ... ئیدی .

ئەو کۆمێنتارییە، هەمیشە بە مەبەستی سیاسی، زێدە جوان دەرازێندرایەوە و، دەبووە کارتێکی پڕۆپاگەندە و ناو کێشەوەهەرای لایەنانی دەسەڵاتیش، ئەوجا چەندە بەڕاستی نووسینی فەرماندەکە خۆی بووە و، چەندە چۆن " پارمەتیدراوە "، ئەویش باسێکە . بەناوبانگترین کاری نووسینی یولیوس قەیسەر، کە زۆرترینی مابێتەوە، بریتیە لە " کۆمێنتاریی لەبارەی شەڕی گالیاوە " :

Commentarii de Bello Gallico

bellum = شەڕ، Gallico = هی گالیا ( فەرەنسا و بەلجیکا و بەشێک لە سویسرا و لە هۆڵەندا و لە ئەڵمانیا)، کە حەوت بەرگە .

کۆمێنتارییەکی تری لە بارەی شەڕی نێوان خۆی و پۆمپییوس ٤٨ و ٤٩ی پێشزاین :

Commentarii de Bello Civili

کۆمێنتاریی شەڕی ئەهلی، کە سێ بەرگە .

لە نووسینی خەڵکی ترەوە تێدەگەین کە کتێبی تر و شیعریشی هەبوون و، لەناوچوون .

وەرگێرانی حەرفیی چەند دێڕێک لە بەرگی شەشەمی ئەو کۆمێنتارییەی لەبارەی شەڕی گالیاوە :

In Omni Gallia eorum hominum, qui aliquo sunt
numero atque honore, genera sunt duo, ...

لە هەموو گالیا، لەو مرۆڤانەی کە لە رووی ژمارە و گرنگییەوە، قیمەتێکیان هەبێت، دوو جۆر هەن : چونکە گەل نیزیکەی هەر بە کۆیلە سەیردەکرێت، گەل ناوێرێت هیچ بڵێت و هەقی نیە

دەم لە باسی هیچ سیاسەتێک وەربدات . کاتێک کەسێک لە گەڵ دەکەوێتە ژێر باری قەرز، یا کێشەی باجی دەوڵەت، کە ئەویش لە زوڵمی کاربەدەستانەوە دێت و، دەکەوێتە تەنگانەوە، خۆی بە نەجیبزادان دەفرۆشێت و، نەجیبزادە ئیدی هەمان مافیان لە ئاستیدا دەبێت کە لە ئاست کۆیلەکانیاندا هەیانە . بەڵام ئەو دوو جۆرە (ی کە باسکران) بریتین لە : پلێبەکان (چینی ناوەند و خاوەن پیشە) و نەجیبزادەکان، کە سوارەی نەجیبیش - وەکو رۆما – بەشێکن لەو چینی نەجیبزادانە، بەڵام درویدەکانیش( پیاوانی ئاینی- کێڵتی) . ئەوجا ئەم درویدانە وەنەبێت هەر مانایەکی ئاینییان هەبێت، ئەوانە حوکمی دادگا دەکەن و مەرکەزێکی زۆریان هەیە .

سالوستیوس کریسپوس ٨٦-٣٤پێشزاین

لە سەرچاوە عارەبییەکاندا بە " سالوست" ناوبراوە . لایەنگری " یولیوس قەیسەر" بووە لە دژی " پۆمپێیوس" و، یولیوس قەیسەر کردوویە بە حاکمی" ئافریکا نۆڤا "( زۆرتر هەر تونس) . دوو کتێبی مێژووی شەڕی نووسیون ( شەڕی یوگورتا و شەڕی کاتیلینا) .

کۆرنێلیوس نێپۆس ١١٠-٢٤ پێشزاین

نێپۆس، شازدە کتێبی نووسیون : De viris illustribus ( پیاوانی بەناونگ) کە شتێکی ئەوتۆیان لێ نەماوەتەوە . ئەویش وەکو" کاتو "،" کرۆنیکا"یەکی نووسیوە کە ویستوویە مێژووی دنیای تێدا خولاسە بکاتەوە، ئەویش شتێکی لێ بەدەستەوە نەماوە .

ئەوجا گەورەترین مێژوونووسی لاتین دێت، یەکەمی کە بەشێکی باشی نووسینیمان بۆ ماوەتەوە : تیتوس لیڤیوس .

تیتوس لیڤیوس ٥٩ یا ٦٠پێشزاین - ١٧زاینی، ئینگلیس هەر پێیدەڵێن لیڤی، لە شوێنێکی نیزیکی ڤینیس لەدایکبووە و، وادیارە زۆرتری ژیانی لە رۆما بووە . هەرچەندە نەیشاردووەتەوە کە ئەو لە لایەنگرانی کۆمار بووە ( نەک قەیسەر و ئیمپراتۆری)، بەڵام ئاوگوستوس - وێرای ئەوەش- خۆشیویستووە و نیزیکیکردووەتەوە، چونکە زۆرشتی لە بەرهەمیدا دیتوون کە لەگەڵ دروشمە- کانی ئەودا رێکهاتوونەوە : گەڕانەوە بۆ رۆژانی درەخشانی نەتەوە و رەوشتە بەرزەکانی... لەو قسانە .

پێشتر، باسی ئەوەمان کرد کە ئیتالی ٢١ی ئاپریلی ٧٥٣ پێشزاین بە رۆژی دامەزرانی شاری رۆما دادەنێن و، ئەو تاریخە پێش بوونە مەسیحیی وڵات بە سەرەتای تەقویم دانراوە و، لە پاڵیدا نووسیویانە : AUB، یەکەم پیتەکانی : Ab Urbe Condita لەوەتای شار دامەزراوە . لیڤیوس کتێبی مێژووی بەو ناوە داناوە، بەڵام بە شێوەی نووسینێک U یەکەی بە V نووسیوە و بووە بە : Ab Vrbe Condita و لە ئاماژەپێکردنیدا وادەبێت بە .A.V.C کورتدەکرێتەوە . ١٤٢بەرگ بووە، کە هەر ٣٥یان لێ ماونەتەوە و ئەوانی تر لەناوچوون، بەڵام لە خولاسەکردنەوەی تێکڕای کارەکەی کە وەدەستهاتووە ئاگادارییەکمان لە بەشەکانی تریشی بۆ وەدەستدێت، ئەوەیە کە وادەبێت شتێک لەبارەی ناوەڕۆکی هەموو بەرگەکانی تریش لە سەرچاوەکاندا دەبینین .

کتێب مێژووی لاتینەکان لە هاتنی (ئەفسانەیی) ئاینێیاسەوە تاکو ساڵی ٩ی پێشزاین باس دەکات . بەرگەکان هەر پێنجیان یا دەیان پێکەوە بڵاوبوونەوە، زمانی یەکەم بەرگەکانی زۆر زەحمەتە، سێیەم دە بەرگەکانی ٢١-٣٠ لە رووی زمانەوە لەوانی تری بە " لاتینی ئاسایێتر" دادەنرێن و، باسی " حنبعل"ی فینیقی و پەڕینەوەی بە فیلەکانی لە چیاکانی ئالپەوەش لەوێدا هەیە کە بۆ خوێند- نەوەیان خۆشتر دەکەن. هەرچەندە ئەفسانەش لە باسەکانیدا کەم نین، بەڵام دیسانهەر زانیارییەکی زۆری مێژووییشمان لێ وەدەست دەکەوێت .

ئەو شوێنەی لەو وێنەیەی لاپەڕەی دوای ئەمەدا، لە ڕۆمای ئیتالیایە، لێرەدا وەک گردێک دێتە بەرچاو، تاشە بەردێکە، ئێستا هەر شوێنێکی سیاحەتگەرییە، بەڵام لە رابردوودا خیانەتکارانی زۆری لێوە هەڵدێرراونە خوارەوە، ئیتر وادەبێت هەر پێیدەڵێن " تاشەبەردی خیانەت". چیرۆکە-کەی لە ئەدەبیاتی لاتیندا بەمجۆرەیە :

کاتێک پادشای سابینەکان فەرمانی دا کە هێرش بکەنە سەر رۆما . بەڵام شووورە و دەروازە و قەڵاکانی رۆما زۆر لەوە بەهێزتر بوون کە سەربازانی سابینەکان بیانتوانییا هیچیان لەگەڵدا بۆ بکرایە . ئەوەبوو، بە نهێنی پێوەندییان بە کچی فەرماندەیەکی قەڵایەکی لای دەروازەیەک لە دەروازەکانی رۆما کرد و، لەگەڵیدا رێککەوتن کە شەو دەروازەیان بۆ بکاتەوە و، ئەوانیش لە بەرانبەردا، هەرچی لە دەستی چەپیاندا هەبوو هەمووی بدەنێ : ئەنگوستیلە و تەوقی وەک بازنە و قەڵغان و ... ئیدی هەرچی هەبوو .

کچەکە ناوی تارپێیا بوو .

تارپێیا، شەو دەروازەی بۆ لەشکری سابینەکان کردەوە و، سابینەکان لێ چوونە ناوەوە و، یەکەم کاریان ئەوەبوو کە کچەکەیان گرت و بردیان لە سەر ئەو تاشەبەردەوە هەڵیانداشتە خوارەوە و هەپروون بە هەپروون بوو(هێندێک چیرۆکیش هەن دەڵێن کوشتوویانە و لەو شوێنەیان ناشتووە) .

سابینەکان لێرەدا گوتیان کە ئەوان لەگەڵ کچەکەدا زۆر چاک بوون و هەقی خۆیان داوەتێ : کچ خیانەتی دا بەوان، ئەوانیش خیانەتیان دا بەو، خیانەت بە خیانەت .

رۆما بەو خیانەتە نەکەوت و دوژمنی راو نا و، ئیدی دەوڵەتی رۆما لەوساوە ئەو تاشەبەردەی کرد بە شوێنی بەجێهێنانی سزای ئیعدام و تا رۆژگارێکی زۆر هەر وا مایەوە .



تاشەبەردی خیانەت : تارپێیا



لە سەرەتای جەوانیمدا، سینەما دوو کەسی لە چاومدا کردبوون بە دوو لە گەورەترین قارەمانانی مێژوو : سپارتاکوس و هانیبال ( کە لە قرطاجەی تونسەوە دەچوو، بە فیلەکانی لە چیاکانی ئالپ دەپەڕییەوە، دەچووە ئیتالیا، تەنانەت لە پەنا رۆما خانمێکی نەجیبزادەی رۆمانی بۆی دەهاتە ژوان ... ئیدی فیلمەکە تابڵێیت خۆشی دەکرد) .

دواتر، کە کەوتمە سەر خوێندنی مێژووی رۆما و، لەوەوە چوومە سەر " حنبعل " (هانیبال)ی قرطاجەیی فینیقی، زانیاریی یەک دەریای بەرینی مێژووم لە پێش خوم دیت و، گرنگیی قرطاجەم لە رووحی رۆمادا دیت و، چۆن " ڤرجیل" لە یەکەم لاپەڕەی"ئاینێیس"یدا ناوی ترۆی و قرطاجە دەهێنێت . بەڵام دواتر، خوێندنەکە گەیشتە سەر باسی زۆر ئاڵۆزتر و کەمتر رۆمانتیک، یەکێک لەوانە نەتیجەکانی شەڕی"حنبعل"ـە قارەمانەکەم بوو بۆ سەر پرۆلیتاریای رۆما و رژیمیسیاسیی رۆما و ئەوەندە گۆڕینی گرنگی رێبازی مێژوو .

نەتیجەیەکی کۆتایی سێ شەڕی کە بە " پوونی" ناسراون ( شێواندنی ناوی "فینیقی"، مەبەست شەڕی نێوان رۆما و قرطاجەی فینیقی، کەچی عارەبیش دەیکەن بە " الحروب البونیه "! ... جا وەرە تەحەمولی ئەو پاشاگەردانییەی کتێبان بکە! )، نەتیجەیەکی ئەوە بریتی بوو لە داگیرکرانی " قرطاجە"ی رەقیب لە لایەن رۆماوە( و وێران کردنی بە شێوەیەک کە بەردی بەسەر بەردییەوە نەمێنێت) و بەشانێکی تری دەوروبەری لە ئەفریقا و لە سپانیاش . کەسانێکی رۆمانیی "nobilis" لە سەر وڵاتانی داگیرکراو دانران، کە بۆخۆیان بخۆن و تاڵان بکەن و دەوڵەمەند بین ( نازانم عارەب کەی ئەو وشەیەیان وەرگرتووە و کردوویانە بە " نبیل"، بەڵام nobilis بە لاتین واتا : ناسراو، ناودار، بەناوبانگ . دەکرێت بە بیری کەسێکدا بێت کە known ی ئینگلیسی لەوەوە هاتبێت بەڵام نا، known, to know لە جەرمەنییەوە هاتووە، نەک لاتین) .

نۆبیلیس کە دەوڵەمەند دەبوون، دەچوون لە وڵاتی خۆیان ( ئیتالیا) زەوی و زاریان دەکڕین و ڤیللا


و کۆشک و سەرای خۆیان لەسەر دروستدەکردن و دەیانکردنە باغ و باخچە و مەزرای تایبەتی خۆیان، ئیدی نرخی زەوی بەوە زۆر گران بوو: ئەو پارەدارانە زۆریان زەوی بەتایبەتی لە رۆما و دەوروبەری بۆ بنەماڵەکانی خۆیان دەکڕی و، خەڵکی دی چیتر زەوییان پێ نەدەکڕدرا و، لەو بارستاییەی دراودا مەگەر هەر بیانفرۆشتایە . کەمایەتییەک زەویی زۆری هەبوو و، ئەوانەی کە بێ زەوی دەبوون تادەهات پتر دەبوون، پرۆلیتار زۆر دەبوون .

وشەی " پرۆلیتار " بە لاتین پێوەندیی بە " پرۆلێیس"ـەوە هەیە، واتا : ئەولاد، رۆڵە، بەچە . بەو چینە دەگوترا کە نە خاوەن زەوی بوون و نە هیچ داهاتێکیان هەبوو تاکو باجی لە سەر بدەن بە دەوڵەت، کەسێکیش باجی بە دەوڵەت نەدایە، لە قانووندا - وەک بڵێیت- قیمەتی توور و گێزەریشی نەبوو، تەنانەت ئەوسا بە سەربازیش وەرنەدەگیرا . بەڵام بۆ خاتری " ئەولادیان" کە دەکرا دوای گەورەبوونیان قیمەتێکیان هەبوایە(واتا داهاتیان هەبوایە و باجیان بدایە)، لە " کۆمیتیا کێنتوریا"دا، یەکێک لە سێ کۆمیتەی گرنگی قانووندانان، کە لە ١٩٣ ئەندام، پێکدەهات و بە گوێرەی داهات و باجی دەیاندا، نوێنەرانی پێنج چین بوون : ٢٠،٢٠،٩٨، ٢٠، ٣٠ ئەندام و پێنج ئەندامیش بۆ پرۆلیتاریا بۆ خاتری" پرۆلێیس" = ئەولادیان) .

ئا لێرەدا، کاربەدەستێک(تیبێریوس گراککوس)هاتە پێشەوە و گوتی : دەبێت بە قانوون سنوورێک بۆ مافی مڵکداریی زەوی دابنێین، ئەوەی لەوە پتری هەبێت لێیبستێنین و قەرەبووی بکەین، تاکو زەوی بۆ خەڵکی تری بێزەوی دابینبکەین؛ ئەینا بەم حاڵەیئێستا سەربازیشمان نابن، جووتیار-یش حاڵیان خراپ دەبێت و، دەوڵەت لە زۆر رووەوە تووشی کێشەی گەورە دەبێت .

تیبێریوس گراککوس، قانوونێکی بە وردەکاریی تەواو بۆ چۆنێتیی ئەستاندنی زەوی لە خاوەن-زەویی زۆر و دابەشکردنی زەوی بەسەر هەژاراندا دانا و، بە زۆر شێوە(کە هێندێکیان تەواویش بە قانوونی دانەدەنران)، لەدواییدا قانوونەکەی بە رەسمی هەر بە قەبووڵکردن دا . بەڵام بەجێ-نەهێنرا و خاوەن زەوییەکان، لەسەرئەوە، خۆی ( کە تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو) و سێسەد کەسیان لە

هەڤاڵانی لەگەڵدا کوشتن(١٣٣پێش‌زاین) . دە ساڵ دواتر، براکەی( گایوس) هەوڵی دا قانوونەکە زیندووبکاتەوە و بیخاتە کار، قانوونی وەها گۆڕی کە پرۆلیتاریش رێگەیان درا ببن بە سەرباز و بە ژمارەی زۆر بوون بە سەرباز، بەوە کێشەی کەمیی سەرباز چارە کرا، بەڵام قانوونی ئیسلا-حاتی ئەرزییەکەی هەر قەت جێبەجێنەکرا و، ساڵی ١٢١ی پێش‌زاین، کە تەمەنی ٣٣ساڵ بوو، ئەویش کوژرا . لە سەردەمانی نوێدا، لەکاتێکدا کە لای ئینگلیسەکان دەبینین تیبێریوس بە رەسمی کاریکاتۆر بە پۆپولیستێک پیشان دراوە، بۆڵشەفیک بە یەکێک لە پەنجا قارەمانترین پیاوانی مێژوویان داناوە کە بڕیاریان داوە پەیکەریان بۆ دروست بکەن .



تیبێریوس گراککوس و براکەی و قانوونی ئیسلاحاتی ئەرزی

مێژووی رۆمـا ئەوەندەی لە رووحی مارکس و ئێنگڵسدا بووە، ئەوەندەش لە رووحی لێنیندا. ئەو شـەوەی کە قـەیسەری رووسـیا و ژن و ئـەولادی کـوژران، بۆ بـەیانییەکەی، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیسارییای گەل-یسۆڤیەتی (لە سەر پێشنیاری ترۆتسکی وایان بە ئەنجومەنی وەزیران دەگوت، وەزیر کۆمیسار بوون) بریار درا پەنجا پەیکەر بۆ گەورەترین قارەمانانی مێژوو دروستبکرێن .
من - زۆر بەداخەوە - لیستی تـەواوی ناوەکانیانم هێشتا بۆ وەدەستنـەهاتووە، بەڵام دەزانم کە سێ کەسیان رۆمانین، پێوەندییان بە مێژووی کۆنی رۆماوە هەیە :

" سپارتاکوس"(سەدەی ١ی پێشزاین) .

" تیبێریوس گراککوس"( بڕوانە فەسڵی پێش ئەمە) .

" بروتوس" (سەدەی١یپێشزاین، کە شکسپیر بە باسی خەنجەرەکەی کە لە " یولیوس قەیسەر"ی داوە زۆر بەناوبانگیکردووە : تۆش بروتوس! ) .

ئێستا پـەیکەرێکی "پوتین"یش لە شـوێنێکی رووسیا هەیە کە پوتین تێدا بە شێوەی ئیمپراتۆرێکی رۆمانی پێشکەشکراوە .



بڕوانە لاپەڕە ٢٤، دوو نەخشەی تێدا دەبینیت کە سنووری قەڵەمڕەویی زمانێک لە دوو تاریخی جیاوازدا پیشان‌دەدەن، زمانێک کە ئیتر ناوی بووە بە زمانی لاتین، واتا زمانی مەڵبەندی"لازیۆ" یا " لاتیوم" .

لە نەخشەی یەکەمدا، هی٣٢٠ی پێش‌زاین، مەڵبەندی لازیۆ یا لاتیوم - بە رەنگی سوور- دەبینین، کە گۆشەیەکی بچووکە لە ئیتالیایەکی گەورەدا، ئیتالیایەک کە زۆر قەومی جیاوازی بە زمانی جیاواز و شارستانێتیی‌جیاواز لێ دەژین(ئایکویی، کامونی، کێڵتی، گۆلی، ئێلمی، لێپۆنتی، مێساپی، پێکینی، سابێلی، ڤینیسی، سابینی...) و، نیزیکەی هەموو نیوەی خوارووی( باشوور)ی ئیتالیا هەر " یونانی گەورە Magna Graicia " یە . بەتایبەتی قەومێک بە ناوی " ئێتروسکییەکان" هەن ( رەنگە ناوی" تۆسکانیا"ی ئیتالیا پێوەندیی بەوەوە هەبێت) کە پادشایانێکیان حوکمی" رۆما " دەکەن و فەرهەنگێکی - بۆ ئەو کاتە - دەوڵەمەندیان هەیە، ژن و پیاو تێدا - وەکو لە میسری فیرعەونیدا - یەکسانن و، لە ژیانی رۆژانە و ئازادیی جنسی و هەموو شتێکدا وەکو یەکن .

تەبیعی زۆر وشە لە نێوان ئەو زمانانەدا هاتوچۆ دەکەن و، هێندێک وشەی لە زمانی ئەو ئێترو-سکییانە- بەنموونە- لەدواییدا لە رێگای لاتینەوە چوونەتە ئینگلیسییەوە و بە دنیادا بڵاوبوونەتەوە : مارکێت، ئانتێن، تەنانەت دەڵێن "ساتەلایت"یش رەنگە لە "ساتنال"ی ئێتروسکییەوە وەرگیرابێت . مەلحەمەی"ئاینێیس"*ی‌ڤرجیل، چی لەبارەی ئەسڵو فەسڵی رۆما دەڵێت و،چۆن ئەسڵی رۆمیلوس

---

*ئاینێیاسΑἰνείας ناوێکی یونانییە لە"ئیلیاس"ی هۆمێرۆس‌دا، لە ئیزافەدا دەبێت بە Aeneidos؛ لە لاتینی " ڤرجیل"دا : Æneas ؛ زانایانێک دەڵێن رەنگە لە قۆناغێکدا ea یەکەی لاتین بە " ێ" خوێندرابێتەوە، ئیدی ناوی مەلحەمەکە بە زۆر شێوە رۆیشتووە : ئاینێیاس، ئاینێیس، ئاینێید، ئێنێید، ئاینێدێس، الإنیاذە و ... ئیتریش، من لێرەدا ناوی کتێبەکە بە " ئاینێیس" دەنووسم .




سوورەکە : شوێنی زمانی لاتین – ٣٢٠ی پێشزاین




سوورەکە : شوێنی زمانی لاتین ١١٧ی زاینی

دەباتەوە سەر"ئاینیاس"ی راکردوو لە" ترۆی" و ئەو قسانە، با جارێ بخەینە لاوە، هەڵسەنگاندنی ئەفسانە و هەوڵی تێگەیشتنی رەمزەکانی، باسێکی دوور و درێژی دەرەوەی ئەم فەسڵەیە . کێ لەو قەومانەی ئیتالیا کەی و چۆن و لەکوێوە هاتوونەتە کوێی ئیتالیا، ئەوا مەگەر بەگوێرەیفەرهەنگی فاڵگرەوە ئێتروسکییەکان سەیریجگەریمەرێکی بۆ بکەین تا بزانین چی بە بیریفاڵگرەوەکەماندا دەهێنێت،ئەینا لێکۆڵینەوەیزانستی زۆر بەزەحمەت بتوانێت بەدڵنیایی زۆری لەوە بۆ ساغبێتەوە .

ئەو قەومانە نێوانیان چۆن بوو ؟ خراپ، زۆر خراپ . هەرچەندە لاتینەکان زۆر شتیان لە ئێترو-سکییەکان وەرگرتووە(هەر بە نموونە، یەکێک لەوانە : ئەلف - بێ ی کە ئێتروسکی لە یونانییان وەرگرتبوو و دەستکارییکردبوو)، کەچی بەهۆی ئازادیی ژن لە کۆمەڵگەی ئێتروسکیدا،لاتینەکان پیسترین جنێویان بە یەکتر بریتی بوو لە:"هەی دایک ئێتروسکی"! ئێ دایکی ئێتروسکی چییەتی؟ چۆنچییەتی ؟ ئەویش وەکو پیاوەکان دەکات. ئەدی ژنەکانی ئێوە وا ناکەن ؟ نا، نایکەن، ژن یانی مەتبەخ و کاری تری ناوماڵ و ناو جێگا . ئەدی جەنابی لاتین یونانییەکانی" یونانیگەورە"ت پێ چۆنن ؟ ئەو گەووادانە ؟ کوڕە خۆ پیاویان سووراو سپیاو دەکات و دەچێتە سەر شانۆ، دەوری ژن دەبینێت و، قوونیش بادەدات! ... چیە هەتیو بۆچی قوونت وا بادەدەیت ؟ دەڵێت ئەوە فەرهەنگ و ئەدەبیات و فەلسەفە و نازانمچی و چییە! کوڕە دە بڕۆن دە قوونی خۆتان هەڵدەن، وەڵڵا هەر ئەوە مابوو ئەوە فێری ئێمەش بکەن .

لاتین بەوجۆرە چەندین سەدە بوو نەیهێشتبوو" ئەو قوون بادان" و ئەدەبیات و فەلسەفەیە بکەوێتە فەرهەنگییەوە و لە پیاوەتیی بخات .

ئەدی لاتین چییان دەکرد ؟ چەقۆیان تیژ دەکرد بچن دنیا بگرن .

(٢)

دنیای یونان وەها خەریکی بیرکردنەوە، فەلسەفە و ئەدەبیات بوو :




یونانی گەورە Magna Graecia

" هۆی هێپتا سۆفۆس"(حەوت ژیرەکان)ی‌سەدەی٧-٦ی پێش‌زاین، قۆناغی پێش سوقرات : تالێس، سۆلۆن، بیاس، پیتاکۆس، کلیۆبۆلوس، کیلۆن، پێریاندەر . هێندێک قسەی ئەوانە تا رۆژی ئەمرۆ دەگوترێنەوە : خۆت بناسە، زۆربەی خەڵک خراپن و... ئیدی. تالێس لای وابوو کە سەرەتای دنیا " تەڕی" (ئاو) بووە (شتێکی کە لە ئەدەبیاتی سامییەکانیشیدا دەبینین : سەرەتا دنیا هەر ئاو بوو ( تەورات)، و جعلنا من الماء کل شئ حی (قورئان) ).

بڕوا بە خودایان لە یونان، هیچ ڕێگای لە گەشەکردنی بیرکردنەوەی زانستی نەگرتووە . وێڕای ئەو هەمووە ئەفسانە زۆرەی کە دەگێرنەوە چۆن هەموو شت لەلایەن خودایانەوە دروست بوون، بیرکردنەوە لە فیزیک(تەبیعەت)، سەرەتای وجوودی ماددی چی بووە، ئەوپەڕی گەشەی‌کردووە . دەوری سەدەیەک دوای تالێس، دەبینین هێراکلیتوس دەگاتە ئەو نەتیجەیە کە : هەموو شتێک لە بزووتنەوەدایە، وەستان نیە . ( لە دوای ئەوە، پارمێنیدێس دێت و لای وادەبێت کە نەخێر هیچ نابزوێت، چاومان وامان پیشان دەدات کە شت دەبزوێت، بەڵام چاومان فێڵمان لێ دەکات) .

یونانی دەگەنە ئەوە کە تەبیعەت لە عونسورانێکی جیاواز پێکدێت، کە وا دەبێت تێکەڵ دەبن و، وا دەبێت لێک جیادەبنەوە . ئێمپێدۆکلێس باسی چوار عونسوری کرد کە وجوودیان لێ پێکدێت : خاک، ئاو، هەوا، ئاگر.

دێمۆکریتوس گەیشتە زانینی ئەوە کە هەموو شت لە " ئاتوم" پێکهاتوون، " ئاتوم بە یونانی واتا : " لە برین نایەت، ناکرێت ببردرێت "، گوتی ئەوانە بچووکترین دۆخی ماددەن کە هەموو شتێک لەوانە پێکدێت. ساڵی٢٠٠٧ تابلۆیەکی" ڕیمبراندت" ی‌هۆڵەندی کە پیاوێک تێدا پێدەکەنێت، پێشتر وا دانرابوو کە ڕەسمێکی ڕێمبراندت(ی سەدەی حەڤدە) خۆی بووبێت، کە ڕەسمی خۆی کێشابێت و، نرخی بە دەوری هەزار یورۆیەک دانرابوو، بەڵام ئێستا قەناعەت هاتە سەر ئەوە کە مەبەست لە ڕەسمەکە دێمۆکرێتوس بووبیت، ئیتر نرخی بە نیزیکەی سێ ملیۆن یورۆ گەیشت . گوایا دێمۆ- کریتوس لە بازاڕ سووڕاوەتەوە و بە بێ‌عەقڵیی خەڵک پێکەنیوە .



ڕێمبراندت -  دێمۆکریتوس پێدەکەنێت

ئـەوجا، بۆ لە فیزیا ئـەولاتـر : سۆفیستەکان دێن کە تەعریفی مانای چاکیی مرۆڤ بکەن، مرۆڤی چاک کێیە ؟ ژیانی چاک و حکومەتی چاک بۆ مرۆڤ دەبێت چۆن بێت ؟ ئەوانە بە وڵاتدا دەسوو- ڕانەوە،خەڵکیان لە خۆ کۆدەکردەوە و ئەو باسانەیان لەگەڵدا دەکردنەوە و، منەتێکیباشیان بەسەردا دەکردن، وەک بڵێن هەی بێعەقڵینە فێر بن و، بۆ ئەوە داوای پارەشیان لێدەکردن . تەبیعی،کەسا- نێکیان تێدا بوون ویستوویانە خەڵک بخەنە سەر بیرکردنەوە، بـەڵام هێندێکیشـیان جۆرێـک ئـاخوند بوون و زێدە هونەری"خوتبە"یان بەکارهێناوە، بە نموونە گوتوویانە : کەسێک دەرسەکانی ئێمە لە هـونەریخوتبەدا باش فێرببێت،ئەوا دەکرێت بەوهونەرە لە قسەدا بەسەر کەسانێکی خاوەن بەڵگەی بەهێزتردا سەربکەوێت! ئیتر ناویان بەو جۆرە ڕەوشتە زڕاوە، بەخۆڕایی نیە بە عارەبی"سفسطە" لەو سۆفیستە بووە بە شتێک کە هەژار پێیدەگوت : فڵتەفڵت .

ئەوجا نۆرەی سوقرات و ئەفلاتوون و ئاریستۆ و ... ئیدی دێت .

ئەدی کە یونانی بەو هەمووە شتانەوە خەریک بوون، لاتینی ڕۆمانی چییان دەکرد ؟ چەقۆیان تیژ دەکرد بچن دنیا بگرن!

بەڵام مەگەر ئەوان کە سنووریان لەگەڵ ئەو یونانییانەدا هەبوو، بەو شتانەیان نەدەزانی ؟ نەیاندە- خوێندەوە ؟ بەڵێ، ئەوەی حەزی لە خوێندنەوە و زانین بوایە، خۆی فێری یـونانی دەکرد و، شـتی ئەوانەی دەخوێندەوە. ئەدی لاتینەکە خۆی ؟ بۆچی خۆی بیری نـەدەکردەوە و بە زمانیخۆی شتێکی نـەدەنووسی ؟ چونکە ئەو " پیاو " بوو و، سـەرقاڵی شـەڕ بوو، نـە کاتی بۆ ئەو کارانەی یـونانی هەبوو و، نـە دەیویست کاری ژنانە بکات، کارێکی کە یونانییەکان بۆ خۆشیان و بۆ لاتینەکان و بۆ هەموو دنیایان دەکرد، ئیتر پێویست نەبوو خەڵکی تر سەری خۆیان بە کارێکەوە بێشێنن کە یونا- نییەکان بۆیان بکەن . وەک بڵێین : نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب!

کاتێک ئێمە ئێستا هۆمێرۆسدەخوێنینەوە، دەڵێین: ژنانەی چی و شتی چی؟ ئەوە ئەوپەڕی پیاوانەیە و ئەسڵەن هەر دڕندەییە، بە نموونە بڵێین ئەو هـەمووە چەقۆ وەشاندن و سـووتاندن و ماڵ وێرانییە

لەسەر ئەوە کامە کچی داگیرکراو بەر کامە پیاو بکەویت، " ئۆدیسیوس Odysseus" ماوەی چەند هەر مانی لە شەڕ گرت، چونکە کچە داگیرکراویکی تریان دەدایە، غەیری ئەوە کە ئەو دەیویست! بەڵام لێرەدا دەبێت لە جەغزێکی بەرینتردا لە قۆناغەکە بنۆڕین : لاتین سەرەتا ئەوەندەی بۆکان و دەوروبەری بوو و، رووی لەوە بوو ببێت بە گەورەترین دەوڵەتی دنیا، ئی دە لێرەدا یەکەم قۆناغی دەستپێکردنی گەشتێکی وەها مەگەر هەر بە رووحی چەقۆ و کوشتن و برینی مەیدانی شەڕ و، دوورکەوتنەوە لە هەرشتێکی غەیریئەوە بوایە کە بۆ ئەو قۆناغە بە لوکس دابنرایە،دوورکەوتنەوە لە هەر شتێکی کە لەگەڵ رووحی سەربازیی پێداویستی ئەو قۆناغەدا نەگونجایە . (بیر لە قۆناغی سەرەتای ئیسلام و فەتحەکانی لەشکرانی ئیسلام بکەرەوە، کە وەک بەرزەخێکی وشکایی ئەدەبیات بوو لە نێوان سامانی ئەدەبی جاهلی و قۆناغی دوای سەرەتاکانی ئیسلام) .

لاتینەکان، ساڵی٥٠٩ی پێشزاین، بەتەواوی دەستیان بەسەر رۆمادا گرت، دوا پادشای ئیتروسکی-یەکانیان لێ قاو دا و، خۆیان رژێمی" کۆماری رۆما"یان دامەزراند و، ئیتر پێیاندەڵێین رۆمانی . دیارە بە رۆماوە نەوەستان . " یونانی گەورە"شیان گرت و، کردیان بە بەشیک لە کۆماری رۆما . ئەو شەڕکەرانە، کە شوێنێکیان بە شەڕ دەگرت، ئەو مرۆڤەی لەوێ بیانگرتایە، " دیل"ی شەڕ، یا هی مەڵبەندی شەڕ، دەکرد بە کۆیلە و وەک هەر کووتاڵێک دەکردرا و دەفرۆشرا . منداڵێکی ٨ یا١٢ساڵانە؟ی ئەو باشوورە کە دواتر ناوی بە تەواوی دەبێت بە" لیڤیوس ئاندرۆنیکوس"، ساڵی ٢٧٢ پێشزاین، بەوجۆرە دەگیرێت و دەکرێت بە کۆیلەی کەسێکی لاتین لە رۆما ( رەنگە ناوی لیڤیوس بووبێت) . کورێکی زۆر زیرەک دەبێت، دەرسی زمان و ئەدەبیاتی یونانی فێری ئەولادی خاوەنەکەی دەکات. خاوەنەکەی ئازادیدەکات و، ئیتر دەبێت بە یەکەم کەس کە پێ دەنێتە مێژووی ئەدەبیاتێکی نوێوە : ئەدەبیاتی بە زمانی لاتین؛ بە لاتین دەنووسێت و، زۆر لە ئەدەبیاتی یونانی وەردەگێرێتە سەر لاتین، تەنانەت"هۆمێرۆس"ی وەرگێراوەتە سەرلاتین(کە دوایی هەر زۆر کەمی لێ ماوەتەوە) . بە گوێرەی کیکێرۆ، ئەو " لیڤیوس ئاندرۆنیکوس"ـە ساڵی ٢٤٠ پێشزاین، یەکەم

شانۆی بە لاتین پێشکەشکردووە، چیرۆکی شانۆی نووسیوە و خۆی لە سەر شانۆ بازیگەر بووە و رۆمای بۆ شانۆ و شیعر و ئەدەبیاتی لاتین وە جووڵە خستووە . بەوجۆرە ئەدەبیاتی لاتین دەستی-پێکردووە .

ئەگەر ئێمە فەرهەنگ و رووحی ئەدەبیات سەربەخۆ وەربگرین، ئەوا حەتمەن دەبێت وەکو " هۆراتیوس"ی شاعیری رۆمانی ٦٥-٨ پێش‌زاین بڵێین : بردنەوەی لاتین لە یونانی گەورە بریتی بوو لە بردنەوەی یونانی گەورە لە لاتین! چونکە بردنەوەی لاتین سەربازی بوو و، دەسەڵاتی سیاسیی گەیشتە یونانی گەورە، بەڵام ئەدەبیاتی یونانی گەورە - جا با بە زمانی لاتینیش بێت - هاتە سەر خاکی لاتینەکان و، دەسەڵاتی‌خۆی بەسەردا سەپاند . ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی یونان( بە زمانی لاتین) بەو یەکگرتن و تێکەڵبوونە بوو بە فەرمانڕەوای رۆمانییەکان .

کە من بۆ جاری یەکەم سەیری ئەدەبیاتی لاتینم کرد، گوتم : خۆ ئەوە هەر کاوێژکردنەوەی هەموو شتێکی یونانە بە زمانی لاتین، کوا چیی رۆمانیی تێدایە ؟ وەزنی شیعر، وێنەی ئەدەبی، ئەفسانە، تەنانەت مێژووی نەژادی خۆیان بە لقێک لەوەی یونان بە شیعر تۆمار کردووە، دەڵێن ئێمە لە نەژادی ئاینێیاس ناوێکین کە - بەگوێرەی هۆمێرۆس - خەڵکی ترۆی بووە و، وا لە ئیتالیا درێژەی پێ دەدەین، وەک بڵێن ئێمە لقێکی ئەو یونانەی هۆمێرۆسین . لاتینەکان، تەبیعی فەرهەنگی تایبەتی خۆیان - جیا لە یونان- هەبووە و، لەوە هێندێک سروودی ئاینییش بۆ تۆماری ئەدەبیات ماونەتەوە، بەڵام ئەومیان لە فەرهەنگیاندا بە بناغەی ئەدەبیاتێکی جیاواز دانەناوە کە بە شێوەیخۆیان لەسەری بینا بکەن، چونکە هەر وشەی " ئەدەبیات" لای ئەوان ئەوەبووە کە یونان هەیبووە، ئەدەبیات = یونان!، ئەگەر ئێمەش بمانەوێت ببین بە خاوەنی ئەدەبیات، ئەوا دەبێت لاسای ئەوان بکەینەوە و بە زمانی خۆمان درێژە بە رێگای ئەوان بدەین؛ هەرچەندە وادیارە میزاجیلاتین لە بابەتەکاندا لە یونان کەمتر لە دنیای تیۆریدا بووە و پتر پێی لە سەر زەوی بووە : قانوون، زانستی سیاسەت و حوکم، زانستی شەڕ، کشتوکاڵ، ئەندازیاری و بیناسازی، دەرمان و بژیشکی .

بەرهەمی ئەدەبیی لاتینی تا سەدەیەک لە "لیڤیوس ئاندرۆنیکوس"ـەوە( کە گوتمان یەکەم ناوێکە لە ئەدەبیاتی لاتیندا) زۆر سادە بووە، دوای ئەوە تەئسیری یونانی بە سەر لاتیندا وا لە ئەدەبیاتی لاتین دەکات بەخێرایی پەرەبستێنێت : کۆمیدیا، دراما، خوتبە و ئیدی . بەڵام لە سەدەی٣ و٢ی پێشزاین، جگە لە کۆمیدیا، بەرهەمی کەمی تری لاتین دەبینین .

سەدەی ١ی پێشزاین زمانی لاتین دەوڵەمەندتر دەبێت و پەخشانی لاتین گوڵدەکات، بەتایبەتی لەلایەن " کیکێرۆ"(سیسێرۆ، شیشرون)ـەوە، بەڵام "لوکرێتیوس"یش، کە زمانی لاتین ئیتر توانای دارشتنی ئابستراکت و فەلسەفە پەیدا دەکات .

سەردەمی یەکەم ئیمراتۆری رۆما،" ئاوگوستوس" ٢٧ پێشزاین- ١٤ زاینی، بە سەدەی زێرینی

شیعری لاتین دادەنرێت : ڤرجیل، هۆراتیوس(هۆراس)، تیبوللوس، پرۆپێرتیوس، ئۆڤیدیوس، بەڵام مێژوونووسیی" تیتوس لیڤیوس" و- وەک باسکرا- خوتبە و فەلسەفەی کیکێرۆ(سیسێرۆ، شیشرون) یش لە سامانی ئەو سەدە زێرینەن . خوتبە لەم سەردەمەدا ئیتر لە مەیدانیسەرەکیی شار(فۆروم) و - حەتمەن دوای کیکێرۆ- لە پەرلەمان و واقیعی ژیانەوە - لە ترسان - دەکشێتەوە و زۆرتر دەبێتە دەرسی خوێندگەکان، نە پتر .

سەردەمی دووەم ئیمپراتور، تیبێریوس ١٤-٣٧زاینی، بە قۆناغی زیوین ناودەبرێت .

سەدەی ١ی زاینی، ئازادیی دەربرین تەسکتر دەبێتەوە، بەڵام نووسەری گەورەی وەک" تاکیتوس" ( مێژوونووس، کۆنسول)یش لەم قۆناغەدا دەبینین .

سەدەی ٢، زۆرتر شکڵ لەبەرچاوە تاوەکو ناوەڕۆک . سنووری نێوان شیعر و پەخشان تەسکتر دەبێتەوە و ناوانێکی ئەدەبیات تێدا لە دەرەوەی ئیتالیاوە دەکەونە دنیای ئەدەبیاتی لاتین .

سەدەی ٣ تا ٦ ی زاینی، بریتیە لە قۆناغی" لاساکردنەوەی پێش خۆی"( ئێپیگۆنیزم)، هەرچەندە هێندێک ناویگرنگی کلیساش لە سەدەی٤ دا دەبینین: ئامبرۆسیوس، هییرۆنیموس، ئاوگوستینوس؛ بەڵام ئیتر ئەدەبیاتی لاتین تێدا داهێنانێکی هونەری، خەللاقیەتێکی تێدا نیە .

لە یەکێک لە کتێبەکانی" مێژوویئەدەبیاتیلاتین" دەنوڕین،دەبینین باسی خاوەنی ئەم ناوانە دەکات :

دیارە سەرەتا بە " لیڤیوس ئاندرۆنیکوس" ٢٨٤-٢٠٤ پێشزاین دەستپێدەکات، ئەوجا :

نایڤیوس ٢٧٠-٢٠١پێشزاین (شاعیری شانۆی کۆمیدیا).

ئێننیوس ٢٣٩-١٦٩ پێشزاین ( یەکەم شاعیری کە شیعری لاتین بە وەزنی شیعری "هۆمێرۆس" - هێکسامیتر دەڵێت، مێژوو بە شیعر دەنووسێت) .

پاکوڤیوس ± ٢٢٠-١٣٠ پێشزاین ( برازا و شاگردی ئێننوس، شاعیری تراجیدی) .

ئاککیوس ± ١٧٠-٨٥ پێشزاین (شاعیر و نووسەر) .

شاعیران و/ یا نووسەرانی " فابولا تۆگاتا "(جۆرێک شانۆی کۆمیدیا)، لێرەدا، لە پاڵ کۆیلەکان، ئێستا " ژن"یش دەبوونە بازیگەر، بەڵام زۆرتر قەحبە، چونکە پیشەی بازیگەری لە رۆما - بە پێچەوانەی یونان - بە پیشەیەکی زۆر سووک دادەنرا، بازیگەران تەنانەت لە زۆر مافی مەدەنی بێبەش بوون ( بیر لەو هەمووە سووپەرمارکێت و خانووبەرە و تەکنیکە بکەرەوە کە لە ژیانی رۆژانەی عارەبی خەلیجدا هەن، کە وەکو ئەوانەی رۆژئاوان، بەڵام ئەگەر کچێکیان، ئەوەش کە لە رۆژئاوا خوێندوویە و وەکو ئینگلیس ئینگلیسی قسەدەکات و تەواو ئاگاداری رۆژئاوایە، ئەگەر ئەوە بیر لەوە بکاتەوە وەکو ئەوروپاییەکان بە مایۆوە بۆ مەلە بچێتە کەناریئاوی وڵاتەکەیخۆی، بە چ فەزیحەتێک دادەنرێت؛ وەرگرتنی هونەر شتێکە و ریشەیفەرهەنگی" پیاوانە" شتێکیترە) :
" ئافرانیوس"، " تیتینیوس"، " تیتوس کوینکتیوس ئاتتا ـ ؟ - ٧٧پێشزاین" .
لوکیلیوس ± ١٨٠-١٠٢ یا ١٠١ پێشزاین ( ساتیر) .
دوو کۆمێدیایی، یەکی بە زمانی جلّف : پلاوتوس( بروانە : "هۆمۆ هۆمینی لوپوس" ل٩٠-٩١)؛ ئەوی تر بە میزاجێکی ئاریستوکرات : تێرێنتیوس ± ١٩٠-١٥٩ پێشزاین : ئەوجا کۆمێدیاییەکی سێیەم : کایکیلیوس ( ؟- ١٦٨ پێشزاین) .
شانۆی " فابولا ئاتێللانا" و " میموس"ـەکان ( کۆمیدیا، ساتیر) : پۆمپۆنیوس ( بەرهەمی ± ١٠٠-٨٥ پێشزاین) .
پەخشانی لاتین پێش کیکێرۆ ( قانوون، مێژوو، خوتبە ) : کاتۆ ٢٣٤-١٤٩ پێشزاین ( و :هێمینا، فروگی، ئانتیپاتێر، کوادریگاریوس) . ( لە خوتبەدا) : مارکوس ئانتونیوس ١٤٣-٨٧ پێشزاین، کراسسوس ١٤٠-٩١ پێشزاین .
کیکێرۆ ١٠٦-٤٣ پێشزاین ( سەرلووتکەی پەخشانی لاتین، قۆناغی زێرینی پەخشان، هەمیشە فەسلێکی زۆر لەبارەیەوە . بروانە " کیکێرۆ" ل٨٣-٨٥) .

یولیوس قەیسەر ١٠٠- ١٥ی مارتی٤٤ پێشزاین لە پەرلەمان کوژرا (مێژووی شەڕ: کۆمێنتاریی، بڕوانە ل٨١-٨٢) .

مێژوو : ڤاررۆ ١١٦-٢٧پێشزاین، ساللوستیوس٨٦- ±٣٥پێشزاین، نێپۆس ± ٩٩-٢٧پێشزاین .

شیعر لە کۆتاییەکانی کۆماردا : لوکرێتیوس ± ٩٨-٥٥پێشزاین . کاتوللوس ± ٨٤- ٥٤؟پێشزاین ( بڕوانە دوو فەسڵی ل ٧٣-٨٠) .

سەردەمی ئیمپراتۆر ئاوگوستوس : سەر لووتکەی شیعری لاتین، قۆناغی زێڕینی شیعر: ڤرجیل ( بڕوانە چوار فەسڵی ل ٣٧-٦٠)، هۆراتیوس، پرۆپێرتیوس، تیبوللوس، ئۆڤیدیوس( بڕوانە : دوو فەسڵی ل ٦١-٧٠) .

پەخشان : لیڤیوس (مێژوونووسی)، ڤیترۆڤیوس .

قۆناغی زیوین : پەخشان : سێنێکا مایۆر ٥٥ پێشزاین- نێوان ٣٧و٤١ زاینی(مێژوو و فەلسەفەی فیزیا)؛ ماکسیموس، پاتێرکولوس، پێترۆنیوس، کوینتیلیانوس، پلینیوس سێکوندوس مایۆر٢٣/٢٤-٧٩زاینی(مێژوو و کاری ئەنسیکلۆپێدی)، پلینیوس سێکوندوس مینۆر(مێژوو)، تاکیتوس(مێژوو)، سوێتینیوس (مێژوو) .

شیعر : مانیلیوس ( لە سەردەمی تیبیریوسدا)، گێرمانیکوس ١٥ پێشزاین - ١٩زاینی، فایدروس ٤٠ پێشزاین- دوای ٣١ زاینی، لوکانوس ٣٩-٦٥ زاینی، پێرسیوس ٣٤-٦٢زاینی، کالپورنیوس، فاککوس، ئیتالیکوس ٢٥-١٠١ زاینی، ستاتیوس ٤٥-٩٥ زاینی، مارتیالیس ٤٠-١٠٢ زاینی ( بڕوانە : " ئێپیگرامی هێمن و مارتیالیس" ل٧١-٧٢)، یوڤێنالیس ± ٥٨- ١٣٨زاینی .

سەردەمێکی سەدەی دووەمی زاینی: مەیلی گەڕانەوە بۆ شێوەی کۆن و"هێلێنیزم"یش( یونانییەت) .

پەخشان: فلۆروس(مێژووی رۆمانی)، ئاولوسگێلیوس(زمان و ئەدەبیات)، ئاپۆلێوس(لێکۆڵینەوەی فەلسەفی)، فرۆنتۆ ( زمان و مێژوو) .

شیعر: پۆیێتایئنۆڤێللی(شاعیرانینوێ)کە ئیمپراتۆر هادریان نموونەیەکیانە(ل٨٦-٨٧)،تێرینتیانوس .

پەخشانی لاتین لە سەدەی ٢(ی زاینی) تا سەدەی ٦ :

گەشەکردنی قانوون لە سەدەی ٢ و ٣ : پۆمپۆنیوس، گایوس، پاپینیانوس، پاولوس و ئولپیانوس؛ قانوونی ئیوستینیانی لە سەدەی٦ . مێژوو : ئیوترۆپیوس، مێژووی ئاوگوستا، ئاورێلیوس ڤیکتۆر، مارکێللینوس .

نووسراوان لە بارەی کشتوکاڵ، دەرمان و بژیشکی، ئاوریلیانوس، ئاپیکیوس (چێشت لێنان)، ڕێناتوس ( زانستی شەڕ)، دۆناتوس (ڕێزمان)، ماتێرنوس (ئەستێرەناسی) .

شیعری لاتینی سەدەی ٤و ٥ : ئاوسێنیوس، ئاڤیێنوس، کلاودیانوس، نێمێسیانوس، ناماتیانوس .

ئەدەبیاتی مەسیحی بە لاتین : تێرتیلیانوس، فێلیکس، کیپریانوس، نۆڤاتیانوس، ئارنۆبیوس، لاکتانتیوس، هیلاریوس، ئامبرۆسیوس، هێرۆنیموس ( وەرگێرانی کتێبی پیرۆز- ڤولگاتا )، روفینوس، ئاوگوستینوس، سێڤێروس، بۆیێتیوس، کاسسیۆدۆروس، گریگۆریوس ماگنوس، ئیسیدۆروس .

شیعری مەسیحی بە لاتین : ئیوڤێنکوس، پرودێنتیوس، پاولینوس، سێدولیاس، کۆممۆدیانوس، دراکۆنتیوس، ڤێناتیوس .

مرۆڤ بە بێ ئاگادارییەک لە ئەدەبیاتی یونان ناتوانێت زۆر لە ئەدەبیاتی لاتین تێبگات، یا تەنانەت هەر هیچی لەو زۆرە بۆ بچێتەوە سەر یەک .

وەک پێشتر گوتمان، لاتینەکان زێدە "پیاوانە" بوون و، " شەڕ"یان بە کاری پیاو دەدیت و، هونەر و ئەدەبیات و فەلسەفەیان بە کاری ژنانە دەدیت . دیارە حەتمەن زۆر پیاویان هەبوون کە حەزیان لەو شتانە کردوون کە بە ژنانەیان داناون، بەڵام بۆ ئەوە چوون فێری زمانی"یونانی" بوون و بەوە توانیویانە : "هۆمێرۆس" بخوێننەوە، لە شانۆی یونانی و ئەفلاتون و ئاریستۆ و...ئیدی ئاگادار بن، کە هەمووشی نیزیک بووە، چونکە نیوەی خوارەوە (باشوور)ی ئیتالیا- وەک باسمانکرد – بریتی بووە لە " یونانیگەورە Magna Graecia". گوتمان ئەو حاڵە تا سەدەی سێی پێشزاین درێژەی هەبووە، تا لە " لیڤیوس ئاندرۆنیکوس"ـەوە، مێژووی ئەدەبیاتی لاتین دەستی پێکردوە . کە لاتین دەستیانپێکردووە، ویستوویانە تۆڵەی چەند سەدەی رابردوو بکەنەوە و لەوەدا جێگای یونانی کۆن بگرنەوە. بەڵام ئەوساش پێیان وانەبووە کە هەر خۆیان بتوانن شتیخۆیان دابهێنن، نا،هەر یونانیان بە لاتین کاوێژ کردووەتەوە . لەوەدا وا بووە جۆرەها پەڕ و باڵیان لە ئەسڵە یونانییەکە رواندووە، تاکو توانایخۆیان پیشان بدەن . لەبەرئەوە- بەنموونە- دەبینین کە هێندێک باسی" ئەسپە تەختەکەی ترۆی" لە مەلحەمە (حەماسە، ئێپۆس)ی لاتینی " ئاینێیس" ی" ڤرجیل"دا هەن کە لە هۆمێرۆسدا نین و، وادەبێت سەرچاوەیەک ئەو وردەکارییانەش دەداتە پاڵ هۆمێرۆس، لە کاتێکدا کە بەوجۆرە لە هۆمێرۆسدا نین . هەر" ئاینێیس" ی" ڤرجیل" خۆی لاساکردنەوەی کاری هۆمیرۆسە، شیعری لاتین بە هەمان وەزنی شیعرییونانیی هۆمیرۆس و، لەسەر بناغەی هەمان چیرۆکەکانیهۆمێرۆس (کە ئەوان دەیکەن بە هۆمێروس،هۆمێرووس)، مێژووی ئەفسانەیی نەژادیلاتینمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەڵێت لە پیاوێکە ناوی" ئاینێیاس" بووە و لە" ترۆی، ترۆیا"ی یونانەوە هاتووە ( ئاخر بۆچی لە یونانەوە ؟ شوێنێکی تر لە دنیا نەماوە ؟) .

(٢)

"هۆمێرۆس"ی یونانی، دەبێت لە دەوروبەری٨٠٠ تا ٧٥٠ی پێش زاین ژیابێت . بەتایبەتی بە دوو مەلحەمەی " ئیلیاس" ( لە ناوێکی تری هەمان شاری " ترۆی، ترۆیی، ترۆیا "ی کە : " ئیلیۆن، ئیلیوس، ئیلیوم" بووە) و،" ئۆدێسیۆس"( ناوی قارەمانی چیرۆکەکە) ناسراون . بە شیعری خەیاڵی ئەفسانەیی، شتێک لە مێژووی شەڕی نێوان" سپارتا" و " ترۆی" دەگێڕێتەوە، کە رەنگە چوارسەد ساڵێک پێشتر(ساڵی ١١٨٤، یا ١٢٤٠ پێش زاین ... شتێکی وەها) روویدابێت . ئەو چوارسەد ساڵەی نێوان شەڕەکە و هۆمێرۆس، باسی ئەو شەڕە دەماودەم هاتووە تا بە هۆمێرۆس گەیشتووە . دەڵێن دوو سەدەیەک دوای "هۆمێرۆس"یش، ئەوجا بە فەرمانی یەکەم پادشای زۆرداری" ئاتێنا" "پیسیستراتوس"(٦٠٧-٥٢٧پێش‌زاین) ئەمە لە دەمی کەسانێک وەرگیراوە کە گوتوویانە ئێمە دەقی شێوەی گێڕانەوەکەی‌ئەوسای"هۆمێرۆس"مان لەبەرە کە بەمجۆرە بووە و فەرموون بینووسنەوە و، بەوجۆرە ئێمە ئەمڕۆ دەقی نووسراوی دوو مەلحەمەمان هەن کە دەڵێین هی " هۆمێرۆس" بوون . ئەوەی پێش هۆمێرۆس لەبارەی ئەو شەڕەوە گوتراوە چی بووە ؟ هۆمێرۆس چەندی وەکو خۆی، وەک کە بیستوویە، گێڕاوەتەوە و، چەندی قسەی خۆی بووە ؟ تۆ بڵێی وەکو بەیتەکانی ئێمە بووبێت و، هەر بەیتبێژە بە شێوەی خۆی گوتبێت، کە شەرت نیە لەگەڵ ئەوەی کەسێکی تری تەنانەت هەمان سەردەمیشدا تەواو وەکو یەک بووبن، تا گەیشتووەتە سەردەمی هۆمێرۆس، ئەوجا دوو سەدەیتریشی بەسەردا چووە تاکو نووسراوەتەوە،چووزانین ئەو کەسانە دووسەدە دوای‌هۆمێرۆس چەندە توانیویانە بە ئەمانەت هەر ئەوە بۆ نووسەر بگێڕنەوە کە هۆمێرۆس گوتوویە، ئێمە ناتوانین وەڵامی هیچ لەوانە بدەینەوە . پسپۆڕانێکی زمان هەن کە دەڵێن : وێ ناچێت ئەو دوو کتێبە(ئیلیاس و ئۆدێسیۆس) لە زمانی هەمان یەک کەسەوە هاتبن . بە هەمان شێوە، سەرچاوە هەن دەڵێن هۆمێرۆس کوێر بووە، سەرچاوەی تر دەڵێن نا، کوێرنەبووە و لە کاتی خوێندنەوەی شیعردا چاوی نووقاندووە . ئیدی زۆر" رەنگە" و" دەڵێن" و"دەڵێین" لەکاردان، چونکە گومانی زۆر لە زۆر شت

له باسی هۆمێرۆس و ئەو دوو کتێبەی هەن . ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە گرنگە و هیچ گومانی تێدا نیە، قیمەتی ئەدەبیی ئەو دوو کتێبەیە و، لێرەدا من بەتایبەتی بۆ روونکردنەوەی ئەوە باسی دەکەم کە چۆن لاتین ویستوویە لاسای یونان بکاتەوە .

(٣)

دووسەد و چەند ساڵێک دوای ئەو " لیڤیوس"ـە یونانییەی باسکرا(یەکەم ناوداری ئەدەبیاتی لاتین)، شاعیرێکی گەورەی لاتین بە ناوی " ڤرجیل"(٧٠-١٩ پێشزاین)، بەگوێرەی سەرچاوەیەک لەسەر داوای قەیسەری رۆما (ئیمپراتور ئاوگوستوس) بووە، کەوتووەتە سەر نووسینی مەلحەمەیەکی شیعری وەکو ئەوەکەی هۆمێرۆس، تاکو چۆن هۆمێرۆس مێژوویەکی یونانی بە کارەکەی تۆمار کردووە، ئەمیش مێژوویەکی رۆمانی بە هەمان شێوە تۆماربکات و،رایسپاردووە کە ئەگەر مەرگ پێش تەواوکردنی کارەکەی بێت، کارە تەواونەکراوەکەی لەناو بدەن . دوای نووسینی دوو بەش بە یازدە ساڵ، هەر بەشەی شەش بەرگ یا فەسڵ( پێیاندەڵێن شەش کتێب)، کە هێشتا کارەکەی تەواو نەکردبوو، مەرگ یەخەی گرت و نەیهێشت تەواوی بکات، بەڵام وەسیەتەکەی بەجێ نەهێنرا، ئەوەندەی کە نووسیبووی پارێزرا .

" ڤرجیل" بۆ رۆمانییەکان و ئیتالییەکانی دوایئەوەش بەگشتی،وەکو"هۆمێرۆس"ـە بۆ یونانییەکان . دەبینین تەنانەت دەوری هەزاروسێسەد ساڵێک دوای ڤرجیل،" دانتێ"ی کەشەی کلیسای سەدەکانی ناوەندی، لە " کۆمیدیا"کەیدا، ئەو ڤرجیلە دەکات بە " رێنوێن"ی خۆی لە گەشتە خەیاڵییەکەی لە جەهەننەم و ئەعرافدا( یا : بەرزەخدا)بۆ دیتنی کاری خودا و ناسینی ئەو هەمووە خەڵکەی کە لەو رێگایەدا دەیانبینن .

ڤرجیل چەند شتی نووسیون، کە" ئاینێیس" دوامینیان بووە(دواتر بە "ئاینێید"شوێنی خۆی گرتووە)، ئەوە بووە کە دەڵێن نووسینی لە سەر داوای قەیسەر بووە و، مەبەست لێ لاساکردنەوەی ئیلیاس و ئۆدێسێوس بووە، مێژووی رۆمانی بە مەلحەمەیەکی شیعری - هۆمێرۆسئاسا- تۆمار بکات . کە

دەکرێت بڵێین بە شێوەی " لق"ێکی دوو مەلحەمەکەی هۆمێرۆسە : کەسێک لە شاری " ترۆی" بە ناوی" ئاینێیاس"(یەکێک لە کەسەکانی هۆمێرۆس)، دوای وێرانبوونی شارەکە دەردەچێت و دەچێت لە ئیتالیا بناغەی رۆمانییەکان دادەمەزرێنێت .

لێرەدا، پێش ئەوە پتر بڕۆم، دەمەوێت سەرنج بۆ دوو شت رابکێشم :

بۆ خوێندنەوەی لاتین، وا باشە جۆرە خوێندنەوەیەک لە خوێندنەوەکان بۆخۆمان لێرەدا قەبووڵ بکەین، چونکە هەر وشەیە دەکرێت بە شێوەی جیاواز تووش ببین . بە دەگمەن دوو زانای دنیا دەبینینەوە کە لە ساغکردنەوەی(دەنگی) خوێندنەوەی لاتیندا هاوبیر بن . چونکە هەر تەنیا باسی ناوەکان : ڤرجیل، ڤێرگیل، ڤیرگێلیووس ... ئیدی دەکرێت فەسڵێکی کتێبێک بگرێتەوە و، من - بەتایبەتی لێرەدا- لێکۆڵینەوەی باسی خوێندنەوە جیاوازەکان پێویست نابینم . بەڵام با بزانیت کە دەکرێت من بەم نووسینەم (بەم پیتە عارەبییانە) وشەیەک بە شێوەیەک بنووسم کە تۆ لە شوێنێکی تردا بە شێوەیەکی تری ببینیت و، لە شوێنێکی سێیەمیشدا بە شێوەیەکی جیاوازی سێیەم!

شتێکی تر، لەبارەی وەرگێڕانی لاتین : لاتین - بە پێچەوانەی یونانی - زۆر ورد نیە، لەوە : ئامرازی بەرانبەر بە " الـ"ی عارەبی یا " the" یا "a,un"ی ئینگلیسی، کە لە یونانیی کۆندا زۆر هەن، لە هەموو لقەکانی لاتینیشدا هەن و کەمیش نین، لە فەرەنسیدا : le, la, les, un, une و بە تێکەڵبوونەوەی چەندانیان چەندە دەگۆڕێن : au,aux، لە ئیتالیدا هەر زۆر لە فەرەنسییەکە پترن، کەچی لە لاتینە دایکەکەیاندا نین! من ئەوەم بەڕاستی پێ سەیرە چونکە هەموو زمانەکانی تر، ئەوەندەی من پێ بزانم، بە تێپەڕینی رۆژگار لە زۆر شتدا کورتکراونەتەوە، بە نموونە عارەب ئیتر - لە قسەکردندا - دەنگی کۆتایی وشەکان هەر ناڵێن، کەچی لێرەدا وەها پێچەوانەیە، ئەسڵەکە نیەتی،کەچی ئەو پەڕ و باڵانە لە لقەکانیان رواون . بەنموونە: puer بە لاتین واتا: کوڕ، کوڕێک، کوڕەکە، و دەکرێت : کوڕەکەم، کوڕەکەت و خودا دەزانێت چەندی دیش بەگوێرەی قەرینەیشوێن بگرێتەوە . ئەوجا زنجیرەی بەدووی یەکتردا هاتنی وشەکانیش بۆ پێکهێنانی رستە، بە هەمان شێوە

گوێ بە یەک نەزمی دیارکراو نادات . مرۆڤ ڕێزمانێکی ئێجگار زۆری لاتین دەخوێنێت، ڕەنگە زۆر لە ڕێزمانیعارەبی پتر بێت، دەکرێت ساڵێک هەر خشتەکانیگەردانی وشە لەبەربکات، بەڵام بۆ تێگەیشتن و وەرگێران زۆر شتی هەر بە کراوەیی بۆ سەلیقە و ساغکردنەوەی خۆی دەمێننەوە، واتا دەکرێت دوو زانای لاتین دەقی هەمان شتێکمان بۆ وەربگێرن، کە بەتەواوی وەکو یەکتر نەبن و نەشتوانین هیچ کامیان بە هەڵە دابنێین .

(٤)

دوازدە پاژی ئـاینێیس (ئـاینێید، ئـاینێیاس)، کە ئیلهامی کێشانی زۆر تـابلۆ و دروستکردنی زۆر پەیکەر و زۆر بەرهەمی ئۆپێرا و سەمای داوە بە هونەرمەندانی ئەوروپا

یەک :

شـاری ترۆی گیرا، ئـاینێیاس و دەستەیەک لە خەڵکەکەی توانیان رابکەن، دەرچن بگەنە دەریا و، بە کەشتی روویان لە وڵاتی لاتین( لاتیوم لە ئیتالیا) کرد . بەڵام کاتێک گەیشتنە سقلیە، گەرداوێک کـەشـتییەکانیانی تێکوپێک شـکاندن . شـەپۆلی دەریا، ئـاینێیاس و ئەو کەسـانەی تـری لەگەڵیدا کە نەخنکابوون برد و، فڕێیدانە قرطاجە (تونس) لە ئەفریقا ." دیدۆ" خانمی پادشای فینیقیی قرطاجە زۆر بە گەرمی میوانداریی کردن .

دوو :

دیدۆخانم داوا لە ئـاینێیاس دەکات کە بەسـەرهاتی خۆی بۆ بگێڕێتەوە . ئـاینێیاس بە دووروودرێژی باسی کارساتی ترۆی بۆ دەکات، ئەسپی تەختە و، کەوتنی بەدەست یونانییەکان و، هەموو شت و، چۆن خۆی و ئەو کەسانەی لەگەڵیدا توانیان دەربچن .

سێ :

ئاینێیاس لەسەر باسەکەی دەڕوات، لە دەریا چییان بەسەرهات و چۆن بە قرطاجە گەیشتن .

چوار :

دیدۆ شاخانمی فینیقی، کە دوای مەرگی مێردەکەی سوێندی خواردبوو قەت دڵ نەدات بە هیچ پیاوێک، بەتەواوی دەکەوێتە داوی عیشقی ئاینیاسەوە و، لەگەڵ ئاینیاس بە خەستی لە چێشتنی دنیای عیشق ڕۆدەچن . بەڵام ئەوە زۆر ناخایەنێت، گەورەی خودایان " یوپیتێر" فەرمان دەداتە ئاینیاس کە پەیامی لەبیرنەکات، دەبێت واز لە دیدۆ بهێنێت و بڕوات، بچێتە ئیتالیا . ئاینیاس دەڕوات و، دیدۆ چیتر ناتوانێ بە بێ ئاینیاس بژیت، ئیدی کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت .

پێنج :

ئاینیاس و هەڤاڵانی، دیسان تووشی گەرداو دەبن . ئەمجارەیان دەکەونە سەرکەناری سقلیە، دەبینن کە وا لەوێ ئاهەنگی " یاریی تەرمان" بۆ گیانی باوکی ئاینیاس دەگێڕن ( دوو پیاو بە چەقۆ زلە-کانیانەوە لەبەرچاوی خەڵک بەردەبنە گیانی یەکتر تاکو یەکێکیان ئەوەکەی تر دەکوژێت، بەوجۆرە خوێنی دەبێتە قوربانیی ڕێزلێنان لە رووحی مردوو،کە ئەوە بۆ پەرینەوە بۆ مەملەکەتی مردووان هێز و گوڕ دەداتە مردووەکە .

– ئیمپراتور ئاوگوستوس ئەو جۆرە نەریتەی زۆر هاندەدا، بە گەرانەوەیەکی پیرۆزی بۆ رۆژگا-ری درەخشان و دەرچوونی نەتەوە لە گەندەڵیی سەردەمی نوێ دادەنا) .

شەش :

ئاینیاس دەگاتە ئیتالیا لە " کومای"( نیزیکی ناوەراستی ئیتالیا )، لەوێ سیبیللا ( کیژی عەزرای داهاتووبین) ی کومای دەبینێت . ئاینیاس سەر لە دنیای ژێرەوە دەدات و باوکی خۆی (ئانکیسەس) دەبینێت .

حەوت :

ئاینیاس و هەڤاڵانی دەگەنە لاتیوم، بەڵام"لاتینوس"ی پادشا، بە هۆی رقی زۆری لە خەڵکی ترۆی، بە شەڕ رووبەڕوویان دەبێتەوە ." تورنوس"ی پادشای روتولییەکانی هاوسێی لاتیوم، ئەویش شەڕی

دژی ئاینێیاس دەکات .

هەشت :

ئاینێیاس، هەڤاڵەکانی بەجێدەهێڵێت و بەتەنیا دەچێتە ئێتروریا ( تۆسکانیای ئێتروسکییەکان) و لەگەڵ پادشاکەیدا (ئێیواندەر) دەدوێت بەڵکو ببن بە هاوپەیمان . حاڵی هەڤاڵەکانی ئاینێیاس، دوور لە رابەریان، بە هێرشی زۆری دوژمنانیان دەشێوێت .

نۆ :

ئاینێیاس دەگەڕێتەوە لای هەڤاڵانی و سەقامگیری دەگێڕێتەوە، دەیەوێت لەگەڵ " تورنوس"دا بچێتە شەڕێکی تەن بە تەن، بەڵام پێکنایەت .

دە :

شەڕ بۆ ماوەیەک دەوەستێنن ( ئاگربەس)، کوژراوان دەنێژرێن یان دەسووتێنرێن . شەڕ دیسان دەستپێدەکاتەوە . ئاینێیاس روو لە شاریلاتینەکان دەکات و هێزێکیسوارەی دوژمن دەشکێنێت .

یازدە و دوازدە :

لەشکری ئاینێیاس هێرش دەکاتە سەر شاری لاتینەکان . ئەمجارەیان شەڕی تەن بە تەن لەنێوان ئاینێیاس و تورنوسدا روودەدات . تورنوس تێدا دەکوژرێت، ئیتر رێگا بۆ ئاینێیاس دەکرێتەوە کە لە لاتیوم جێگیر ببێت . بەشی زۆری پاژی١٢ باسی شەڕی نێوان ئەو دووانەیە، کە حەواسی مرۆڤ ئێجگار زۆر دەباتە جەرگەی شەڕەکەوە، زۆر زیندووە، تا لە دێری٩٥٠ی ئەو دوا بەشەدا ئیتر ئاینێیاس تورنوس دەکوژێت و بە دوو دێری تری دوا ئەوە کتێبەکە کۆتایی دێت .

(٥)

" ئیلیاس"ی هۆمێرۆس بەمجۆرە دەست پێدەکات :

گۆرانیی تورەیی بڵێ، ئەی ئالیهە، تووڕەیی ئاخیلێیوس کوڕی پێلێیوسی کە بەڵای بێژماری بەسەر یونانییان هێنا ...

" ئۆدیسیۆس"ی هۆمێرۆس بەمجۆرە دەست پێدەکات :

پێم بڵێ، ئەی مووزا (مەبەست لێرەدا : ئالیهەی شیعر)، باسی ئەو قارەمانە زیرەکەی کە سەفەری دوور و بەرینی کرد، دوای ئەوە کە شاری ترۆیای بەناوبانگی تاڵان کرد ...

" ئاینێیس"ی لاتینی ڤرجیل بەمجۆرە دەستپێدەکات :

Arma virumque cano, Troiae qui primus ab oris

کاتێک سەیری وەرگێراوی ئەوە بە زمانێکی ئەوروپایی ئەمڕۆ دەکەیت، دەبینیت دەڵێت : گۆرانیی (باسی) چەک و ئەو پیاوە دەڵێم کە سەرەتا لە کەنارئاوەکانی " ترۆی"یـەوە ...

یا : چەک و پیاوێک بە گۆرانی دەڵێم کە سەرەتا لە کەنارئاوی " ترۆی"یەوە ...

ئەوجا من دەڵێم : کەنارئاوی چی ؟ خۆ " ترۆی" لە کەناری ئاو نیە . جگە لەوەش، من وشەیەکی لاتینی بە مانای کەناری ئاو لە دەقی ئەو قسەیەدا نـابینم ( کە لە وەرگێرانە ئـەوروپاییەکاندا هەیە : (coasts, kusten, küsten, côtes, coste… .

دەڵێم با سەیری یەک بە یەکی وشەکان بکەم تا بزانم ئەوانە ئەو کەنارئاوەیان لەکوێ هێناوە ؟

دەبینم ئەوە وەرگێرانی ab oris ـە . Ab = لە؛ oris دۆخی genitive ی" os"ـە = دەم( زار)، لمۆز، دنـدووک، دەموچـاو، روو، لێوەکان، زمان ( هەرتـک : زمانی لە دەمدا و لوغەت)، شـوێنی چوونە ژوور . ئێ دەمئاو کوا ؟ تێدا نیە، کەچی وەرگێرەکان وایان بە باش دیتووە وای لێ بکەن .

ڤرجیل لێرەدا، ئـەگەر لەسـەر رێزمانی لاتین برۆیشتایە دەبوو بیگوتایە : ab ore نەک ab oris، چـونـکە نـاوی بـە دووی ab دا بێت دەبێت لە دۆخی " ablative "دا بێت، نـەک " genitive "؛ ئابلاتیڤی " os"یش " ore"یە . ئەدی بۆچی وای کردووە ؟ چونکە ئەویش و وابووە شاعیرانێکی تـریش ئەوەندە لە ژێر تـەئسیری زمانی یونانیدا بوون، کە لە دارشـتنی رستەشدا کەوتوونەتە دنیای رێزمانی یـونانییەوە، ئەوە بەگوێرەی رێزمانی یونانی وەهای لێ دێت( بەڵام لێرەدا خۆشبەختانە بۆ ئێمە بە رێکەوت لەگەڵ هـەرتـک کـوردی و عارەبییەکەدا رێک دێتەوە) . کەواتە دەبێت ئـەوسـا

ڕێزمانەکەش هێشتا هەر بەتەواوی لە چنگی تەئسیری یونانی دەرنەچووبێت .

arma لە زمانی لاتیندا هەر تەنیا بە شێوەی " کۆ، جەمع " هەیە، " تاک "ی نیە . واتا : چەک (کەواتە : چەکان، چەکانێک، چەکەکە، چەکەکان و ... ئیدیش)، قەڵغان، زرێ، ئامێر، سەربازان، لەشکر، شەڕ، کێشە و هەرا، گوریسەکانی کەشتی . دەکرێت هەر کام لەوانە بێت . شەش دۆخی گەردانیشی بەگوێرەی شوێنی لە ڕستەدا :

arma, armorum, armis, arma, armis, arma

لێرەدا ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر عارەبی، یەکەمەکەیان حەتمەن دەبێت بکرێت بە " أسلحە "؛ وەرگێڕانە ئەوروپاییەکان هەموو هەر وەها بە شێوەی " کۆ "ی وشەکە وەریدەگێڕن arms، هەرچەندە لە ڕووی زمانەوە دەکرێت ئەوە هەر بە تاقە یەک دانە چەقۆی یەک سەربازیش بگوترێت، نە پتر . ئەگەر کەسیکیش لە وەرگێڕانی کوردییەکەیدا بیکات بە " چەک و چۆڵ"، من زۆر گلەیی لێ ناکەم، بە تایبەتی لێرەدا ڕەنگە زۆر لە شوێنی خۆیدا بێت، چونکە خۆ ئاینیاس بۆ ئەو گەشتەی بەتەنیا لە ترۆی دەرنەچووە، خەڵکێکی لەگەڵدا بوون، کەواتە حەتمەن تەنیا " یەک " چەک لەکاردا نیە و، باس لە ژمارەی زۆری چەکانە ( و زرێ و قەڵغان و ... ئیدی) .

لێرەدا دوو شت بە ڕوونی دەبینین کە من ڕاکێشانی سەرنجی شاگردێکی نوێی دنیای ئەدەبیات بەگشتی و، ئەوجا ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوروپایی بەتایبەتی، بۆ هەردوکیان بە گرنگ دەبینم :

یەک- گرنگیی وەرگێڕان لە ئەسڵی زمانەکە، کە تۆ ڤرجیل لە ئینگلیسییەوە وەربگێڕیت، بەتەواوی لە دنیای حەقیقیی نووسینەکەی ڤرجیلدا نابیت .

دوو- هەراویی دەریای بە شڵپ و هوڕی زمان، کەواتە- ئەوەندەیبکرێت - پەلە نەکردن لە کەوتنە سەر وەرگێڕان . ڕەنگە من خۆم پەلە بکەم، بەڵام ئەوە بەهۆی تەمەنمەوەیە، من ئیتر کاتم زۆر لە پێش نیە، ئەمنا دە ساڵێک خەریکی زمان و ئەدەبیاتی ئیتالی دەبووم پێش ئەوە هیچم لێ وەربگێڕایە، پازدە ساڵێک خەریکی زمان و ئەدەبیاتی لاتین دەبووم پێش ئەوە هیچم لەبارەیەوە بگوتایە، بۆ هەر

زمان و ئەدەبیاتێکی تریش، حەزم دەکرد ساڵانێک باش تێدا مەڵەم بکردایە پێش ئەوەی بە لای وەرگێرانیدا بچوومایە . بۆ جەوانان زۆر گرنگە کە پەلە نەکەن، ساڵانێکی باش تێدا بکوڵین و ببرژێن و بسووتێن تا بەتەواوی پێدەگەن، ئەوجا هەم ئەسڵەکە باشتر دەبینن و، هەم لە کارەکەیاندا سەرکەوتووتر دەبن .

(٦)




بەرگی یەکەم چاپی" ئاینییس"١٤٧٠ کە تێدا کراوە بە " ئاینێدۆس"( ئێستا هەر بە" ئاینیید" کورت- دەکرێتەوە). ئاینێیاس خۆی ناوێکی یونانیی کەسێکی مەلحەمەی هۆمێرۆسە، بەڵام دەڵێن لەو سەدە- یەی ڤرجیلدا " ae " ی لاتین بە " ێ " خوێندراوەتەوە . وا لێرەدا، بە شێوەیەکی یونانیی کە لە فەرەنساوە هێنراوەتەوە کردوویانە بە ئاینێدۆس، ئەینا ئاینێدۆس لە ڕێزمانی لاتیندا نیە، هەر حەوت دۆخی ئاینییس لە لاتیندا بەمجۆرەن : Aeneas, Aeneae, Aeneae, Aenean, Aeneam,

Aenea, Aenea ده فەرموو، دوای هەزاروپێنجسەدساڵیش لاتین لە ژێرچنگی یونانی دەرناچێت .
حەوت دێری یەکەم پاراگرافی دەستپێکردنی" ئاینێیس" ی ڤرجیل :

LIBER 1

Arma virumque cano, Troiae qui primus ab oris
Italiam fato profugus Lavinaque venit
litora –multum ille et terris iactatus et alto
vi superum, saevae memorem Iunonis ob iram,
multa quoque et bello passus, dum conderet urbem
inferretque deos Latio; genus unde Latinum
Albanique partes atque altae moenia Romae.

کتێبی ١

بە گۆرانی دەڵێم ئەو پیاوە و چەکی کە لە دەمی ترۆیەوە
قەدەر ئاوارەی کرد، هاتە ئیتالیا و کەنارئاوەکانی لاڤین
لە دەریادا و لە سەر بەژ، چەوسانەوەی زۆری
لەدەست سەروو دیت، بەهۆی ئەوپەڕی دڵڕەقیی ئیونو (جونۆی ئالیهە)
و رەنجی زۆری لە شەڕیش دیت، تاکو شارێک ئاوەدان بکاتەوە
و خوداکانی بهێنێتە لاتیوم، کە نەژادی لاتینی لێوە هات
و، خودایانی ئالبا و شوورە بەرزەکانی رۆما .

لێرەدا بە زنجیرە ئیشارەت بە نەژادی سێ وەجاخ دەکات، کە هەر کامە چیرۆکی خۆی هەیە :
" لاڤین " کە ئاینێیاس خۆی دایمەزراندبێت؛ ئەوجا " ئالبا لۆنگا" کە ئاسکانیوس ( کوڕی ئاینێیاس)

دایمەزراندبێت ( زۆر لە نەجیبزادانی پەرلەمانی رۆما گوتوویانە کە لەو نەژادەن)؛ رۆما کە رۆمولوس و رۆموس ( دوو برای لە نەسلی پازدەیەمی ئاینیاس) دایانمەزرابێت . لە پاراگرافی دووەمدا، سەرسوڕمانی لە کینە و دڵڕەقی خودایان دەردەبڕێت، لە خودای شیعر دەپرسێت :

پێم نالێیت بۆچی شاژنی ئاسمانان ئەو هەمووە بەڵا و نارەحەتییە بەسەر مرۆڤێکی وەک من دەهێنێت ؟ دەکرێت رووحە ئاسمانییەکان کەیفیان بەو هەمووە رقهەستانە بێت ؟

لێرەوە دەچێتە سەر ناوەرۆکی ئەو مێژوویەی کە دەیەوێت بە شیعری بیڵێت . بەڵام بۆ تێگەیشتنی ئەوە و تێکڕای باسەکانی دواتریشی، پێویستە ئاگادارییەکمان لە مێژووی سیاسیی رۆما و زلهێزە-کانی دنیای ئەو سەردەمە هەبێت کە ڤرجیل "ئاینییس"ی تێدا نووسیوە :

رۆما و قرطاجە (لە تونس) لە ساڵانی ٣-٢ی پێشزایندا سێ شەڕی گەورەیان لە نێواندا هەبوون . ئەو دوو پایتەختە بۆ ئەو سەردەمە - تۆبڵێ - وەکو واشنتۆن و مۆسکۆی سەردەمی سۆڤیەت بوون بۆ سەدەی بیستەم . دوو زلهێزەکەی دنیا، کە رەقابەتیان لەسەر ئاغایەتیی بەشی‌گرنگ و ناسراوی ئەودەمەی دنیا، کە زۆرتر لە دەریای ناوەڕاستدا خۆی‌دەدیتەوە، هەبوو . شەڕی یەکەم لە دەریاوە، لە باشوور بوو ( سقلیە)، شەڕی دووەم ئەوەبوو کە " حنبعل " بە فیلەکانییەوە بە سپانیادا و ئەوجا بە چیاکانی "ئالپ" لە باکوورەوە چووە سەر رۆما و، شازدە ساڵێک ترس و وەحشەتی خستە دڵی رۆمانییەکانەوە، تا لە زمانی لاتیندا بوو بە زاراوە : " Hannibal ad portas حنبعل لە بەر دەرگایانە"، وەکو ئەوەی کە دەیانگوت عەجەم لە ورمێ گوتوویانە : سمیتقو هات (سمکۆ هات) .

شەڕی سێیەمیش ئەوەبوو کە رۆمانی چوون سێ ساڵێک ئابلۆقەی قرطاجەیان دا، ئەوجا گرتیان و وێرانیان کرد (١٤٦ی پێشزاین) .

ڤرجیل ئەم" ئاینییس"ـەی دەوری سەدوپازدە ساڵێک دوای ئەو کۆتاییەی قرطاجە نووسیوە، کەواتە بۆ تێگەیشتنی رابردووی رۆما، مەگەر هەر فیلمەکە لە سەری خۆیدا وەها هەڵگێڕێتە دواوە کە چونکە ئەو ویستوویە بێت و رۆما ئاوەدان بکاتەوە، ئالیهەیەکی هۆگری قرطاجە، لە رێگا تووشی

ئەو هەمووە نارەحەتییەی کردووە، ویستوویە پێشی پێبگرێت، چونکە خودایان داهاتوو دەبینن و دەزانن کە ئەگەر ئەو پیاوە بگاتە ئیتالیا و رۆما دابمەزرێنێت، ئەوا ئەو رۆمایە قرطاجە وێران دەکات .

کتێبەکە باسی " ترۆی" دەکات : شارێکی کۆن هەبوو، زۆر دەوڵەمەند و بە شکۆ بوو، خەڵکەکەی بە ئەسڵ لە شاری " صور"ەوە ( لوبنان) هاتبوون ( شاری صور لە تەوراتیشدا مەرکەزێکی زۆر گرنگی بەرزی هەیە) . " ئیونۆ "ی ئالیهە، سەردەمێک " ترۆێ"ی پێ بووکی شارانی دنیا بووە، بەڵام- لێرەدا دەچینە دنیای خودایانی ئەفسانەکان و هەستی ژن لەبارەی جوانییەوە - میر"پاریس"ی ترۆی، جارێک گوتبووی کە " ڤینوس" (دایکی ئاینێیاس) لەو ( ئیۆنو) و لە " منێرڤا "ی ئاتێناش جوانتر بووە، ئیتر ئیونۆ لەوساوە لە سەر ئەوە رقی لە ترۆی و ترۆییەکان هەڵگرتبوو . ئەوەشی بەر گوێ کەوتبوو کە نەژادێک رۆژێک لەو شوێنەوە دەچێت قەڵاکانی "صور" وێران دەکات .

ئاینێیس، گوتمان لەسەر هەمان وەزنی شیعری هۆمێرۆس دانراوە، " هێکسامیتر"( شەشپێ)ی کە ئەمە وێنەیەکی ئەو وەزنەیە بە ئینگلیسی :

*Hurry up, gentlemen, please! There's plenty of gentlemen waiting!*

---

زۆر وادەبێت هەر یەک دێڕ لە ئاینێیس لە گوتارێکدا جێدەکرێتەوە، بەنموونە :

بۆ بێ بڕوایی بە نیازی دوژمن :

Quidquid id est, timeo Danaos et dona ferentes.

ئەو شتە هەرچی بێت، من ترسم لە یونانییان هەیە تەنانەت کە دیارییش دەهێنن .

( هاواری لاکۆئۆن لە خەڵکی ترۆی تا ئەو ئەسپەتەختەیە نەهێننە ناو شار)

" ئاینێیس" (ئاینێیاس، ئاینێید)ی " ڤرجیل"، کتێبی دووەم، دێڕی ٤٩.

چەند جار، کە من پرسیاری کتێبێکی" ڤرجیل"م لە کتێبفرۆشییەک کردووە، کتێبێکیان خستووەتە بەردەمم کە سێ کتێبی" ڤرجیل"ی وێکرا دە بەرگێکدا گرتووەتەوە . کە گوتوومە من یەک کتێبم پرسیار کرد، گوتوویانە : ئاخر ئەوانە هەر سێ گرنگترین بەرهەمی " ڤرجیل "ن و، وێکرا بن جوانە . گوتم رەنگە راستیش بکەن، هەرچەندە من خۆم هەر " ئاینێیس"ـەکەم زۆر پێ لەوانی تر گرنگترە . سێ کتێبەکە : دوو بەش " ئاینێید" ( ئاینێیس، ئاینێیاس) کە هەر بەشەیان شەش بەرگە (بەرگ یا - هەزار گوتەنی- پاژ، لاتینەکە دەڵێت : کتێب )؛ چوار بەرگی" گیۆرگیکا "؛ ١٠ بەش شیعرەکانی" ئێکلۆگا " .

گیۆرگیکا Georgica وشەیەکی لاتینە ؟ نەخێر، یونانییە، واتا "کشتوکاڵی"، یا " شتی(کاروباری) کشتوکاڵ" : گایا = زەوی، ئێرگۆن = کار . بە لاتین بە کشتوکاڵ دەڵێن : ئاگریکولتورا : ئاگری (هی ئاگێر) = هی کێڵگە، کولتورا = چاندن، کەواتە : چاندنی کێڵگە .

دکتۆر نوورەدین زازا وشەی " چاند"ی لەو وشە لاتینە بۆ " فەرهەنگ، کولتوور" داتاشی . گوتی مادام وشەی" کولتوور"ی ئەورووپایی بە ئەسڵ واتا " چاندن"، خۆ با ئێمەش بە کوردی پێی بڵێین : " چاند" . ئیدی پێیانگوت چاند و سەریگرت! ئێستا شێوازی باکوور بەگشتی ئەو وشەیە " چاند، چاندی ..." بە مانای فەرهەنگ، فەرهەنگی ... بەکاردەهێنێت و بە کوردییەکی تەواوی دادەنێت و، دەیخاتە قامووسیشییەوە .

گیۆرگیکا باسی چی دەکات ؟ هەر وەک ئێمە کتێبی جۆرێک قامووسمان بە شیعر هەیە ( نوبهار، ئەحمەدی) و، عارەب " ألفية "ی رێزمانی بە شیعر هەیە، وا " ڤرجیل "یش چوار کتێبی شیعری بە ناوی کشتوکاڵ بۆ چوار شت داناوە :

کتێبی ١ : چاندنی دانەوێڵە و کێڵانی زەوی و ئەو شتانە .

کتێبی ٢ : رەز ( ترێ) .

کتێبی ٣ : ئاژەڵداری و بەخێوکردنی حەیوان .

کتێبی ٤ : بەخێوکردنی هەنگ، هەنگەوانی .

ئایا ئەوانە کاتیخۆی کەڵکێکیانهەبووە ؟ من هەموویم بە وردی نەخوویندووەتەوە، بەڵام لەوەندەی سەیرم کردووە، دە بینم زۆرتر باسی خوداکان و، وەبیرهێنانەوەی ئەفسانەکانی یونان و ... ئەو شتانەیە، بەڵام وادیارە زۆر زانیاریی ئەو سەردەمەشی تۆمار کردوون، من لە باسی" هەنگ"ـەـ کەیدا(کتێبی٤) هێندێک ئاگاداریی باشیم سەرنج دا . ئەو چوارەمەیان رەنگە لە رووی ئەدەبییشەوە جوانترینیان بێت، کە دەڵێت : لێرەوە باسی ئەو دیارییە ئاسمانییە دەکەم کە لە سەرووەوە بۆمان دێت . ژیان و نەریتی دنیای هەنگ وا باس دەکات کە بە بیری ئەو لەوەی مرۆڤ دەکات : هەنگ کار دەکەن، بە پادشا وەفادارن، ژیانی خۆیان بە قوربانی کۆمەڵگە دەکەن ... تا دەمرن و تەنانەت تەواوی کۆمەڵگەیان لەناودەچێت و کۆتاییان دێت . لێرەشدا دیسان دەچێتەوە سەر ئەفسانەی یونان، کە چۆن کاتێک هەنگەکانیش لەناوچوون، دروستکراونەوە ... ئیدی . دیارە باسەکانی بێ دوعا بۆ خودایان و بۆ ئیمپراتۆریش نین .

ڤرجیل ئەو کتێبەی لە سەر داوای وەزیرێکی " ئاوگوستوس " نووسیوە و هەر پێشکەشی ئەویشی کردووە : مایکێناس، کە وەزیری کشتوکاڵ بووە و بە " پارێزەری هونەر" ناسراوە . کاتێک ئاوگوستوس بۆ شوێنێکی دەرەوەی رۆما رۆیشتبێت، ئەو وەزیرەی بۆ بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لە شوێنی خۆی داناوە . دیارە وەزیریش لە سەر سیاسەتی ئیمپراتۆری رۆیشتووە، کە خەڵک هان بدات لە شار برۆن و لە دێهات خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەخێوکردنی هەنگ و ئەو شتانە بن .

ڤرجیل، دڵسۆز و خۆشەویست و نیزیکی ئیمپراتور ئاوگوستوس بووە .

من لێرەدا چەند دێریکی وەردەگێرم، کە وەفاداری و پێبەندیی هەنگ بە پادشای خۆی پێ تەنانەت لە وەفاداری و پێبەندیی چەندین قەوم بە پادشای خۆیان پترە :

میسر، لیدیا، پارتییەکان، میدیاییەکان .

من هێشتا وەرگێرانێکی حەرفیی ئەوەم بە زمانێکی ئەوروپایی نەدیتووە، هەرچیی دیتوومە بە دەستکاریی ماناوە بووە، من هەوڵ دەدەم – ئەوەندەی بکرێت - بە حەرفی چەند دێڕێکی لێ وەربگێڕم :

Praeterea, regem non sic Aegyptus et ingens
Lydia nec populi Parthorum aut Medus Hydaspes
observant, rege incolumi mens omnibus uma est :
amisso rupere fidem, constructaque mella
diripuere ipsae et crates solvere favorum.

ئەوجا جگە لەوەش، نە لە میسر و ... مەزن
لیدیا و، نە لای خەڵکە پارتییەکان، یا هیداسپەسی میدیایی
(خەڵک وەها) کڕنووش بۆ پادشایان دەبەن؛ هەر کە پادشا سەلامەت بێت، هەموویان لە سێبەریدا یەکن :
و ئەگەر پادشا نەما پێبەندییان بە هیچ نامێنێت و ئەو هەنگوینە لێک هەڵدەدڕن
کە خۆیان کردوویانە و شانەکانی تۆرەکەی هەڵدەوەشێنن .

ئەو دێڕانەش وەک زۆر دێری تری ئەم کتێبە، باسی زۆری سیاسییان لەسەر نووسراوە . پڕۆپا-گەندەکردن بۆ کڕنووش بردن بۆ ئیمپراتور ئاوگوستوس لێرەدا زۆر شاردراوە نیە .

" هیداسپەس " هەر بەوە بەناوبانگە کە ناوی رووبارێکی هیندستانە، کە ناوی بەهۆی شەڕەکانی ئیسکەندەری مەکەدۆنییەوە لە مێژوودا زۆر ناسراوە، بەڵام بۆچی میدیایی ؟

لێرەدا لێکۆڵەرەوە دوو تەفسیریان هەن : ڤرجیل بە هەڵە وایزانیبێت هیداسپەس لە وڵاتی میدیایە،

یا ئـەوسا لە میدیاش رووبارێکی بە هەمان ناو هەبووبێت . میدیاییەکان زۆر بە پێبەندی بە پادشا و زیپکوزاکوونی و لانەدان لە قانوونی دەوڵەت باسکراون . ئێستاش هۆڵەندی دەڵێن : ئـەوە قانوونی میدیاییەکان و فارسانە، واتە : ناکرێت جێبەجێ نەکرێت( لە کتێبی ئاینیی جوو وەرگیراوە : دانیال و ئەستێر و ئیدی...) .

شەنگەبێری ساڵی ساڵان لە کوێستانی، لە نێو مەڕی

بۆ مەڕدۆشین هەڵتدەکرد ئەو باسی سپیی مەرمەڕی

یا :

زیرن و کابان و مێرێ ـ دانیشتوون لەبەر بێرێ

ئەستی دەکا هاوێرێ ـ گوڵێ بەرخان دەژمێرێ

یا

( کە ئەمەم لە فەیسبووکدا بڵاوکردەوە، بەڕێز کاک محەمەدی حەسەنپوور، لە کۆمێنتێکدا شیعری " بلوێری شوان "ی وەبیرهێنامەوە) :

نیوەشەوە دنیا خامۆش          دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش

ئاهەنگێکی گیانپەروەرە     شادیهێنە، خەفەتبەرە

ئاهەنگێکی دڵنەوازە          تارە ؟ بۆڵونە ؟ یا سازە ؟

نا، نا، ئاهەنگی بلوێرە         جا وەرە گوێی بۆ رادێرە

هەزار خۆزگەم بە تۆ شوانە ـ کە بەو مانگەشەوە جوانە

دانیشتووی لە رژد و هەڵدێر ـ پەنجە دەبزێوی لە بلوێر

....

ئەو شیعرانەی هێمن ئەگەر لاتین بوونایە، یان وەربگێڕدرانایەتە سەر لاتین، پێیان دەگوتن : شیعری" بوکۆلیکا Bucolica "، کە وشەیەکی سیفەتی لاتینە، کە لاتین لە یونانی وەرگرتووە، لە " بوکۆلۆس"، واتا : شوان، کەواتە : " شیعری شوانی " . ئێ باشە مەگەر لاتین خۆی وشەیەکی بۆ شوان نەبووە ؟ بەڵێ هەیبووە : پاستۆر Pastor، بۆ سیفەتەکەش : پاستۆروس، ئەو هەمووە زمانە ئەوروپاییانەی تریش ئەوەیان بە زمانی خۆیان گونجاندووە و تا رۆژی ئەمرۆش بەکاری

دەهێنن : لە (هێندێک) کلیسا بە کەشە دەڵێن پاستۆر (شوان) و لە ئەدەبیات و هونەردا ئەو هەمووە شیعرە پاستۆرالە و سیمفۆنییە پاستۆراڵەی مووسیقا (بێتهۆڤن، باخ ... ئیدی) هەمووی" پاستۆرال" = شوانی "ین .

وشەی پاستۆرال، ریشەکەی بە گوێرەی قامووسەکەی " پۆکۆرنی" لە : " پا "ی ریشەی هەموو زمانە هیندۆ- ئەوروپاییەکانە، واتا : خواردن پێدان، لەوەڕاندن، کە لە ئینگلیسیدا : food بەنموونە لەوەوە هاتووە، بەڵام یەک دنیا وشە لە قامووسەکاندا دەبینین کە دەڵێن ریشەیان لەو " پا "یەیە : پاستا (ماکەرۆنی و ئەوانە) و پان ( نان) و فۆدەر (ئالیک) و ...ئیدی . قامووسی ئێتیمۆلۆجیی تر (بە نموونە" ئۆن لاین" لە ئینتەرنێتدا) دەڵێت" پا" ریشەی دوو وشەیە، یەکیان ئەوەیە کە پۆکۆرنی دەیڵێت، ئەوەکەی تریش واتا " پاراستن" . کەواتە، ئەگەر ئەو دووانە قەبووڵ بکەین، یا هەر تەنیا " پۆکۆرنی"یەکە، کە بەزەحمەت گومانی لێ بکرێت، ئەوا : " پا " ی لەوەڕاندن، بە شوێنی لەوەڕ و، ئەوکەسەش گەیشتووە کە مەڕوماڵاتی بۆ لەوەڕ بردووە، واتا : شوان .

ئەوجا کە لاتین وشەی " پاستۆر"ی بۆ شوان هەیە، ئەو " بوکۆلیکا "یەی بۆچی لە یونانی وەرگر- تووە ؟ وەڵام : چونکە " ڤرجیل"یش وەکو زۆرانی تری سەردەمی خۆی، یونانیی پێ هەرەگرنگ بووە و، رەنگە ویستبێتی بە فیزێکەوە لافیکی خوێندەوارانەش لێبدات( وەکو ئەو هەمووە وشە ئینگلیسییانەی سەر تەلەفزیۆنەکانی‌کوردستان)، ئیتر ١٠بەش کۆمەڵەشیعری بەو ناوە بڵاوکردووە- تەوە و کردوویە بە مۆدە تا خەڵکێکی تریش وا بەوجۆرە شیعر بڵێن : شوانی . هەرچەندە ئەورووپا چەند سەدەیەکە هەر تەنیا پاستۆرال دەڵێت. زۆرتریش وایە، ناوی ئەو شیعرانەی ڤرجیل، لەجیاتی " بوکۆلیکا"، یا : " پاستۆرال" ، هەر بە " ئێکلۆگس Eclogues " دەبینین!

ئەمە یانی چی ؟ ئەمە بە یونانی واتا: "هەڵبژاردە"، چونکە ئەو دە بەشە هەر هەڵبژاردەیەک بوون لە شیعری پتر(لاتین eklog یونانییەکەی کردووە بە ecloga)، کەچی کە من سەیری قامووسی لاتین دەکەم، دەبینم دەڵێت: ئێکلۆگ واتا شیعری پاستۆرالی ڤرجیل! جا وەرە لەداخانا چەقۆیەک لە

ورگی خۆت رامەکە! ناوبانگی نەفەرێک چی بە زمان دەکات. (چەندی تر، بەنموونە " دانتێ"یش " ئێکلۆگ"ی خۆیان هەیە) . کاک کامەران مەولەوی لێرەدا ئەم کۆمێنتەی هەبوو :

" بە پێی پۆلینی شیعریی ئینگلیس، " پاستۆراڵ و ئێکلۆگ" ئێستا جیاوازن، پاستۆراڵ زیاتر وەسفی ژیانی کۆچەر و دەشتەکییە . ئێکلۆگ : گفتوگۆی نێوان شوانەکانە بە هۆنراوە " .

ڤرجیل چۆن ئەوەی بەبیردا هاتووە کە شیعری شوانی دابنێت ؟ لە خوێندنی ئەدەبیاتی یۆنانییەوە، " تیۆکریتوس" ناوێکی سقلیە(ئەوسا : یونانی گەورە) دووسەد و ئەوەندە ساڵ پێش ڤرجیل هێندێک شیعری لە موحیتی دێهات و شوان و گاوان و جووتیاران نووسیوە و ناوی‌ناون: Eidyllia ئێیدیلیا، " لیا"کە وەکو " یلە"ی بچووککردنەوەیە لە کوردیدا، واتە : eidos ئێیدۆسیلەکان، " ئێیدۆس" واتە " شکڵ"، بە ئینگلیسی : فۆرم، شکڵۆکەکان! چەند شیعری کەمی خنجیلانەی باسی ژیانی دێهات . ئێتر ڤرجیل، لە کەللەی داوە کە دەبێت منیش شتی وەها بنووسم و پەرەی‌پێ‌بدەم، بیگۆڕم و باشتر-یشی بکەم . رەخنەگران دەڵێن کە ڤرجیل لەوەدا سەرکەوتوو بووە، وا ئەوەتا دەبینین ناوەکەشی گۆڕیوە .

شیعری شوانی، چ ئەوەی تیۆکریتوس و چ ئەوەی ڤرجیل، جوان‌کردنی ژیانی دێهاتی تێدایە، دوور لە واقیعی ژیانی دێهاتییان، پیشاندانی رۆمانتیکیکی کە پتر لە سەری شاعیردایە تاوەکو لە واقیعی ژیانی سەختی دێهاتییاندا . " ڤرجیل"یش رەنگە ئەوەی بۆ ئیمپراتور کردبێت، چونکە ئیمپراتور ئاوگوستوس ویستوویە خەڵک هان بدات چیتر نەچنە رۆما، بگرە لە رۆماوە برۆنەوە دێهات .

نموونەی شیعرێکی شوانیی ڤرجیل :

Mirabar, quid maesta deos, Amarylli, vocares
cui pendere sua patereris in arbore poma.
Tityrus hinc aberat. Ipsae te, Tityre, pinus
ipse te fontes, ipsa haec arbusta vocabant.

من پێم سەیر بوو ئاماریلیس، بۆچی ئەوەندە خەمبارانە بانگت لە خودایان کرد

و بۆچی ئەو سێوانە لێگەڕایت هەر وا بە دارەکانی زێدیانەوە بمێننەوە

تیتیروس لە ماڵ ڕۆیشتبوو، خۆ هەمان ئەو کاژانە

هەمان ئەو کانیاوانە، هەمان ئەو باغانە بانگیان دەکردیت .

ئـایلیوس دۆناتوس، نـاوەندی سـەدەی چـوار ژیاوە، رێزماننـاسـێکی زۆر بەنـاوبانگی لاتین بووە و، نـووسـینەکانی لە بارەی زمان و ئـەدەبیات، لە سـەدەکانی نـاوەندیدا، بۆ کلیسـا، شـتێکی لـە بـابـەتی " شـەرحی موغنی"ی بۆ خـوێندنی مزگەوت و خـانەقاکانی وڵاتی ئێمە بووە، بەنموونە : خوێندکار گوتوویانە : لە " دۆناتوس" بوومەوە، وەک کە فەقێی ئێمە گوتوویانە لە " شـەرحی موغنی"یەکەم بوومەوە . دۆناتوس، شـتێکی لە بارەی" ڤرجیل" نووسـیوە، کە بەشـی ژیـننامەکەی بە تـەواوی لێ پارێزراوە و ماوەتەوە . خوێندکاری لاتین، لەوەوە - بەنموونە- فێردەبن یا مەشقی ئەوە دەکەن کە : " ئەو لە یـەکەم کۆنسولیی گنایوس پۆمپیوسی‌گەورە و مارکوس لوکینیوس کراسسوس‌دا لە رۆژی " ئیدێن"ی ئۆکتۆبر لەدایکبووە " واتا :" ڤرجیل١٥ی ئۆکتۆبری ساڵی٧٠ی پێش‌زاین لەدایکبووە" . کتێب زۆر شتی سـەیروسـەمەرە لەبارەی لەدایکبوونی ڤرجیل دەگێڕێتەوە، کە هێندێکی لە چیرۆکی بوودا دەکات : دایکی لە خـەونیدا دیتی کە لەجیاتی منداڵ چڵێکی داری غاری بووە، کە چڵەدار وە زەوی‌کەوت دەستبەجێ شین بوو و بوو بە دارێکی گەورەی کە چەند جۆر گوڵ و میوەی گرتن . رۆژی دوای ئەو خـەونە، لەگەڵ مێردیدا بە رێگاوە بوون، دەچوونە شوێنێکی دەرەوەی شار، ژان گـرتی، خـۆی فرێ‌دایە جۆگـەیەکی پـەنا رێـگاوە و، منداڵەکەی لەوێ بـوو، منداڵ نـەگریـا و، لە دەموچاوی دیاربوو کە داهاتوویەکی رووناکی دەبێت .

ئەوسا کاتێک ژنێک منداڵی دەبوو،عادەت وابوو کە زوو سپیدارێکی دەچەقاند، دایکی" ڤرجیل"یش وای‌کرد، ئەو دارە بە ماوەیەکی زۆرکورت ئەوەندەی ئەو دارانە بەرزبۆوە کە لەمێژەوە چەقێندرا-بوون. ئیتر دارەکەیان ناونا " داری ڤرجیل" و، ژنی دووگیان و، ئەوانەش کە تازە منداڵیان دەبوو، بە پیرۆزیان دەزانی، بە نەزر و دوعا و قوربانی زیارەتیان دەکرد .

ڤرجیل، یـەکەم سـاڵەکانی ژیانی لە " کرێمۆنا"(باکووری ئیتالیا) ژیا، کە تەمەنی بوو بە ١٧ سـاڵ، عابای گۆڕی و، ئیتر " toga virilis عابای پیاو"ی دەبەرکرد، ئـەوش کە لە تـەمەنی ١٧ سـاڵیدا

ئـەوجا وایکرد، ئەوە خۆی جۆرە "عەلامات"ێک بووا! چۆن ؟ ئەو پەڕۆ و پاڵەی سەرەتا نێر و مێ بە عابا لەخۆیان دەهاڵاند، لە فەرهەنگی ئێتروسکییەکان وەرگیرابوو، پێیاندەگوت " تۆگا"، بە حـەرفی واتا : داپۆشین ( پۆشاک، ئێستا پاریزەران لە دادگا و خوێندکاران بۆ وەرگرتنی دیپلۆم ... ئیدی جۆرێکی لێ بەکاردەهێنن و هەر پێیدەڵێن " تۆگا ") . دوایی هەر بۆ کوڕ و پیاوانی ئازاد و خـاوەن مـافی مەدەنیی ڕۆمانیی بوو، کەسی تـری جگە لەوان مافی لەخۆهـاڵاندنی تۆگای نـەبوو . ئـەگەر کەسێکیش لەوانە پاتۆڵێکی کورت( تا سەرچۆک)ـی ئەو سەردەمەی بکردایەتە بەر، کە بە جلوبەرگی بێگـانە دادەنرا، زۆر پیس سـزا دەدرا . لە خـانمانیـش، ئیتر هـەر قـەحبە ڕێگا دەدران جۆرێک تۆگا بپۆشن .

تۆگای منداڵان : " تۆگا پرایتێکستا"، بە حـەرفی واتا " تۆگای پێش چنراو"، مەبەسـت ئەوەبوو کە قەراغەکانی بە شێوەی شریتێکی ئـەرخەوانی چنرابوو، بۆ کوڕانی تا تـەمەن ١٦ بوو، دوایی کرا بە ١٥ و ڕەنـگە ١٤ سـاڵیش بووبێت، ئـەوسـا ئیدی بە پیاو دادەنـرا و، ئـەو تـۆگایەی فڕێدەدا و، " تۆگا ڤیریلیس "ی لە خۆی دەهـاڵاند، کە بە تـەواوی هەر پەڕۆ سـپییەکە و بێ قەراغی چنراو و هەر ڕەنگێکی هیچ شتێک بوو . تۆگا ڤیریلیس بە حەرفی واتا " تۆگای پیاو" . کوڕ کە نوشتەیە- کیشی تا ئەوسا هەڵگرتبوو، بە قوربانی خودای ماڵ و ماڵداری(لارێن Laren ) دەکرد و دنیایەک مەراسیمی تر بەجێدەهات و، ناوی لە تۆماری دەوڵەتدا دەنووسرا، ئیدی ماف و ئەرکە مەدەنییە- کانی (وەکو ١٨ساڵی ئێستای زۆر وڵات) بە قانوون دیاردەبوون .

تۆگای پیاوانیش دوای ئەوە چەند جۆری هەبوون، بۆ مەراسیمی جیاواز و کۆبوونەوەی پەرلەمان و ... ئیدی جیاواز بوون .

ڤرجیل، بە گـوێرەی چیرۆکی ئەم شەرحی موغنییەمان! ، لە ١٧ سـاڵیدا ئـەوجا " تۆگای پیاو "ی پۆشی، کە ڕێک لەوکاتەدا بوو کە هەمان دووکەسـی کە لەکاتی لەدایکبوونی ڤرجیلدا کـۆنسول ببوون، دیسان بوونەوە بە کۆنسول ... جا بزانە! ئەوە بە " عەلامات" دادەنرا!

ڤرجيل كه گەورە بوو و، بژیشکیی خوێند و بوو به بژیشک، ئەسپێكیشی به هەمان جۆرە " عەلامات"ێک! سەیر چارە كردووە... ئیدی لەو قسە سەیرانە . بەڵام شتێكی كه وادیارە ناتوانین گومانی لێ بكەین ئەوەیە كه هەر له مێردمنداڵییەوە شاعیر بووە .

ڤرجیل دوای ئەوە كه بەشی زۆری " ئاینێیس"ی نووسیبوو ( مەلحەمەی وەكو ئەوەی هۆمێرۆس، بۆ فارسەكان شاهنامەی فیردەوسی)، بڕیاری دا بچێت دەریای نێوان یونان و ئیتالیا و بەندەر و كەنارەكانی دەریاكە ببینێت بزانێت ئایا به شیعر چاكی وەسف كردوون، هەقی خۆی داونێ، یان هەستێكی تری نوێی وەهای دەدەنێ كه پێدا بێتەوە و باشتری بكات .

چوو، دیتی و گەڕایەوە، بەڵام نەگەیشتەوە ماڵ، له ڕێگای گەڕانەوەی، له باشووری ئیتالیا، له " پولیا " (ئەوسا پێیاندەگوت: كالابریا) كۆچی دوایی كرد .

سەردەمی ئیمپراتۆر " ئاوگوستوس"ی هۆگری ئەدەبیات، بۆ ئەدەبیاتی لاتین، بە تایبەتی بۆ شیعر، دەکرێت بە سەردەمیعەباسییەکان بۆ ئەدەبیاتیعارەب بەراورد بکەین . پێشتر ئاماژەمان بە ناوی چەند کەسێک کرد کە تێدا چوونە سەر لوتکەی مێژوویئەدەبیاتیلاتین : ڤرجیل، ئۆڤید و...ئیدی . بەناوبانگترین بەرهەمی شیعری ئۆڤید (پوبلیوس ئۆڤیدیوس ناسۆ ٤٣پێشزاین-١٧زاینی) بریتیە لە " مێتامۆرفێسێیۆن لیبری"= کتێبەکانیمێتامۆرفۆسان(مەسخ، بوونی مروڤ بە حەیوان)، کە بە ١٥ بەرگ ( دوازدە هەزار کەم پێنج دێڕ شیعر لە سەر وەزنی هێکسامیتر)، بە٢٥٠ ئەفسانە، مێژوو دەگێڕێتەوە. بەشێکی زۆری چیرۆکی مەسخە، بەڵام چیرۆکیتریشی تێدا هەن، بە نموونە ئەمەیان کە تێدا ئەفسانەیەکی یونانی( پیراموس و تیسبە)ی بە لاتین دارشتووەتەوە و، رەنگە ئەوە ئیلهامی نووسینی"رۆمیۆ و جولییێت"ی دابێت بە شکسپیر . شیعرەکە بەمجۆرە دەست پێدەکات :

Pyramus et Thisbe, iuvenum pucherrimus alter,
altera, quas Oriens habuit, praelata puellis ...

پیراموس و تیسبە، یەکیان جوانترین لاوی جەوان
ئەوەکەی تریش هەڵبژاردەی سەرووی هەموو کیژانی کە رۆژهەڵات هەیبوون
ماڵیان هاوسێ بوون، لەو شوێنە کە دەڵێن سەمیرامیس شاری گەورەی بە شوورەی خشتی سوور دروستکردبوو
هاوسێیەتی بە یەکتری ناساندن و یەکەم هەنگاوی پێ نان
ئەڤین گەورە بوو و، ویستیان بەگوێرەی ئوسووڵ ببنە ژن و مێرد
کەچی باوکەکانیان رێگایان لێ گرتن، بەڵام ئەوەی کە نەیانتوانی رێگای لێ بگرن :
ئەوەبوو کە وەکو یەک بۆ یەکتر گڕ بگرن، هۆشیان لای یەکتر بێت
دوورلەوە کەس پێبزانێت، بە سەر راوەشاندنێک و ئیشارەتێک یەکتریان دەدواند

ئاگر تا پتر دادەپۆشرا، ئاگری داپۆشراو پتر دەگەشایەوە

دیواری نێوان ماڵەکانیان درزێکی بچووکی تێدا بوو

درز هەر لە دروستبوونییەوە هەبوو، بەڵام کەس نەیدیتبوو

بەڵام مەگەر چی هەیە کە ئەڤین نەیبینێت ؟ ئەڤینداران یەکەم کەس بوون دیتیان

لەوێوە رێگایەکیان بۆ گەیاندنی دەنگ پەیداکرد

دەنگیان بێرەدا سەلامەت و بە چرپەی زۆر نەرم دەگەیشت

زۆرجار، کە لە پەنا درزی دیوار دەوەستان، تیسبە لەلایەک و پیراموس لەلایەکەی تر

و بە نۆرە، دەنگی هەناسەی یەکتریان وەردەگرت

دەیانگوت : هەی دیواری حەسوود، بۆچی رێگات لێ گرتووین ؟

چی دەبوو ئەوەندەت بە ئێمە رەوا بدیتایە لێ بگەڕابایت لەشمان یەکتریان بگرتایە ؟

ئەگەر ئەوەشت پێ زۆر بوایە، چی دەبوو درزەکەت هەر بەشی ماچی بکردایە!

بەڵام ناشکوریش نین : ددان بەوەدا دەنێین کە دەنگ لە رێگای تووە بە گوێی عاشق دەگات .

دوای ئەوە کە بێهوودە ئەو قسانەیان لە درزی دیوارەوە دەگوت

بە داهاتنی شەو ئیتر لەهەر لایەوە بە یەکتریان دەگوت : خوات لەگەڵ و بەیەکتریان دەدا

ماچانێک لە هەر دیو(ی دیوارەوە) کە نەدەگەیشتنە دیوەکەی تر

...

چیرۆک بەوشێوەیە دەڕوات، تا دەگاتە ئەوە کە ئیتر سەبریان لێ هەڵگیرا، بەڵێنی ژوانیان دا کە لای گۆڕێک لە پەنا کانیاوێک لە ژێر دارێک بە یەکتر بگەن . کە تاریکی داهات، تیسبە لە ماڵ دەرچوو و، چووە شوێنی کە بۆ ژوان دایاننابوو . شێرێک کە تازە دەمی خستبووە کەلاکی مانگا-یەکەوە، بە دەمی خوێناوی رووی لە کانیاوەکە کرد ئاو بخواتەوە . تیسبە رایکرد و، پەچەکەی لێ کەوتە سەر زەوی. شێر ئاوی خواردەوە و، هێندێک لەوێ لەسەر پەچەکە پاڵکەوت و، پەچەکەی



تابلۆیەکی هونەرمەندی ئینگلیس John William Waterhouse (دەوری ١٩٠٩)

شـڕ و وڕ کرد، دوای ئەوە ڕۆیشـت . کە پیراموس گەیشتە شـوێنەکە، شـوێنی پێی شـێری دیت و، ئـەوجا پـەچـەی وەها دڕاوی دڵبەری دیت، ئیدی وا تێگەیشـت کە شـێر دڵبەری خـواردووە . ئیتر پیراموس خۆی بەسـەر شمشیرەکەی خۆیدا دا و خۆی کوشت .

کـەمێک دوای ئـەوە تیسبە گەڕایەوە و، دڵـداری دە خـوێنیدا دیت، هێندێـک قسـەی لەگەڵ تـەرمی دڵـداریدا کرد و، دوای ئەوە کە دڵدار جارێک چاوی‌کردەوە، بۆ دواجار دڵبەری دیت و دوای ئەوە بۆ یەکجاری وێکی‌نان، تیسبەش بە هەمان شمشیری دڵدارەکەی خۆی کوشت .

## (٢)

## لاتونا و دێهاتییەکان

ئـەم چیرۆکەی مێتامۆرفۆسـێیۆن، شـتێکی منداڵیمی لە مهاباد وەبیر هێنامەوە . کە دەنـگی بـۆقمان دەبیسـتن، دەمانگوت : ئەوە پێکەوە قسـان دەکەن، دەڵێن چی ؟ یـەکێکیان دەپرسـێت و یـەکی دی وەڵام دەداتەوە :

- موڕڕڕد ... موڕڕڕد (مرد)

- کێ موڕڕڕد ؟

- پیرۆت موڕڕڕد!

ئەمەش چیرۆکێک لە مێتامۆرفۆسەکانی ئۆڤید، کە تێدا دەڵێت بۆقەکان چی دەڵێن :

کاتێک " لاتونا " ی ئالیهە ( دایکی ئـاپۆللۆ و دیـانا) و دوو منداڵی زۆر بچووکی لەگەڵدا گەیشتنە سەر ئـاوێک، زۆریان تینوو بوو و ویستیان ئـاو بخـۆنەوە، دێهاتییەکان نـەیانهێشت ئـاو بخـۆنـەوە و تەنانەت جنێویشیان پێ‌دان و، بە چەکمەکانیانەوە چوونە نێو ئاوەکەوە و شلوێیان کرد .

ئیدی لاتۆنا بە لەعنەتی کردن و، دێهاتییەکان بوون بە بۆق!

بـەڵام ئـەوساش، کە ببوونە بـۆق، لە ئـاوەکەدا هـەر جنێویان دەدا و، ئـەوەیە ئێستا و ئێستاش هـەر

جنێوی خۆیان دەدەن .

هێـزی دێـره شـیعرێک لێرەدا کە بە ئەو وەزنە دوا بـەشـی ئـەو قسـانەی ئێرەی دەگێـڕێتەوە، وەها داڕێژراوە وەک دەنگی بۆق بێتە بەر گوێ ( وەک شیعرە فەرەنسییە بەناوبانگەکەی" ئاندرۆماک" کە دەنگی فیشکەی مار لە شیعرێکیدا لە باسی فیشکەی ماردا هەست پێدەکرێت*) .

ئۆڤیدیوس لێرەدا دەڵێت ( بە لاتین) :

Quamquam sunt sub aqua, sub aqua Maledicere temptan

کوامکوام سوب ئاکوا، سوب ئاکوا ماڵێدیکێرێ تێمپتانت

هەرچەندە لە ژێر ئاودا (بوون)، لە ژێر ئاویشدا هەوڵیاندەدا هەر جنێوبدەن .




ئەمە خشتێکی خانوویەکە Prinsengracht 535 لە ئەمستەردام، لەسەری نووسراوە :

Quamquam sunt sub aqua

---

* شیعرە فەرەنسییەکە :     کی سۆ سێ سێرپە کی سیفل سور ڤۆ تێت ؟

Qui sont ces serpents qui sifflent sur vos têtes ?

کێن ئەو مارانەی کە بەسەر سەرتانەوە دەفیشکێنن ؟ ( ســســســـی دەنگی مار) .

## (٣)

## دێوکالیۆن و پیررها

زۆر کارەساتی تەبیعەت کە بەسەر مرۆڤ هاتوون و، مرۆڤ نەیزانیوە بۆچی ئەوانەی بەسەر هاتوون، خودایانێکی بۆ خۆی دروست کردوون و ئەو کارەساتانەی داوەتە پاڵ ئەوان . یەکێک لەو کارەساتانە " لافاو" بووە . کەواتە نەدەکرا مەگەر هەر لە ئەدەبیاتی مرۆڤدا بەوجۆرە لەبەرچاو بوایە : ئەوەتا لە ئەدەبیاتی سومەرییەکان، سامییەکان ( تەورات و قورئان) و یونانییەکان و رۆمانییەکانیشیدا دەبینین .

چیرۆکی " دێوکالیۆن Deucalion و پیررها Pyrrha " یەکێکە لە چەند چیرۆکی ئەفسانەیی " لافاو" لە ئەدەبیاتی یوناندا، لاتینیش کە فەرهەنگی یونان کاوێژ دەکات ناکرێت مەگەر هەر نوسخەی تایبەتی خۆی لێ هەبێت .

" دێوکالیۆن و پیررها " لە مێتامۆرفۆس ( مەسخ)ی" ئۆڤیدیوس"ی شاعیری گەورەی رۆمانیدا شوێنێکی گرنگی لە ئەدەبیاتی لاتیندا هەیە :

گەورەیخودایان" یوپیتێر" و خوداکانی تر بڕیاریان دا غرووری مرۆڤی سەرزەوی بە لافاو سزا بدەن. سەرەتا باهۆزی باشووریان هەڵکرد، کە رێژنەی بارانی هێنا، بەڵام ئەوە مەبەستی نەپێکا .

ئیتر یوپیتێر داوای یارمەتیی لە خودای ئاو و دەریا نێپتونوس کرد .

نێپتونوس خودایانی رووبارەکانی بۆ کۆبوونەوە لای خۆی بانگ کردن .

خودایان هاتن : بەڵێ ؟

چیترتان پێناڵێم، کاتی پێگوتن نەما، هەموو هێز و گوڕی خۆتان وەکاربخەن، دەرگای ماڵەکانتان بکەنەوە، تا هێزی ئاو بەنداو ببات، لغاوی لێ بکەنەوە و بەرەڵای بکەن .

خودایانی رووباران گوتیان: فەرمانی دا واتا فەرمانی دا. ئیتر گەڕانەوە رووبارەکانیان و سەرچاوەکانیان بەتەواویکردنەوە و، ئاوی هەموو ئەو رووبارانە بەوشێوەیە بە خوڕ رژانە دەریایانەوە .

نێپتۆن خۆیشی، شەنە سێ نووکەکەی بەدەستەوە، دابەزییە سەرزەوی، زەوی لە ژێریدا لەرزی و، بەو لەرزەیە چی لەمپەری سەر ڕێی ئاو بوون کرانەوە. رووبار بەسەرکەنارياندا چوون و دەشت و دەریان نقومکرد . ئاو هەمووشتێکی رامالی: داروبار و گیا و گوڵ و ئاژەڵ و مرۆڤ و تەنانەت پەرستگا و پەیکەری خودایانیشی برد . خۆ ئەگەر خانوویەکیش هەبوایە کە بە ئاو نەڕووخایە و خۆی بگرتایە، ئەوا ئاو بەسەر سەربانیدا دەکشا و، دەکەوتە بنی ئاوەوە، بورجەکانیش کەوتنە ژێر ئاوی لافاوەوە . ئیتر سنوورێک لە نێوان رووباران و دەریادا نەما و، کەنار نەمان، دنیا هەمووی بوو بە دەریا . بەڵام دوو کەس لە دنیادا مانەوە : دێوکالیۆن ( پیاو ) و پیررها ( ژن ).

دێکالیۆن ( بە ئامۆژگاریی باوکی خۆی : پرۆمێتیوس – ئەوەی کە ئاگری بۆ مرۆڤ لە خودایان دزیبوو) پێش لافاوەکە کەشتییەکی دروستکردبوو، ئیتر خۆی و پێررها ( کچی مامی) چوونە کەشتییەوە و کاتێک لافاو نەما و، زەوی بەدەرکەوت، کەشتی لە سەر چیای پارناسسوس ( یونان) گیرسایەوە .

خودایا ئێستا چۆن خەڵک بهێننەوە ئەم دنیایە ؟

چوون بزانن خودایان چییان پێ دەڵێن، ئامۆژگاریی تێمیس پێی گوتن (بە لاتین) :


Ossaque post tergum magnae iactate parentis

ئێسکەکانی دایە گەورەتان فڕێبدەنە پشت خۆتان .

سەرەتا، سەریان لەو قسەیە سوڕ ما، دوای ماوەیەک ئەوجا تێیگەیشتن :

ئێسکەکانی دایە گەورە واتا بەردەکانی زەوی، چونکە زەوی دایەگەورەیە .

ئیتر ڕۆیشتن و بە دەم ڕێگاوە بەردیان فڕێدانە پشت خۆیان و، ئەو بەردانەی کە دێوکالیۆن فڕێی دەدان دەبوون بە پیاو و،ئەوانەی پیررها فڕێیدەدان دەبوون بە ژن. ئیدی بەوجۆرە مرۆڤ دیسان لەسەر زەوی پەیدا بوونەوە .




چاپێکی ١٧٣٢ی " ژنە قارەمانەکان یا نامەکان "ی ئۆڤید

ئایا شیعری شاعیر، هەستی راستەقینەی شاعیر دەردەبڕێت یان شیعریش هونەرێکە - بڵێین- وەکو بازیگەریی فیلم و سەر شانۆ، هونەرمەند پێشکەشی دەکات و، شەرت نیە فڕی بە سەر هەستی خۆیەوە هەبێت ؟ دەنووسێت:" ماڵی دنیا چڵکی دەستە" بەڵام هیچ شەرت نیە ماڵی دنیای پێ وەها بێت . یا : شکسپیر حەتمەن دەتوانێت هەستی جینایەتکاران بە شیعر و شانۆ زۆر چاک دەرببڕێت بە بێ ئەوە قەت جینایەتکار بووبێت .

هەر بە راست : مەگەر کەس دەتوانێت هەست بە هەستی کەسێکی تر بکات ؟ چەندە ئەوەی پێ دەکرێت ؟ ئەوجا " پیاو"ێکی پەروەردەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار، دەتوانێت بە رادەیەک هاو- هەستی " ژن" بێت کە بە شیعری دەربببڕێت ؟

رۆما، چەند سەدە پێشزاین، ئێجگار زۆر " پیاوانە" بوو و، ژن تێدا خزمەتکار و چێشت لێنەر و پێداویستی ناو جێگای پیاو بوو ، " هونەری شەڕ" تێدا گرنگ بوو و، فکر و ئەدەبیات و فەلسەفە تێدا بە کاری ژنانەی یونان دادەنرا و، ئەوەی حەزی لەو شتانە بوایە خۆی فێری یونانی دەکرد .

تا لە سەدەی سێیەمی پێش زایندا، نـووسینی بە لاتینیش دەستی پێکرد و، ڕۆما پێش لە دایکبوونی مەسیح بەوە گەیشت کە شەخسی" یولیوس قەیسەر"ی قارەمانی شەڕ و دیکتاتۆر خۆی شانازیی بە نووسینی خۆیەوە بکات. بەڵام تەواوی ئەدەبیاتیلاتین، بێ لە چەند شتێکی زۆر کەم، ئەوەی شیعر و ئـەدەبیاتی لاتین بوو بریتی بوو لە یونانیگوتن بە لاتین، کـاوێـژکردنەوەی یـونان بوو بە لاتین، لاساکردنەوەی یونان بوو بە لاتین، لاتین ئوتووکردن بوو بە ئوتووی فەرهەنگییونان . باس هەر باسی : یولیسیس، دیمۆفۆن، ئاخیلیس و، قارەمانانی تر بوو، کە هەموویان پیاو بوون، خۆ ئەگەر باسی ژنەکانیشیان یا دڵبەرانیان تێدا بهاتایە ئەوا هەر لە پەراوێزدا و، لە چوارچێوەی دنیای پیاوە-کەدا دەهات .

ئۆڤیدی شـاعیریگەورە، کە کەوتبووە دنیای ئەڤین وئەڤینداران، لێرەدا دەستی دا شتێکی نوێ : با هەستی ژن ( یا دڵبەری) ئەو قارەمانانە ببێتە مەرکەزی باس، شیعر لەوێوە بێت، با ئەو ژنـانە لە ڕێـگای شـیعری منەوە نـامە بۆ ئەو قـارەمانانە بنووسـن و، نـاوی کـۆمەڵە نـامەکانیشیان ببێت بە " (ژنە) قارەمانەکان". بە لاتین heros( بۆ نێرینە) و herois ( بۆ مێیینە)، لە یونانییەوە،(هەمان ئەوەیە کە ئینگلیس لە لاتینەکەی وەرگرتووە و کردوویە بە "hero" بۆ نێرینە و" heroine " بۆ مێیینە) واتا " قارەمان، نیوە خودا". ئەوە بۆ تاک،" کۆ"(جمع)ی مێیینەکە لە لاتیندا ( سێ حـاڵەت لە شەش حاڵەتی) دەبێت بە heroides هێرۆیدێس ( بە عارەبی : بطلات) .

ئەوە ناوی پـازدە نامەیە کە ئۆڤید بە شیعر بە ناوی نامەی ژنەکانەوە بۆ مێردەکانی نووسیون، ئەو مێردانەی کە باسمان کردن : یولیسیس، ئاخیلیس و ... ئیدی، نامەی پازدەیەمیان هی سـافۆ خانمی لێسبۆسە . دوای ئەوە شـەش نامەی تریش هاتوونەتە سەر(کە قسەیان لەسەر هەیە)، سێ نامەی لە پیاوانەوە و وەڵامەکانیان لە ژنەکانەوە .

ئەمە چەند دێری یەکەمی نامەی یەکەمیان،کە لە"پینێلۆپێ"(خانم)ـەوەیە بۆ یولیسیس، کە بۆ شەڕی ترۆی چووە، کە بیستساڵێک دەخایەنێت و یولیسیس تێدا لە ژن و منداڵەکەی و ماڵی دوور دەبێت:

Penelope Vlixi

Haec tua Penelope lento tibi mitti Ulixi

nil mihi rescribas attinet : ipse veni!

Troia iacet certe, Danais invisa puellis;

vix Priamus tanti totaque Troia fruit.

o utinam tum, cum Lacedaemona classe petebat,

obrutus insanis esset adulter aquis!

non ego deserto iacuissem frigida lecto,

nece querere tardos ire relicta dies;

...

له " پێنیلۆپی"وه بۆ " یولیسیس"

"پێنیلۆپی" ئەمە بۆ تۆی بەکاوەخۆ دەنێرێت یولیسیس

نەک بۆ ئەوە کە وەڵام بنووسییەوە ، خۆت وەرەوە!

ترۆی حەتمەن ئێستا کەوتووە، جێی رقی کچانی یونانییە

بەڵام - بە من- بە زەحمەت پریاموس و هەموو ترۆی ئەوەیان دەهێنا

ئاخ، دەنا مەگەر کەشتییەکەی بە رێگای لایکێدیمۆنەوە دەبوو

ئەڤینداری فاسق کە وا دە گیری ئاوی تووڕە بهاتایە

نە منیش وا دە جێگای سارد و سڕدا بە تەنیا پاڵ دەکەوتم

نە لە تەنیاییمدا دادەنیشتم گلەیی لەو رۆژگارە بکەم کە بەسەرناچن

...

بە لباد دەبڕێ سەری پیاوی لبادیە کوێرە

یارەبی کەس نەخەیە داوی لبادیە کوێرە

ئەی ئەوەی شاخ بە کەر و باڵ بە پشیلە نادەی

بۆچی سۆمایی هەیە چاوی لبادیە کوێرە ؟

ئەگەر ئەو شیعرەی هێمن بە لاتین بوایە، ئێستا لە مێژووی ئەدەبیاتیلاتیندا بە ناوی" epigram " ئێپیگرام دەماندیتەوە . ئێپێگرام، وشەیەکی یونانییە، بە حەرفی واتا " لە سەر نووسین" ( کاری بە وشەی"ئێپۆس، ئێپیک" نەداوە، ئەو شتێکی ترە). وشەکە سەرەتا هەر بە نووسینی سەر کێلی گۆڕ و، سەر پەیکەران گوتراوە، دوایی بۆ پتر لەوە بەکارهاتووە . ئێستا دەبینین، بە نموونە، کەسێک لە یەکەم لاپەڕەی کتێبێکدا هەر تەنیا چەند وشەیەک، نیو دێڕ، یا دێڕە شیعرێک ... شتێکی وەها دەنووسێت و ئیتر ئەوە ئێپیگرامی ئەو کتێبەیە، ئەوەی لەسەر نووسراوە .
لە ئەدەبیاتی لاتیندا، کەسانێک، نەقڵێکی خۆش، گاڵتەیەک، جنێوێک، تەنزێک ... شتێکی لەو بابەتەیان بە چەند دێڕێک شیعر گوتووە و، ئەوە بە ناوی ئێپیگرام جێی خۆی گرتووە .

" مارکوس ڤالیریوس" ناوێکی سپانیایی، لە مانگی مارتی ساڵی ٤٠ی زاینیدا لە سپانیا لەدایک-دەبێت، ئیتر ناویشی هەر دەبێت بە " مارتیالیس"، بە جەوانی ( تەمەنی ٢٤) دەچێتە ڕۆما و ساڵی ١٠٤ لەوێ کۆچیدوایی دەکات . نووسەر و شاعیر بووە و، بەناوبانگترین بەرهەمی بریتی بووە لە " ئێپیگرامەکان" .
ئەمە وەرگێراوی هێندێک لە ئێپیگرامەکانییەتی :

پۆنتلیانوس گیان دەزانیت بۆچی من دیوانەکانی شیعری خۆمت بۆ نانێرم ؟

لە ترسی ئەوە نەوەکا تۆش دیوانی شیعری خۆتم بۆ بنێریت!

............

پاولا خانم، ناتەوێت مێرد بە پریسکوس بکەیت ؟

ئەوەم هیچ پێ سەیر نیە، زەوقت هەیە

پریسکوسیش نایەوێت تۆ بهێنێت ؟

ئافەرم بۆ ئەو، ئەویش زەوقی هەیە!

............

ماریانوس گیان، هەی بێ عەقڵ

تۆ دەزانیت ئەوە چەند بەتەماحە و چاوی لە میراتە

کەچی وەسیەت دەکەیت میراتت بگرێت

تاکو ئەوسا کە مردیت بۆت بگری ؟

دە ئەگەر بتەوێت بە مردنت چاک بگری، دەبێ هیچی بۆ بەجێنەهێڵیت!

(کورتم کردووەتەوە)

.........

کاندیدوس گیان، تۆ زەوی و زارت هەر تەنیا بۆ خۆت هەیە

پارەت هەر تەنیا بۆخۆت هەیە

قاپ و قاچاغی زێڕت هەر تەنیا بۆخۆت هەیە

باشترین شەرابت هەر تەنیا بۆخۆت هەیە

هەموویت هەر تەنیا بۆخۆت هەیە

کەچی ژنەکەت خۆی بۆ هەموو کەس هەیە!

" کاتوللوس" ٨٤- له نێوان ٥٤ و ٤٧ی پێشزاین ؟ شاعیرێکی زۆر عیشقباز بووه، باشترین شیعری بۆ یەکێک له خانمەکانی نووسیوه، کلۆدیا خانم، که ژنی سەرۆکی شارەوانیی شارێک و خوشکی سیاسەتمەدارێکی- دەڵێن- پۆپولیست( پوبلیوس کلۆدیوس پولکێر Pulcher) بووه . ناوی کلۆدیا خانمی له شیعرەکانیدا کردووه به " لێسبیا"(به یادی سافۆ خانمی شاعیریگەورەی دوورگەی لێسبۆسی یونان - که زاراوەی لێسبی به مانای خانمی هاوجنسگەرا لەوەوه هاتووه) .

ئەمه دوو له شیعرەکانی دیوانی" کارمینا"( گۆرانییەکان)ی که ساڵی ١٥٥٤چاپ کراوه :

Carmen V

Vivamus, mea Lesbia, atque amemus,
rumoresque senum severiorum
omnes unius aestimemus assis!
Soles occidere et redire possunt;
nobis cum semel occidit brevis lux,
nox est perpetua una dormienda
Da mi basia mille, deinde centum
dein mille altera, dein secunda centum,
deinde usque altera mille, deinde centum.
Dein, cum milia multa fecerimus,
conturbabimus illa, ne sciamus,
aut ne quis malus invidere possit,
cum tantum sciat esse basiorum.

گۆرانی – (ژمارە) ٥

با بژین لێسبیا جان و، با لە ئەڤین رۆچین
ورتە ورتی ئەو پیرەمێردە وشکانە
با حیسابی پوولێکیش بۆ نەکەین!
رۆژ ئاوا دەبن و دەتوانن دیسان هەڵبێنەوە
بەڵام ئێمە، کە ئەم رووناکییە کورتەمان لێ ئاوا بوو،
ئیتر دەبێتە شەوێکی خەوی بێ کۆتاییمان .
هەزار ماچم بدەیە، ئەوجا سەد ماچ
دوای ئەویش هەزار ماچ، ئەوجا سەدی دووەم
دوای ئەوەش هەزار ماچی تر و، دیسان سەدی تر
ئەوجا کە بە هەزاران ماچمان کردن
هەموویان وا تێکەڵ و پێکەڵ دەکەین، کە نەزانین چەندن
تاکو ئیدی ئەو لەعنەتییانەش کە ئێرەییمان پێ دەبەن
ژمارەی ماچەکانمان نەزانن تا بەغیلیمان پێ ببەن .

Carmen LXX

Nulli se dicit mulier mea nubere male
quam mihi, non si se Iuppiter ipse petat
dicit : sed mulier cupido quod dicit amanti,
in vento et rapida scribere oportet aqua.

گۆرانی – (ژمارە) ٧٠

خانمەکەم دەڵێت کە نایەوێت مێرد بکات بە کەسێکی
غەیری من، تەنانەت( ئەگەر ئەو کەسە) جوپیتەر(گەورەی خودایان)یش بێت داوای بکات .
وا دەڵێت، بەڵام ئەوەی ژن بە سەوداسەری دەڵێت
نەخشی سەر سروە و سەر ئاوی چۆمی خوڕە

ئەمە بە ژمارە ٥١ لە " گۆرانییەکان"ی کاتوللوسدا دەبینین :

Carmen LI

Ille mi par esse deo videtur,
ille, si fas est, superare divos,
qui sedens adversus identidem te
spectat et audit

dulce ridentem, misero quod omnis
eripit sensus mihi; nam simul te,
Lesbia, aspexi, nihil est super mi
vocis in ore,

lingua sed torpet, tenuis sub artus
flamma demanat, sonitu suopte

tintinant aures, gemina teguntur
lumina nocte.

Otium, Catulle, tibi molestumst:
otio exultas nimiumque gestis.
otium et reges prius et beatas
perdidit urbes.

ئەو پیاوە دەبینم هەر وەک خودا بێت

یا، ئەگەر لێمنەگرن، لە سەرووی خوداشەوە

کە وا لە بەرانبەرت دانیشتووە و، بێ برانەوە

چاوت تێدەبڕێت و گوێت لێ دەگرێت

ئەوەندە شیرین پێدەکەنیت و، رەنجەڕۆ خۆم، هەموو
هۆشم بەوە چۆن لێ دەستێنیت : چونکە ئیدی
لێسبیا، کە وەهات دەبینم، هیچم پێوە نامێنێت
و برستم لێ دەبڕێت

زمان پەکی دەکەوێت و،
گڕێکی خۆش دە گیانم بەردەبێت، دەنگت دەلەرێتەوە
لە گوێمدا و، هەر دوو چاوم
بە تاریکیی شەو دەپێچرێنەوە

بێکارەییت کاتوللوس، قێزەونە
بە بێکارەییت، خۆت خافڵ و سەرقاڵ دەکەیت
بێکارەیی بووە کە پادشایانێک و شارانێکی
بەختیاری لە رابردوودا وێران کردوون .

من ئەوەم لە دیوانی"گۆرانییەکان"ی" کاتوللوس"دا دیت، بەڵام لە شیعرە یونانییەکانی سافۆ خانمی " لێسبۆس"ی یونانددا هەیە ( کە زاراوەی" سافی، لێسبی" بە مانای خانمیهاوجنسگەرا لەوەوە هاتوون، هەرچەندە ئەو خانمە شاعیرە ناودارە رەنگە مەیلی جنسیی بۆ هەرتک جنس هەبووبێت، چونکە سەرچاوەکانی مێژووی یونان زۆرتر هەر باسی ئەو نێوانەیمان لەگەڵ پیاودا بۆ دەکەن و، نێوانی جنسیی لە گەڵ خانماندا هەر گومانی لێ کراوە، نە پتر . بوونی ئەوە بە زاراوە بە ئەم مانایەی ئێستا هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوەیە، نە زووتر) .

زۆر ئاشکرایە کە ئەو گۆرانییەی ژمارە ٥١ی کاتوللوس وەرگرتنی پارچە شیعری ژمارە ٣١ی یونانیی سافۆس خانمە :

φαίνεταί μοι κῆνος ἴσος θέοισιν
ἔμμεν’ ὤνηρ, ὄττις ἐνάντιός τοι
ἰσδάνει καὶ πλάσιον ἆδυ φωνεί-
σας ὐπακούει

καὶ γελαίσας ἰμέροεν, τό μ’ ἦ μὰν
καρδίαν ἐν στήθεσιν ἐπτόαισεν·
ὡς γὰρ ἔς σ’ ἴδω βρόχε’, ὤς με φώναι-
σ’ οὐδ’ ἒν ἔτ’ εἴκει,

ἀλλὰ κὰμ μὲν γλῶσσά <μ’> ἔαγε, λέπτον
δ’ αὔτικα χρῷ πῦρ ὐπαδεδρόμηκεν,
ὀππάτεσσι δ’ οὐδ’ ἒν ὄρημμ’, ἐπιρρόμ-
βεισι δ’ ἄκουαι,

κὰδ δέ μ’ ἴδρως κακχέεται, τρόμος δὲ
παῖσαν ἄγρει, χλωροτέρα δὲ ποίας
ἔμμι, τεθνάκην δ’ ὀλίγω ’πιδεύης
φαίνομ’ ἔμ’ αὔτ[ᾳ.

لەوە دەکات وەک خودا بێت، ئەو پیاوەی

هەرکەسێکی کە هەیە، کورسییەکەی وا نیزیک دەکاتەوە

بەرانبەرت، گوێ رادەهێڵێت

بۆ ئاوازی دەنگت

پێکەنینێکی شیرین، وەک شنەیەک هەڵدەکات
دڵم لە قەفەسی سینگمدا دەلەرێنێت
هەر کە ساتێک سەیرت دەکەم، من
شتێکم پێ ناگوترێت

زمانم لە گۆ دەکەوێت، باریکە
گڕێک لە ژێر پێستمەوە دەمسووتێنێت و پریشک دەهاوێت
تەوژمی خوێن دەڕژێتە گوێیەکانم، ئەوجا
چاوەکانم تاریک دەبن

ئارەقەی ساردم تێدەگەڕێت، و هەموو
لەشم دەلەرزێت، لەپرێکدا ڕەنگ پەڕیوتر
لە گیای هاوین و، لە مەرگ دەترسم و وا هەست دەکەم
کە زۆر نیزیکە .

سافۆ خانم لە دەوری٦٣٠ تا ٥٧٠ی پێشزاین ژیاوە، کاتوللوس لە ساڵی ٨٤ی پێشزاین تا ساڵی ٥٤( یا تاریخێکی نێوان ٥٤ و ٤٧) ژیاوە، کەواتە روونە دووەمەکە لە یەکەمەکەی وەرگرتووە . بەڵام ئایا کاتوللوس ئەوسا گوتوویە کە ئەو شیعرە لاتینەیخۆی دارشتنەوەیەکی شیعرێکییونانیی سافۆخانمە ؟ یا سافۆ خانم و شیعری ئەوەندە بەناوبانگ بوون کە پێویستی نەکردووە بیڵێت ؟ یا شتێکی تری جگە لەو دووانە لە ئارادا بووە ؟ بەداخەوە کە من سەرچاوەی بەشی لێکۆڵینەوەی ئەوەم بۆ وەدەست نەهات، بەڵام ئەوە شتێکی وەبیر هێنامەوە :

شێرکۆی کوڕی" فایق بێکەسی شاعیر"، پیاوێکی دیومخانی سیاسەت بوو لە سلێمانی، دیوانەکانی شاعیرانێکیعارەبی لەپێش خۆی دادەنان : نزار قبانی، محمود درویش، سمیح القاسم، أدونیس و ... ئیدی و، بە کوردی قسەکانی ئەوانی دادەڕشتەوە! و بۆ ئەوە پارەیەکی زۆری لە ئاغاکانی (ماڵی تاڵەبانی) وەدەست دەکەوت( ژنی تاڵەبانی و خوشکەزا و برازا و کوڕی پلک و، خاڵۆزا و برای شیری! و ... چەندی دی درێغییان لێ نەدەکرد، بە پارە ئەنگرا و کە مردیش لە باخچەی گشتیی پایتەختی بنەماڵەی تاڵەبانی نێژرا) .

کاتێک فەرماندەیەکی سەربازیی رۆما دەچووە شەڕێک و دەهاتەوە، دەبوو راپۆرتێک بداتە سێناتوس ( پەرلەمان)، تێدا بنووسێت شەڕەکە ( یا شەڕەکان) چۆن و لە کوێ بووە و، ئەو چیی کردووە و، ئەنجامەکانی چی بوون و هەرشتێکی کە پێوەندیی پێوە هەبووە، بە دوور و درێژی کە بەشی کتێبێکی گرتووەتەوە، بەو راپۆرتە گوتراوە : کۆمێنتاریی commentarii ( بە کۆ )، ( تاکەکەی commentari ).

وشەکە لە cum ی لاتین = لەگەڵ، وێڕای، بە؛ "men"ی ریشەی هیندۆ- ئەورووپاییەوە هاتووە، واتە : " بیر، بیرکردنەوە، بە بیردا هاتن" ( لە گاتاکانی زەردەشت : هو مەن = بیری چاک) .

ئیدی هەرچیی بەبیردا هاتووە، بیرەوەریی بوون و لێکدانەوە و شیکردنەوەی بە بیرداهاتووە پێی- گوتراوە :"کۆمێنتاریی". ئەوە نووسینی هەر باسێک و"داهێنان"ی هەرشتێکی نوێشی گرتووەتەوە و چەند شێوەی وەخۆ گرتووە، لەوە : دەفتەری بیرەوەرییەکان یا تێبینییەکان : کۆمێنتاریوم و، هەر بە مانای تەفسیریش ( من بیرم وەها بۆ دەچێت) ... ئیدی .

ئەو کۆمێنتارییە، هەمیشە بە مەبەستی سیاسی، زێدە جوان دەڕازێندرایەوە و، دەبووە کارتێکی پڕۆپاگەندە و کێشەوهەرای لایەنانی دەسەلاتیش، ئەوجا چەندە بەڕاستی نووسینی فەرماندەکە خۆی بووە و، چەندە چۆن " یارمەتیدراوە"، ئەویش باسێکە . بەناوبانگترین کاری نووسینی یولیوس قەیسەر، کە زۆرترینی مابێتەوە، بریتیە لەو " کۆمێنتارییەی لەبارەی شەڕی" گالیا"وە :

Commentarii de Bello Gallico

bellum = شەڕ( لێرەدا دۆخی داتیڤی تاک دەبێت بە bello)، Gallico = هی" گالیا "(فەرەنسا و بەلجیکا و بەشێک لە سویسرا و لە هۆڵەندا و لە ئەڵمانیا)،کە حەوت بەرگە .

کۆمێنتارییەکی تری لە بارەی شەڕی نێوان خۆی و پۆمپێیوس ٤٨ و ٤٩ی پێشزاین :

کۆمێنتاریی شەڕی ئەهلی Commentarii de Bello Civili، کە سێ بەرگە .

لە نـووسینی خەڵکی ترەوە تێدەگەین کە کتێبی تر و شیعریشی هەبوون و، لەناوچوون .

وەرگێڕانیحەرفیی چەند دێڕێک لە بەرگی شەشەمی ئەو کۆمێنتارییەی لەبارەی شەڕی گالیاوە :

In Omni Gallia eorum hominum, qui aliquo sunt

numero atque honore, genera sunt duo, ...

لە هـەموو " گالیا "، لەو مـرۆڤانەی کە لە رووی ژمارە و گـرنگییەوە، قیـمەتێکیان هەبێت، دوو جۆر هەن : چونکە گەل نیزیکەی هەر بە کۆیلە سـەیردەکرێت، گەل ناوێرێت هیچ بڵێت و هەقی نیە دەم لە هیچ سیاسـەتێک وەربدات . کاتێک کـەسێک لە گەل دەکـەوێتە ژێـر بـاری قـەرز، یا کێشـەی بـاجی دەوڵەت، کە ئەویـش لە زوڵمی کاربەدەستانـەوە دێت و دەکەوێتە تـەنگانەوە، خۆی بە نـەجیبزادان دەفرۆشێت و، نـەجیبزادە ئیدی هەمان مافیان لە ئاستیدا دەبێت کە لە ئاست کۆیلە-کانیاندا هەیانە. بـەڵام ئەو دوو جۆرە(یکە باسکران) بریتین لە : پلیبەکان(چینی ناوەند و خاوەن پیشە) و نەجیبزادەکان، کە سوارەی نەجیبیش - وەکو رۆما- بەشێکن لەو چینینەجیبزادانە، بەڵام درویدەکانیش( پیاوانیئاینی- کێلتی).

ئەوجا ئەم درویدانە وەنەبێت هەر مانایەکیئاینییان هەبێت، ئەوانە حوکمی دادگا دەکەن و مەرکە-زێکی زۆریان هەیە .

مارکوس توللیوس کیکێرۆ Cicero (کە لای ئێمە بووە بە شیشرون)١٠٦-٤٣ پێش‌زاین، گەورە-ترین پیاوی زمانی ئەدەبیاتی‌لاتین لە سەرتاسەری مێژوودا، گەورەترین نووسەری سەردەمی خۆی بە لاتین و گەورەترین خەتیب لە مێژووی رۆمادا. هەرچەندە لە چینی‌نەجیبزادانیش نەبوو، لە کاتێکدا کە سەنا ( پەرلەمانی بەدەسەڵات) هێشتا تەنیا هەر هی نەجیبزادان بوو، ئەو بوو بە ئەندامی و، تەنانەت بوو بە " کۆنسول"یش( لە جێگای سەرکۆماری ئەمڕۆ، دووکەس بەجارێک بە جووتە کۆنسول بۆ ماوەی ساڵێک هەڵدەبژێردران، کۆنسولییەکەی کیکێرۆ چواردەورە پێش ئەوەی یولیوس قەیسەر بوو) .

" کیکێرۆ" واتا " نۆک"!، ئەو لەقەبەی بۆچی وەرگرتووە ؟ دەڵێن پەڵەیەکی بچووک بە شکلی نۆکێک لەسەر لووتی هەبووە). کیکێرۆ ئەگەر بە شەخسیەت و نووسینی ناوبنرایە، مەگەر هەر پێیان‌بگوتایە : بەرزە چیا، یا تەنانەت زنجیرەی چیایان . لە قۆناغەکانی زمانی لاتیندا، ئەوەی لە دەمی ئەو دەرچوو ناونرا قۆناغی زێڕینی پەخشانی زمانی لاتین، ئەوانەی توانییان لاسای بکەنەوە، بوونە بەشێک لە قۆناغی زێڕین، بەڵام هەر لە سەدەی دوای ئەودا بەسەرچوو، ئیتر قۆناغی زیوین هات،ئەوجا ڤولگەر(زمانی خەڵکی رەمەکی)، لە دواییدا لاتینی سەدەکانی‌ناوەندی و کلیسا . بەڵام هەمیشە، هەروەکو عارەب بۆ موعجیزەی زمانەکەیان باسی قورئان دەکەن، کە گوترا بەرزترین نموونەی لاتین ئەوا ناوی " کیکێرۆ" دێت .

کاتێک سێ جەنەڕاڵی سیاسەتمەداری گەورەی رۆما، یولیوس قەیسەر و پۆمپێی و کراسسوس، داوایان لێ‌کرد رەگەڵیان بکەوێت تاکو بە چوار قۆڵی حوکمی رۆما بە زۆر بەدەستەوە بگرن، کیکێرۆ نەیکرد؛هەرچەندە قەیران و کێشەش هەبووبن،لای‌وابوو کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵات لە دەستی چوارکەسدا زیانی زۆر گەورەی لە پرەنسیپەکانی " کۆمار" دەدا .

کاتێک کراسسوس لەو سێیانە مرد، پۆمپێی و یولیوس‌قەیسەریش کەوتنە گیانی یەکتر. هەرچەندە

کیکێرۆ حەزیشی لە چارەی پۆمپێی نەبوو، بەڵام یولیوسقەیسەری بۆ کۆمار بە خەتەرتر دەدیت، لەبەرئەوە رەگەڵ پۆمپێی کەوت و، ئەوەبوو پۆمپێی لە یونان لەبەرانبەر یولیوسقەیسەردا شکا و چووە میسر و لەوێ کوشتیان،ئیتر کیکێرۆ لە بەرەی شکاودا بوو، بەڵام یولیوس قەیسەر بەخشی و رێگای دا بێتەوە رۆما . کاتێک یولیوس قەیسەری دیکتاتور لە پەرلەمان کوژرا، کیکێرۆش لەوێ بوو بەڵام لە قەیسەری نەدا .

بە کوژرانی قەیسەر، یاوەرێکی قەیسەر بە ناوی "مارک ئانتونی" گوتی من تۆڵەی لە کوژەرانی دەکەمەوە ( شکسپیر لە " یولیوس قەیسەر"مکەیدا ئێجگار زۆر جوان ئەو رۆژانەی باسکردووە)، بەڵام لێرەدا کورێکی بەتەبەننیی قەیسەر پەیدا بوو : " ئۆکتاڤیان"، گوتی : من تۆڵەی باوکی خۆم دەستێنمەوە . دوو جەنەراڵ رووبەرووی یەکتر بوونەوە . کیکێرۆ لای وابوو دەکرا ژیانەوەی کۆمار لە رێگای ئەو جەوانەوە بوایە، ئیتر بوو بە لایەنگری ئەو جەوانە و، لە پەرلەمان هێرشی زۆر بەناوبانگی کردە سەر مارک ئانتونی ( بە ناوی " فیلیپییەکان "، زنجیرەیەک باس بە شێوەی هێرشەکانی " دیمۆستێنیس" بۆ سەر "فیلیپ"ی دووەمی باوکی ئیسکەندەری مەکەدۆنی ) .


مارک ئانتونی ئێجگار زۆر رقی لە کیکێرۆ هەڵگرت و، کیکێرۆ بە ئاگری جەنەڕالان سووتا : مارک ئانتونی و ئۆکتاڤیان کێشەی خۆیان خستە لاوە و، لەگەڵ کەسێکی تری بە ناوی"لێپیدوس" رێککەوتن کە بە دیکتاتورییەکی سێ قۆڵی حوکمی ئیمپراتوری رۆما بکەن و، " ئۆکتاڤ"یش بۆ خاتری رێککەوتنی لەگەڵ دووەکەی تر بریاری کوشتنی کیکێرۆی قەبووڵ کرد .

ئیتر خەونی کیکێرۆ بە زیندووکردنەوەی کۆمار کۆتایی هات و، لەشیشی لەگەڵ خەونەکەیدا رۆیشت ... کە هەر باسی ئەو کوشتنە خۆی فەسڵێک دەگرێتەوە :

کیکێرۆ، کە بە بریاری کوشتنەکەی زانی، چووە عارەبانەکەیەوە و وەرێکەوت، بەڵام سەرباز دوایکەوتن و زانی کە دەرناچێت، ئیتر وەستا . بە گوێرەی " پلوتارخوس"ی مێژوونووس (ی یونانی کە ببوو بە هاووڵاتیکی رۆمانی"یش)، کیکێرۆ سەری لە عارەبانەکە دەرهێناوە و بانگی

لە سەربازێک(هێلیننیوس) کردووە کە : شتێکی شایستە لەو کارەدا کە دەیکەیت نیە، بەڵام هەوڵ بدە بە شێوەیەکی شایستە بمکوژیت . ئیتر کوشتی و سەری و دوو دەستی بڕی و، بۆ " مارک ئانتۆنی"ی بردن . مارک ئانتۆنی سەری کیکێرۆی بردە پەرلەمان و دەستەکانی کە" فیلیپییەکان" ی پێ نووسیبوو بە بزمار لە شوێنی گوتارەکان(رۆسترا) داکوتا، دەڵێن تەنانەت ژنەکەی مارک ئانتۆنی دەرزیلەی لە قژی خۆیەوە کردووتەوە و زمانی کیکێرۆی پێ کون- کون کردووە .

تراجیدیایەکی گەورە لە مێژووی رۆما و قەومی لاتیندا و، لە مێژووی گەورەپیاوانێکی کە دەبنە قوربانیی شەڕی کەسانی بەتەماحی دەسەڵات .



کیکێرۆ

هادریانوس (٧٦-١٣٨ی زاینی)، دوا ٢١ساڵی ژیانی، قەیسەری ئیمپراتوریی رۆمانی بوو . لە دوا ساڵی ژیانیدا کە دەردی دڵی هەبوو و دەیزانی دەکرا لە هەر لەحزەیەکی ئەو ساڵەدا بمرێت، پێنج دێڕ شیعری ( دیارە بە لاتین) گوتووە، کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی رۆژئاوادا بە شێوەیەکی سەیر زۆر بەناوبانگ بووە،رەنگە پتر لە چل وەرگێرانی هەر بە ئینگلیسیەهەبن کە زۆرتریشیان بە پتر لە پێنج دێڕ وەریانگێراوە ( یەکێک لەوانە - بەنموونە - وەرگێرانی " لۆرد بایرۆن "ی شاعیریگەورەی ئینگلیسە). چەندین وەرگێرانی بە هۆڵەندی و فەرەنسی و زمانانیتریش هەن . کە سەیری ئەو وەرگێرانانە دەکەیت، دەڵێیت دەبێت ئەوانە وەرگێرانی هەمان یەک شت بن، بەڵام هەمان یەک شتیش نین .

من حەزم کرد بزانم هادریان بە وردی چی گوتووە، دەبینم :

Animula vagula blandula,
hospes comesque corporis,
quo nunc abibis? in loca
Pallidula rigida nudula
nec ut soles dabis iocos.

دێڕی یەکەمی شیعرەکە بە وشەی Animula دەست پێدەکات، Anima واتا" رووح، رەوان" و لەو ناوانەیە کە لە حاڵەتی رووی قسەتێکردنیشدا(ڤۆکاتیڤ، نداء) هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە، کەواتا دەکرێت بە " هەی رووح" وەربگێردرێت . هادریان لێرەدا پاشگری بچووککردنەوەی وێ دەخات، کە دەکرێت بۆ بچووککردنەوە بێت و دەشکرێت بۆ نازپێدانی خۆشەویستی بێت ( کە حەتمەن لێرەدا دووەمەکەیە): " هەی رووحیلە گیان، نازەنین رووح " .

ئەوجا : vaga واتا " ئاوارە (بۆ مێینە، چونکە Anima مێینەیە)، سیفەتێکە لە " ڤۆکاتیڤ"یشدا هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام هادریان ئەویش بە هەمان شێوە بچووک دەکاتەوە: "vagula"

ئاوارەیلە، ئاواریلە .

دوای ئەوە : Blandula، ئەویش بچووککراوەی" blanda" یە، واتا " شۆخی دڵڕفێن، خوێن-

شیرین " .

کەواتە یەکەم دێڕ بە رووکردنە رووحی خۆی دەست پێ دەکات و هەموو شیعرەکە دەبێت بە :

نازەنین رووح، ئاوارە گیان، خوێنشیرین،

هاوڕێ و میوانی لەش،

ئێستا تۆ بۆکوێ دەچیت ؟ بۆ شوێنێکی

رەنگپەڕیو و رەق و رووت

کە ئیدی قسەی گاڵتەی ئاساییت ناڵێیت .

میللەتان، هەر وەک کووتاڵ ئاڵوگۆڕ دەکەن، دینەکانیش لە یەکتر وەردەگرن و، زۆر وادەبێت کە ناوی مارکەیەکی خۆیانی لێدەنێن . ئاینی سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان لە " تورا"(تەورات)-یەکی عیبرانییەکاندا جێی دەبێتەوە و، ئینجیل و قورئان تەواوی دەکەن . " هێرۆدوتوس"ی یونانیی سەدەی پێنجەمی پێشزاین، کە بە باوکی مێژوو ناوبراوە، دەڵێت " هەموو"خوداکانی یونان - جگە لە یەک خودا ( یا دوو - من پێش زۆر ساڵ خوێندوومەتەوە)، لە میسرەوە هاوردە کراون و، ناوی یونانییان بۆ داتاشراون و، دوای ئەوە ئیتر بوونەتە یونانی . رۆمانییەکانیش، بەتایبەتی لە سەردەمی قەیسەرەکاندا، دەرگایان بۆ ئاینان کردبۆوە و، پەیتا پەیتا هاوردە دەکران :

"زێوس"ی یونانی(گەورەیخودایان، خودای ئاسمان و گرمەی هەور) بوو بە ئیوپیتێر(جوپیتەر).

"هێرا"ی یونانی (پارێزەری ژن و هاوسەریی) بوو بە ئیونۆ (جونۆ) .

" ئاتینێ"ی یونانی ( ئالیهەی هونەر و زانست) بوو بە منێرڤا .

" ئارتێمیس"ی یونانی( ئالیهەی راو) بوو بە " دیانا" و بە ئالیهەی مانگی ئاسمانیش دانرابوو .

" پۆسێیدۆن"ی یونانی (ئیلاهی دەریا) بوو بە نێپتونوس .

" دیۆنیسۆس"ی یونانی ( ئیلاهی شەراب) بوو بە باخوس بەڵام " دیۆنیسوس"یش دەگوترا .

" دێمێتێر" ی یونانی (ئالیهەی خۆراک و دنیای ژێرزەوی) بوو بە کێرێس .

" هێرمێس"ی یونانی (ئیلاهی بازرگانی) بوو بە مێرکوریوس ...

....

سەدەی سێی زاینی، ئاینێک لە رۆما زۆر باوی پەیدا کرد کە پێیاندەگوت :" سۆل ئینڤیکتوس" هەتاوی نەبەز "(هەتاوی کە بە سەردا سەرکەوتن victory و لێبردنەوەی ناکرێت) . ئەوە دەبێت هەمان ئاینی میترایی میدیایی بوو بێت، کە لە سووریاوە بۆ رۆما هاوردە کرابێت . ئەوە بە تایبەتی لە لەشکری رۆمانیدا زۆر باوی پەیدا کردووە، سەربازان ئیمانیان پێهێناوە . لە

هەموو پەرستاگاکانیاندا پەیکەری میترا هەبووە کە خەریکی کوشتنی گا(ی رەمزی خراپە)بووە . ( بە لاتین لە یونانی : میتراس . ریشەکەی رەنگە لە " مێی"ی ریشەی هەموو زمانە هیندۆ-ئەوروپاییەکانەوە هاتبێت، واتا : گۆڕین، گۆڕینەوە، نێوان و پەیمان و، لە نەتیجەدا : هەڤاڵ و هەڤاڵەتی . بە شێوەی جیاواز هاتووە : میترا، میتراس، میترام و لە سانسکریتدا : میتراهـ ) .

هیندێک توژینەوەی ژیانیسیاسیی ئەوسای رۆما بۆ ئەوە دەچن کە رەنگەسیاسەتێک بۆ رەقابەتی مەسیحییەت و، هەوڵی رێگاگرتن لە تەشەنەکردنی، ئەوەی ئەوسا لەوێ هێنابێتە ئاراوە . بۆ ئەوە وایان داناوە کە خوداکەی لە ٢٥ی دیسامبر لە دایکێکی عەزرا لەدایکبووە و، لە دوای مەرگ وەکو عیسای مەسیح لە گۆڕەکەی هەڵدستێتەوە، تا بەوە لەدایکبوونەکەیعیسای تێدا ون بکەن، بە هەمان مەبەستی کە ٢٥ی دیسامبریان بە رۆژی لەدایکبوونی " ئۆسیریس"ی میسری و " دیۆنیسوس"یش بڵاوکرووەتەوە .



پەیکەرێکی رۆمانیی سەدەی سێیەمی زاینیی میترا  کە گا دەکوژێت

چەند قسەی لاتین هەن، کە ئیتر بوون بە زاراوە و، تا رۆژی ئەمڕۆش لە نووسین و شیعری ئەوروپاییەکاندا بەکار دێن . خوێندەوارانێک هەن،هەرچەندە لاتینیش نازانن، بەڵام ئەو قسانەیان بە لاتینەکە لەبەرکردوون و، بەکاریان دەهێنن :

(١)

Homo homini lupus

مرۆڤ بۆ مرۆڤ گورگە

چیرۆکی ئەو قسەیە بەمجۆرەیە :

دوو گەورەترین نووسەرانی کۆمیدیای شیعریی لاتین لە ژێر تەئسیری ئەدەبیاتی یونانیدا، بریتی بوون لە : پلانتوس ( دەوری ٢٥١- ١٨٤ پێشزاین) و تێرێنتیوس (١٩٠-١٥٩ پێش زاین) .

پلانتوس، لە پارچە شانۆیەکی شیعریی کۆمێدیایدا، باسی لاوێک دەکات کە ئێجگار زۆر عاشقی کیژێکی دنیای پارە دەبێت . دایکی کیژەکە دەڵێت ئەگەر ئەوەندە لیرەم بۆ بهێنێت( بیست مینا) دەیدەم بە تۆ، دەنا ئەوە کاپتن پارەکەی ئامادەیە و کیژ بەو دەگات .

کوڕ زۆر هەژارە و فلس شکـنابات و عاشقیشە... ئێ بیست مینا لە کوێ بهێنێت ؟ خەمی خۆی بە باوکی دەڵێت. باوک خۆی لاتێکە، بەڵام ژنێکی دەوڵەمەندی هەیە کە بازرگانیی کەر دەکات، کەر دەکڕێت و دەفرۆشێت. پارچە شانۆکەش هەر بەوناوەیە : ئاسیناریا ( لە " ئاسینوس"، واتا : کەر)، ئەگەر من ئەوە بکەمە کوردی رەنگە بنووسم : کەربازاڕ!

باوک بە کوڕی عاشقی دەڵێت : من پارەکەت لە فرۆشتنی کەران بۆ وەدەستدەهێنم و دەتدەمێ، دڵبەری خۆتی پێ بکڕە، بەڵام هەر یەک تاقە مەرجی بچووکم هەیە : ژنەکەت شەوی یەکەمی بۆ من بێت!

لێرەدا پلانتوس دەڵێت : Homo homini lupus هۆمۆ هۆمینی لووپووس (ئێستا زۆرتر هەر وەها دەگوترێت، هەرچەندە دەڵێن کە لە خوێندنەوەی لاتینیدا"H,h" ی یەکەم پیتی وشە ناخوێندر-ێتەوە)، واتا : مرۆڤ بۆ مرۆڤ گورگە!

لەوساوە، پتر لە دوو هەزار ساڵە کە ئەو قسەیەی ئەو لە ئەدەبیاتی رۆژئاوادا گوتراوەتەوە .

"ئیرازموس"یش لە"ئاداگیا"(پەندەکان)یدا دیارە ئەوە زۆر سەرنجی راکێشاوە، بەڵام هەربەگشتی لەلایەن زۆر نووسەر و شاعیر و فەیلەسووفانەوە بەکارهاتووە. بە نموونە" فرۆید" ئەو قسەیەی پلانتوسی پێ راست بووە، " هۆبیس"ی فەیلەسووفی ئینگلیس، بۆ بەشێکی لەگەڵیدا بووە . نووسەران و شاعیرانێکیش هەبوون کە بە زێدە بەدبینیان دیتووە و پێیان هەڵە بووە .

## (٢)

## Senatu deliberante Saguntum perit

## مەجلیس قسەی لێ دەکات، ساگونتوم لەناودەچێت

بۆ ئەو کاتە بەکار دێت کە : گورجکردن لە بریاردا پێویست بێت و، نەمانەوێت کاتی زۆر بگرێت نەوەکا بریارەکە وا درەنگ بکەوێت کە ئیتر کار لە کار ترازا بێت .

چیرۆکەکەی بەمجۆرەیە :

ساگونتوم، ناوی شارۆچکەیەکی سپانیایە، لە کەناری دەریای ناوەراستە، پێش زاین دەوڵەتێک بووە، لە نیزیکی هێڵی نێوان دوو دەسەڵاتی" قرطاجە "(ی ئێستا لە تونس)ی فینیقی و کۆماری رۆما . ساگونتوم لە دیوی دەسەڵاتی قرطاجە بوو و، بوو بە دۆستی رۆمای ئەودیو . قرطاجە ئەوەی پێ قەبووڵ نەکرا و، لەشکری بە فەرماندەیی " حنبعل" ( ئەورووپایی دەڵێن : هانیبال، یا هەنیبل) نارده سەر ساگونتوم . شوورەکانی شار ئێجگار زۆر قایم بوون، رۆمانی هەر بە شارە-کەیان دەگوت"Muri veteres"، واتا " دیوارە کۆنەکان"،(عارەب کە دواتر هاتن لای خۆیانەوە

ئەومیان کرد بە " مرباطر " ) . حنبعل هەشت مانگ ئابلۆقەی دا تا برست لە شار برا، ئـەوجا بۆی گیرا(٢١٩ پێش‌زاین). لەو هەشت مانگەدا، هەرچەندە شار هاواری بۆ یارمەتیی رۆما کرد کە فریای بکەون، بێ فایدە بوو. مەجلیس(سیناتوس)ی رۆما هەر لە باسی ئەوەدا بوو چی بکات و بڕیاری بۆ نەدەدرا . ساگونتوم تازە ببوو بە دۆستی رۆما و لەودیوی هێڵی ئەو سنوورەش بوو کە رۆما لەگەڵ قرطاجەدا لە سـەری رێـککەوتبوو، ئیتر هێندێک سیاسـەتمەدار پێیان وابوو کە ئەوەی نەدەهێنا بۆی بچنە شەڕەوە. ئەوان پێشتر شەڕیان لەگەڵ قرطاجەدا دیتبوو( فینیقی خۆیان گەیاندبووە سقلیە و باشووری ئیتالیا، لە کاتێکدا کە رۆمانی هێشتا لە شەڕی دەریادا قاڵ نەببوون و ئەوە زۆری ئەزیەت دابوون) .

حنبعل، زۆر بە تـووڕەیـی چووە ناو شـار، کەسـانێک لە شـار ئـەزیەتی دۆسـتانێکی قرطاجەیان دابوو و، حنبعل ئێستا دەیویست تـۆڵە لە شـار بکاتەوە . ئەوەی شـانسی هەبوو و تـوانی رابکات، بۆی دەرچوو؛ ئەوەی گیرا و بە کەڵکی فرۆشتن دەهات کرا بە کۆیلە و، ئەوی تریشی کوژرا .

هەزاروپێنجسەد ساڵێک دوای ئەوە، نووسەرانی"رێنێسانس"، لە باسی ئەو رووداوەی رابردوودا ئەو عیبارەتەیان نووسی و ئیتر تا رۆژی ئەمرۆش شوێنی خۆی گرت :

Senatu deliberante Saguntum perit

مەجلیس قسەی‌لێ‌دەکات ساگونتوم لەناودەچێت

(٣)

Caesar non (est) supra grammaticos

قەیسەر لە سەرووی رێزماناسان نیە

( مەبەست : قسەی قەیسەر لە باسی رێزماندا لە سـەرووی قسەی رێزماناسان نیە، با کەسێکیش دەسەڵاتی هەبێت، بەڵام دەسەڵات لە سەرووی زانستی زانایانەوە نیە ." est"ـەکە دەکرێت فڕێ-

بدرێت).

یەکێک لە چیرۆکەکانی باسی مەرگی"سیبویە"(سیبەوەیهـ، بۆنی سێو)، فارسی ڕێزماننناسی زۆر ناودار و گەورەی زمانیعارەبی٧٦٥-٧٩٦ ئەوەیە کە بەهۆی کێشەیەکی لەسەر وشەیەک خۆی کوشتووە . پێی وابووە کە قسەکەی ئەو ڕاست بووە، بەڵام بە بێ ئینسافی(بەهۆی بەرتیل) قسەی بەرانبەر( "علي الكسائي"ی خۆشەویستی"هارون الرشيد") بە ڕاست دانراوە، ئیتر چووەتەوە ماڵ و بە مقەست دەمارەکانی دەستی خۆی بڕیوە و مردووە . دوا ڕستەی کە پێش مەرگی گوتوویە بریتی بووە لە " أموت و في نفسي شيء من حتى"، واتا : دەمرم و شتێک لە " حتى" ( ماناکانی "حتى" و شوێنی لە ڕێزماندا) لە دەروونمدایە( بیری لێ دەکەمەوە و جارێ بەتەواوی بۆم ساغ نەبووەتەوە) . ئیدی ئەوە بووە بە پەندێکی عارەبی : وەکو حەتتای سیبەوەیهـ ( هێندە ئاڵۆزە، خودا دەزانێت چەند مانای زۆری هەن، ڕەنگە تا مردنیش بۆمان ساغ نەبێتەوە) .

ئەو قسەیەی باسی قەیسەر و ڕێزمانیش بەمجۆرە بووە :

ئیمپراتۆرییەکی سەیر لە ئەوروپا، هەزار و شەش ساڵ (٨٠٠-١٨٠٦) هەبوو، کە سنووری دەسەڵاتی ئیمپراتۆر تێدا بە سەر پادشاکانی - گوایا- ئیمپراتۆرییەکەیدا بەدەگمەن دیار بوو . من لە کتێبێکمدا ( لە دنیای دانتێ و دەوروبەری و چەند باسێکی تری کلیسا و ئەدەبیاتی ئیتالی) ڕیشەی ئەوەم باسکردووە کە چۆن دەستی کلیسای تێدا بووە و، تا کۆتاییشی هەر وا ماوەتەوە ( وشەی " پیرۆز"ەکە لە " پاپای ڕۆما" وە دەهات، ئەگەر ئەو نەیگوتبا نەدەبوو) .

یەکێک لەو ئیمپراتۆرە پیرۆزانە، ئیمپراتۆر سیگیسموند، ساڵی١٤١٤ لە کۆبوونەوەیەکدا وشەی Schisma لە ڕستەیەکدا وەها بەکاردێنێت وەک" مێیینە" بێت،( لە ئینگلیسیی ئێستادا schism)، ناهەقیشی نەبووە چونکە زۆرترینی وشەکانی لاتینی کە بە " a " کۆتاییان دێت، مێیینەن .

ئیمپراتۆر نەیزانیوە کە ئەو وشەیە لە یونانی وەرگیراوە و لاتینیش هەر وەکو یونانییەکە بە " بێلایەن- شێوەی سێیەم، نە نێرینە و نە مێیینە)ی دادەنێت . ئیتر هەر لەوێ دەستبەجێ پێیان-

گوت کە تۆ ئەو وشەیەت بە هەڵە بە مێیینە وەرگرت، راستییەکەی ئەوەیە کە " بێلایەن، نە نێرینە و نە مێیینە"یە . ئیمپراتۆر گوتی : من ئیمپراتۆرم و بڕیار دەدەم کە لە ئێستاوە ئەم وشەیە دەبێتە " مێیینە"! . سەرۆکی مەترانانێک هەستا و گوتی :

Caesar non supra grammaticos

قەیسەر لە سەرووی رێزماناسان نیە

بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەکانی زمانی لاتین، چیرۆکێکی لەو بابەتە لە سەردەمی ئیمپراتۆر تیبێریوس (٤٢ پێشزاین- ٣٧ زاینی)دا لە رۆما روویداوە :

ئیمپراتۆر مەرسوومێکی دەرکردووە و، شەو لە سەر جێگا بەبیریدا هاتووە کە وشەیەکی یونانی لەو مەرسوومە لاتینەدا هەبووە و، دەکرێت کەسانێک لەسەر ئەوە هەر تانە لە رەوایی مەرسوو- مەکە بدەن . ئیدی بەیانی زوو، دێت و لە کۆبوونەوەدا دەڵێت : ئەم وشەیە ئیتر، بە فەرمانی من، لەمە بەدوا لاتینە!

زەلامێک،" کاپیتۆ"ناوێک، بۆی دەسەلمێنێت و دەڵێت : بەڵێ، هەرچەندە پێشتریش وا نەبووبێت، بەڵام لە ئێستاوە بە فەرمانی ئیمپراتۆر بە کلاسیکی لاتینی دادەنێین .

کەسێکی تر، بە ناوی " مارکێللوس" هەڵدەستێت و روو دەکاتە ئیمپراتۆر و دەڵێت :

" قەیسەر، تۆ دەتوانیت هەویەتی رۆمانی بدەیت بە مرۆڤ، بەڵام ناتوانیت بیدەیت بە وشە " .

(٤)

Est Est Est

کە وەرگێڕانەکەی بە فارسی دەبێت بە : است است است

زاراوەیەکی زمانی لاتینە کە ساڵی١١١١ پەیدابووە و تا رۆژی ئەمڕۆش لە ئەورووپادا بەکار- دێت . چیرۆکەکەی بەمجۆرەیە :

مەترانێکی ئـەڵمان بە ناوی " یـۆهانەس فوگگەر"، ساڵی ١١١١ بۆ بەشـداریکردن لە ئاهەنگی چوونە سەرتەختی قەیسەری نوێ(هێندریکی پێنجەم) رووی لە رۆما کرد . لە شاری " مۆنتێفیا-سـکۆنێ "ی سـەد کیلۆمیتری باکووری رۆما، "مارتن"ی خزمەتکاری نارد، بە شـاردا بگەڕێت بزانێت چ هوتێلێک باشـە تاکو ماوەیەک لێبمێننەوە و، پێی گوت : هەر هوتێلێکت پێ باش بوو، لە سەر دەرگاکەی بنووسـە : Est ( کە بە رێکەوت هـەمان " است"ی فارسییە، بە ئینگلیسی is، مەبەست: خۆیەتی، ئەمە باشە). ئەگەر شەرابەکەشی زۆر باش بوو، لەسەر دەرگاکەی بنووسە : Est Est ( دوو جار) .

مارتن چوو و گەڕا و نووسی . مەتران دوای ئەوە چووە ناو شار و سەیری دەرگای هوتێلەکانی کرد، دیتی بە خەتی مارتن لە سەر دەرگای یـەکێکیان نـووسرابوو : Est Est Est (سێ جار!) ئیدی تێگەیشت کە ئەو Est ـە زیادە واتە ئەو هوتێلە لە هـەموو رووییەکەوە لە باشیش باشـترە . ئیدی لەوێ مایەوە . مەتران شەرابی ئەو هوتێلەی هێندە بە دڵ بوو، تا دوا هەناسـەی ژیانی هەر لەو هـوتێلە مایەوە و شـەرابی خـواردەوە . کە دوا هەناسەی لێبڕا، هەر لە نیزیکی هوتێلەکەش نێژرا و، ئێستاش ئەو گۆڕەی ماوە کە مارتن لەسەر کێڵەکەی نووسیویە ( بە لاتین) :

"Est Est Est Propter nimium est hic Io Defuk Dominus meus mortuus est".

واتا : ئێست ئێست ئێست، بەهۆی زێدە " ئێست"ـەوە! فوگگەری ئاغام لێرە مردووە .

ئـەو Est Est Est ـە ئێستا زاراوەیـەکە بۆ زێـدە دڵـنیایی لە بـاشـیی شـتێکی ماددی، لە دنیای بازرگانیدا دەبینیت : هوتێل، شەراب ... ئیدی ناونراوە : Est Est Est .

بەڵام بۆ لایەنی مەعنەوییش، کە تۆ زۆر لە باشی و راستیی بۆچوونەکەت دڵنیا بیت دەڵێیت : Est Est Est .

(٥)

Amicus Plato sed magis amica veritas

ئەفلاتوون هەڤاڵە، بەڵام حەقیقەت (لەو) هەڤاڵترە

قسەیەکی ئاریستۆی هەڤاڵ و شاگرد و خۆشەویستی ئەفلاتوون .

( دارشتنەوەیەکی لاتینی سەدەی ١٣ی ئەسڵی قسە یونانییەکەی ئاریستۆ) .

(٦)

Per aspera ad astra

بە سەختییەکاندا بۆ ئەستێران

مەبەست : ئەگەر بمانەوێت بگەینە بەرزی، دەبێت بە رێگای سەختدا برۆین .

(٧)

Dum spiro spero

(تا) هەناسە بدەم هیوا دەکەم

( تا هەناسەم بمێنێت، هیواشم دەمێنێت)

(٨)


Parturitunt montes, nascetur ridiculus mus

لە ژانگرتنی چیایان، مشکێکی پێکەنینهێن لەدایکدەبێت

"هۆراتیوس"ی شاعیری‌لاتین(٦٥ی‌پێش‌زاین-٥٠زاینی) لە Ars Poetica(هونەری‌شیعردانان)-

یدا، کە زۆرتر هەر بە Epistula (نامە) بۆ برایانی Piso ناسراوە، ئامۆژگارییەکی کردووە کە

زۆر بەناوبانگ بووە : با خوێنەر چاوەڕوانیی زێدە نـەبێت، تاکو کارەکەت وای لێنـەیەت وەک چیایەک ژان بکات و لەدواییشدا مشکێکی ببێت!




کاریکاتۆرێکی ژمارەیەکی مانگی ئایار/می١٨٧٢ی حەفتەنامەی ئەمریکاییHarper

(٩)

Hic sudavit sed non frustra

لێرە ئارەقەی رشت بەڵام بێهوودە نەبوو

" لایدن Leiden" شارێکە لە شارەکانی هۆڵەندا. لە ساڵی ١٥٧٥ـەوە زانکۆیەکی زۆر بەرێز و بەناوبانگی هەیە. ئەو زانکۆیە،لەو تەمەنە پرشکۆیەیدا زۆر کتێبی بە زۆر زمانان چاپکردوون، کە زۆر کتێبی عارەبیی گرنگیشیان تێدان. من خۆم بۆ سەرچاوەکانی سەدەی نۆزدەی باسی کورد و کوردستان زۆر کەڵکم لە کتێبخانەکەی وەرگرتووە ( بەنموونە بۆ کتێبەکەی ریچ) . پرۆفیسۆر زورخەر(ی‌پسپۆری تورکناسی) و فان بروونەسن( تورک و کوردناس) لەوێ مامۆستای زمانی تورکی بوون .

ژوورێک لەو زانکۆیە هەیە، بە هۆڵەندی ناوێکی هەیە کە کوردییەکەی دەبێت بە : " ژووری ئارەقە". کە لە پلیکانان بۆی سەردەکەویت، دەبینیت بە زمانی‌لاتین لەسەردەرگاکەی نووسراوە :
Hic sudavit sed non frustra واتە : " لێرە ئارەقەی رشت بەڵام بێهوودە نەبوو" .

کێ؟ ئەوخوێندکارەی کە دیپلۆمەکەی وەردەگرت دەچوو ئیمزای‌خۆی لەسەر دیواری ئەو ژوورە دەکرد. ئەوە زۆرساڵان هەر وا رۆیشتووە، تا دوایی سیاسەت ئەوەی گۆریوە : ئیمزاکردنی ئەوە ئیتر هەر بۆ ناودارانە! ... بەنموونە : چرچل!

هۆلەندا لە١٠ی ٥ی١٩٤٠ تا ٥ی٥ی ١٩٤٥ داگیرکراوی ئەڵمانیای نازی بوو . مەلیکەی وڵات رایکردبوو و لە ئینگلستان دەمایەوە و لەوێوە پشتگیریی پارتیزانانی هۆڵەندیی دەکرد . ئینگلیس، بە رابەریی‌چرچل، زۆر یارمەتیی رزگاریی‌هۆڵەندای دا، ئیتر ئەوەبوو کە زانکۆی‌لایدن رۆژی ١٠ی٥ی١٩٤٦دکتۆرای‌فەخریی لە قانوون دا بە چرچل . چرچل لەو رۆژەدا دیپلۆمەکەی، زۆر ئینگلیسانە بە قسەیەکی‌خۆش بۆ پێکەنین، وەرگرت و چوو ئیمزای‌خۆی لەسەر دیواری"ژووری ئارەقە" کرد. لیستی ناوی ناودارانێکی زۆر لەو زانکۆیە هەیە،کە ئەو دیوارەیان ئیمزا کردووە .

زۆر وشـەی لاتینی کورتـکراوە هەر بە یـەکەم پیت، هەم لە سەردەمی رۆمانییەکاندا هەبوون و، هەم دوایئەوانیش تا رۆژی ئەمرۆ هەر ماونەوە و بەکاردێن، ئەوجا هێتریشی هاتوونەتە سەر، کە مرۆڤ لە خوێندنەوەی بە زمانێکیئەوروپاییدا تووشێان دەبێت، ئەو هەمووە لە قامووسەکاندا بەکاردێن، تـەنانەت لە قسـەی ئاسـاییشدا : ئێی ئێم( پێش نیوەڕۆ)، پی ئێم ( پاش نیوەڕۆ) و ... زۆر لەوانە . ئەوەی کە کورتکراوەی رستەی درێژ بوون، چیتر بەکارنایەن، بە نموونە :

لە ئەوسای رۆمادا نامەیان بەمجۆرە دەست پێکردووە : S.T.E.T.V.B.E.E.V.

کە کورتکراوەی ئەمە بووە : Si tu et tui valetis, bene est, ego valeo

واتە : ئەگەر جەنابتان و ئەوانەی جەنابتان چاک بن، چاکە، من چاکم .

وابووە : .L.S واتە : بۆ خـوێنەر سـەلامەتی ( Lectori Salutem) کە تا رۆژی ئـەمڕۆش لە ئیدارەکانی دەوڵەتی هۆڵەندادا بەکاردێت . یا هەر : S (Salutem) سەلامەتی .

لە کۆتایی نامەشدا : Vale چاک بە، یا : Valete چاک بن .

لە زۆر سەنەددا و وادەبێت ئەمڕۆ لە سەر زۆر بینایەتی سەردەمی ئیمپراتۆریی رۆمانی دەبینین نووسراوە : SPQR کورتکراوەی Senatus Populusque Romanus واتا : سەنا و گەلی رۆمانی . سەنا مەبەست لە " کۆڕی راوێژکارە بەتەمەنەکانی فەرمانڕەوا" بووە .

ئێستا، ئیتالی هەن کە بە گاڵتە ئەم SPQR ـە بە ئیتالی بەمجۆرە دەخوێننەوە :

Sono Pazzi Questi Romani واتە : شێتن ئەم رۆمانییانە!

لە فیلمێکی ئیتالیدا کردوویانە بە : Sono Porci Questi Romani بەرازن ئەم رۆمانییانە!

دەڵێن لە سروودێکیشدا لە ئیتالیا ئەمە هەیە : Soli Preti Qui Regnano تـەنیا کەشـەکان لێرە حوکم دەکەن! وا بووە بە زمانی تریش مانای بۆ داتاشراوە، بەنموونە لە ئینگلیسی و فەرەنسی : ئەو ئیتالییانەی کە لە سـیاحەتگەرانی زۆری رۆما وەڕەز بوون، بە ئینگلیسـی دەڵێن ئـەمە واتە :

So Please Quit Rome دە تکایە لە ڕۆما دەرچن!

نووسەرێکی فەرەنسی کە بە تاسەی دیتنی زۆر شتەوە چووەتە ڕۆما و کە ڕۆمای دیتووە پێی شتێکی ئەوتۆ نەبووە، گوتوویە ئەمە واتا : Si Peu Que Rien ئەوەندە کەم وەک (تو بڵێ)هیچ!

Iov-pater - Jupiter جوپیتێر

دێو، دیۆس، زێوس، یوپیتێر، جوپیتەر .... هەمووی لە " ئیۆڤ"ـەوە هاتوون :

پەرسەندنەکە لە لاتین و یونانیدا بەمجۆرە بووە :

Iov – Iev - Djev

دییڤ واتا : تیشکدەر ( هەم تیشکی رووناکیی رۆژ و هەم برووسکە) .

Djevs, Theos, …Zeus

لە لایەکی تر :

Iov -Iov-pater

ئیۆڤ- پاتێر واتا باوکە ئیۆڤ، لەو قۆناغەدا کە دەسەڵاتی باوک جێگای دەسەڵاتی دایک دەگرێتەوە .

Iuppiter -Iupiter-Jupiter

imperator ئیمپراتور

ئیمپراتور واتا فەرماندە، ئەو کەسەی کە فەرمانکردن imperare ی بەدەستە .

کەواتە : فەرماندەی لەشکرێک، کە سەربازەکانی پێیانگوتووە : ئیمپێراتور .

ئیتر بە زمانی لاتین بە هەر" فەرماندە"یەکی سەربازیی وڵاتان گوتراوە "ئیمپراتور"( ئیمپێراتور imperator). ئەوجا، کە ویستوویانە لە قیمەتی مانای وشەکە کەمنەبێتەوە، گوتوویانە فەرماندە-یەک کە سەرکەوتنێکی گرنگ لە شەڕێک وەدەستدەهێنێت، بەو ناوە دێتەوە رۆما و بە شەقامە-کانیدا دەڕوا و هەرا وهووریای جەماوەری بۆ دەکرێت و، بەو شێوەیە دەچێتە پەرلەمان، ئیدی دوای مەراسیمی پێهەڵگوتنی لە پەرلەمان چیتر ئەو ناوەی نامێنێت . بەڵام ئەدی ئەگەر کەسێکی

وەکو یولیوس قەیسەر دوای گرتنی ئەو هەمووە وڵاتانە بێتەوە رۆما و بچێتە پەرلەمان و بڵێت : من دوای دەرچوونیشم لێرە هەر " ئیمپراتۆر"م، ئەوسا کێ دەوێرێت بڵێت : نا ؟ خۆ ئیمپراتۆر شەقێکی تێهەڵدەدات و بۆ بابی عاقڵ دەکات!

تەنیا وشەی " رێکس rex " لە لاتینیدا بە روونی بۆ " پادشا " هەیە .

ئەو دوو کەسەی کە کردوویانن بە جووتە سەرکۆمار پێیانگوتوون : کۆنسول، یا ئەو کەسەی ( لە ٢٧ی پێشزایینەوە) " Princeps پرینکێپس بووە ( بە لاتین واتا " یەکەم"، بۆ کات و شوێن و مەرکەز و هەموو شت،" Prince پرنس"ی ئینگلیسی لەوەوە هاتووە)، دەکرا هەر کام لەوانە، یا هەر کارمەندێکی گەورەی دەوڵەت، سەرۆکی پەرلەمان، دیکتاتۆریش " ئیمپێراتۆر " بوایە . بەکارهێنانی ناوەکە، سنوورێکی روون و دیارکراوی بۆ نەماوەتەوە . تا دوایی خەڵکی تر کردوویانە بە ناوی پادشای پتر لە وڵاتێک .

لە فەرەنسیدا کە لقێکی لاتینە بووە بە : Impereor، ئێستا : empereur . ئینگلیس ئەوەیان لە لە فەرەنسی وەرگرتووە و کردوویانە بە emperor .

بحث، باس، دبێژم، فابل

لە ئەدەبیاتی کلاسیکی رۆژئاوادا، وشەی" فابل" شوێنێکی زۆر گرنگی هەیە . ئێستا ئیتر زۆرتر هەر بە مانای"چیرۆکی لە سەر زمانی حەیوانان" بەکاردێت : رێوی وای گوت و شێر وایگوت ... ئیدی . فابل لە رووی زمانەوە بەحەرفی واتا : گوتراو! ئەوەش پێوەندیی بە وشەیەک هەیە کە لە ریشەی هەموو زمانە هیندۆ- ئەورووپاییەکاندا هەیە : **$b^heh$** = گوتن، بەڵام لە خوێندنەوەی حاڵەتی جیاوازیدا : بهاسا، باهسا، باهساهـ و ... ئیدی هەرچی شێوەی گۆرانی بەسەر هاتووە : " بـ "یەکە بووە بە " پـ" لە فلانە زماندا، لە لاتینیشدا ( لە ئیتالیی کۆنی پێش پێوەندیی یونانی و ئەوانە) بووە بە " فـ"، ئەو" فـ "یە، وەک زۆر ریشەی تر " ار"ێکی بۆ کردار وێخراوە و بووە

به Fari =" گوتن، قسەکردن، قسە . ئەوە بە چەند گۆڕانێک لە لاتیندا بووە بە فابولا، ئـەوجا بە دوای ئەوە بە " فابل" دەبیبینین .

کەواتە : " ئەز دبێژم "یش، لە ئەز"دبێ" وە هاتووە و لە ڕیشـەی **bʰeh** هیندۆ- ئەوروپاییەکەیە .

بێ، بێژە، بهاهسا، باهسا ... من هیچ لە " باس" دوور نابینم .

وشـەی " بحث "ی عارەبی، ئەوەندەی من ئێستا بزانم، لە یـەک شوێنی قورئاندا هەیە ( فبعث الله غرابا یبحث فی الأرض – المائدە). بەڵام من کە دەڵێم : باسی فڵان شت دەکەم، بۆچی پێم وابێت لە ئەو" بحث"ـەیعارەبی وەرگیرابێت ؟ مەگەر ئەوە لە باهسا، بێ، بێژە بە مانای" گوتن"ـەکەی هیندۆ- ئەوروپایی نیزیکتر نیە ؟

*بۆ ئەو کەسەی کە منی خۆشدەوێت، یا ئەگەر خۆشیشی نەوێم*

*هەر بە چاکە ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکات .*

یولیوس قەیسەری رۆما، ساڵی ٤٧ی پێشزاین، بە شەڕ چووە سەر پۆنتوس ( پادشاییەکی کەناری دەریای رەش) و، بە سەر لەشکری پۆنتوسدا سەرکەوت و، دەنگوباسی ئەوەی لە نامەیەکیدا بۆ دۆستێکی هەر لە ئەو سێ وشەیەدا خولاسەکردەوە : ڤینی، ڤیدی، ڤیکی




واتە : هاتم، دیتم، بردمەوە

ئەوە لەوساوە و تا ئەمڕۆش، لە لایەن زۆر کەسەوە بە زۆر شێوە بەکار هاتووە، کە باسی هەموویان رەنگە زۆر لاپەڕە بگرێتەوە . بەڵام من لێرەدا – بەنموونە- ئاماژەیەک هەر بە یەکێک لەوانە دەکەم :

ڤیکتۆر هوگۆی‌شاعیر و نووسەری‌گەورەی فەرەنسا(١٨٠٢-١٨٨٥)،کاتێک کچەکەی لیۆپۆلدین جوانەمەرگ بوو، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بە دووگیانی لە ئاودا خنکا و، مێردەکەشی کە هەوڵی دا رزگاری بکات لەگەڵیدا خنکا . هوگۆ شیعرێکی بۆ ئەوە ( دیارە بە فەرەنسی) نووسی، بەڵام ناوی ئەو قسەیەی یولیوس قەیسەری بۆ شیعرەکەی هەڵبژارد :  Veni, Vidi, Vici

بەمجۆرە دەستی پێدەکات :

J'ai bien assez vécu, puisque dans mes douleurs
Je marche sans trouver de bras qui me secourent,
Puisque je ris à peine aux enfants qui m'entourent,
Puisque je ne suis plus réjoui par les fleurs ;

من ئێستا زێدە ژیاوم ئیدی لە خەمەکانمدا،
کە بە رێگادا دەڕۆم، قۆڵێک نیە هێزم بداتە بەر
کە بەدەگمەن بەوە پێدەکەنم کە منداڵان دەورم دەدەن
کە ئیدی چیتر کەیفم بە گوڵ نایەت

...

شیعرێکی ئێجگار زۆر رۆمانتیک، تێدا وا دەبینێت کە هات و هەمووی دیت ژیان چ خەمێکە و ئیتر تەواو .

بەمجۆرە کۆتایی پێدەهێنێت :

O seigneur ! ouvrez-moi les portes de la nuit,
Afin que je m'en aille et que je disparaisse!

دە خودایا، دەرگاکانی شەوم بۆ بکەوە
تا ئیدی بڕۆم و ون ببم ( کۆتاییم بێت و ببڕێتەوە) .

منیش چەندە خەیاڵم کردووە، بە پێشمەرگەیی، بە سەرکەوتوویی بچمەوە مهابادی ئازاد و، لە شوێنێکی گشتی بە خەتی گەورە بنووسم : Veni, Vidi, Vici

ئەگەر ئەوە بە نسیبی من نەبێت، مرۆڤێکی بەختەوەری کە ئەوەی بە نسیبدەبێت، ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکات، ئەو سێ وشەیەم بە خەتی درشت لە شوێنێکی مهاباد بۆ بنووسێت . ئەگەر هەر بە تەباشیریش بێت و هەر بۆ یەک سەعاتیش بمێنێتەوە قەیدی نیە، بەڵام ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکات و، ئەو وەسیەتەم بۆ بەجێبهێنێت .

---

ئەم وەسیەتەم ٢٣ی ٨ی ٢٠١٨ لە فەیسبووک بڵاوکردەوە، کەسێک بە مێسنجەر نامەیەکی لە " مهاباد"ەوە بۆ ناردم، وێنەیەکی وێرا بوو کە تێدا" ڤینی، ڤیدی، ڤیکی - شێرکۆ هەژار" لە سەر دیوارێک نووسرابوو . لە پاڵ وێنەکەدا نووسیبووی کە ئەوەم لە فلانە شوێن لە چوارچرا بۆ تۆ نووسی . دیارە من ئەوەم بۆ رۆژی رزگاری داناوە، بەڵام هەستی جوانی نەتەوەیی ئەو بەرێزە، ئێجگار زۆر کاری تێکردم، فرمێسکی خۆم پێ رانەگیرا و، بۆ دەبەرچاوگرتنی ئاسایشی ئەو کوردە لە نیشتمانی داگیرکراودا باسم نەکرد، نەوەکا - خودا نەکات- تووشی کێشەیەک ببێت . ئەو کوردە بەوە ویستی دڵنیام بکاتەوە کە رزگاربوونی نیشتمان و بەجێهاتنی وەسیەتەکەم هیچ گومانی تێدا نیە، ئێمە لای خۆمانەوە بە رووح هەمیشە ئازاد دەمێنینەوە، تەنیا کۆت و بەندێکی لە دەرەوە هاتووە رێگای ژیانی ئازادی لێ گرتووین، وای دابنێ هەر لەئێستاوە ویستەکەت شوێنیخۆی گرتووە و هەر مەسەلەی کاتە کەی بە ئاشکرا و رەسمی رادەگەیەندرێت .

# Geştêk bo Dinyay

# Mêjû u ziman u Edebyatî Latîn

Nûsînî : Şêrko Hejar

2019